# ئەنفال و
# رەهەندە سۆسیۆلۆجی‌یەکانی

## توێژینەوەیەکی تیوری و مەیدانی‌یە

ئامادەکردنی : توێژەری کۆمەڵایەتی
محەمەد رەئوف عبدالعزیز

Mrkurd76@yahoo.com
3193112 - 07501520700 - 07701415950

سلێمانی



www.pertwk.com

**پێشکەشە بە :.**

- **حەزرەتی دایکم ...... کە سۆزوو خۆشەویستی فێرکردم .**
- **هەموو ئەوانەی بوونەتە قوربانی شالأوەکانی ئەنفال .**



www.pertwk.com

# پێرستی بابەتەکان

## بابەت

پێشەکی
بەشی یەکەم : لایەنی تیوری
تەوەرەی یەکەم : دیاری کردنی چەمك و زاراوەکان
یەکەم : زاراوەی سۆسیۆلۆجی
دووەم : چەمکی پرۆسەی ئەنفال
سێیەم : چەمکی ئەنفال
چوارەم : زاراوەی جینوساید
تەوەرەی دووەم : پیادەکدنی جینۆسایدو شالأوی ئەنفال
یەکەم : جینۆسایدیکوردو بەراییەك بۆ پرۆسەی ئەنفال
دووەم : پلان دانان بۆ جێبەجێکردنی شالأوەکە
سێیەم : قۆناغەکانی جێبەجێکردنی شالأوی ئەنفال
چوارەم : زیانەکانی شالأوی ئەنفال
پێنجەم : چارەنوسی ئەنفالەکان
تەوەرەی سێیەم : دەرهاویشتە سۆسیۆلۆجییەکانی پاشماوەی ئەنفال
یەکەم : ئۆردوگاو دەستپێکی گرفتە کۆمەلأیەتییەکان .
دووەم : کاریگەرییە کۆمەلأیەتییەکانی ئەنفال لەسەر ژنان .
سێیەم : کاریگەری ئەنفال لەسەر هەلوەشانی کۆمەلگەی کوردی
بەشی دووەم : لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە
تەوەرەی چوارەم : نەخشەدانان و جێبەجێکردنی رێبازی توێژینەوەکە
یەکەم : رێبازیتوێژینەوەکە
دووەم : سنوری توێژینەوەکە
سێیەم : فۆرمی توێژینەوەکە
چوارەم : گیروگرفتی توێژینەوەکە



www.pertwk.com

پێنجەم : نمونەی توێژینەوەکە
تەوەرەی پێنجەم : خستنە روی ئەنجامی توێژینەوە مەیدانییەکە
یەکەم : ئەنجامە گشتییەکان
پێشنیارەکان
سەرچاوەکان
پاشکۆکان

## ا/ پێرستی خشتەکان

**خشتە**

1. شوێنی نیشتەجێی خێزانەکانی نمونەکە .
2. نمونەی لێکۆڵینەوەکە بەپێی رەگەز .
3. نمونەی توێژینەوەکە بەپێی تەمەن و رەگەز .
4. باری کۆمەڵایەتی توێژینەوەکە .
5. ئاستی خوێندنی نمونەی توێژینەوەکە .
6. دابەش بوونی ئەنفالکراوەکان بەپێی رەگەزو تەمەن .
7. باری گوزەرانی خێزانەکانی نمونەکە .
8. باری هاوسەری نمونەی توێژینەوەکە بەپێی رەگەز .
9. باری هاوسەری کردنەوەی پاشماوەی ئەنفال .
10. باری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەپاشماوەی ئەنفالدا .
11. کاریگەری ئەنفال لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بونیادی خێزانی .
12. کاریگەری ئەنفال لەسەر گۆڕانی داب و نەریتی پاشماوەکەی ئەنفال .
13. کاریگەری ئەنفال لەسەر دروست بوونی نەخۆشییە دەرونییەکان .
14. کاریگەری ئەنفال لەسەر پەرتەوازەبونی خێزانی ئەنفال .
15. تێڕوانینیخەڵك بۆ کەس وکاری پاشماوەی ئەنفال .
16. سەرپەرشتیاری خێزانی لە ( پاش و پێش) شاڵاوی ئەنفال .
17. جۆرو شێوەی یارمەتی بۆ کەس وکاری پاشماوەی ئەنفال .
18. هەست کردن بەبایەخنەدان بەکەس و کاریئەنفال .
19. هیوای گەڕانەوەی ئەنفالەکان لەلایەن کەس و کاریانەوە .



www.pertwk.com

## ب/ پێرستی نەخشەكان

**نەخشە**

1. سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی پیشان ئەدات .
2. ناوچە بەعەرەب كراوەكانی كوردستان دیاری دەكات .
3. ناوچە راگوێزراوەكانی كوردستان دیاری دەكات .

## ج/ پێرستی پاشكۆكان

**پاشكۆ**

1. بڕیاری (160)تایبەت بەدانانی عەلی حەسەن مەجید بەلێپرسراوی باكوری عێراق .
2. راسپاردەی نوسینگەی باكوری حیزبی بەعس تایبەت بە پرۆسەی ئەنفال .
3. بەیانی كۆتایی ئەنفالی یەك لە 1988/3/19 .
4. رۆژنامەی هاوكاری 1988/3/21 .
5. روژنامەی الثورة 20/ ئازاری /1988 .
6. روژنامەی هاوكاری 1988/4/4.
7. بەیان نامەی رێكخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی تایبەت بە كوردستانی عێراق .
8. دەقی وەلآمی دیوانی سەرۆكایەتی كۆماری عێراق بۆ (عاصی مستەفا ئەحمەد).
9. بەڵگەنامەی تایبەت فرۆشتنی كچانی ئەنفال بەمیصر .
10. فۆرمی راپرسی توێژینەوەكە .



www.pertwk.com

## سوپاس بۆ:.

- د. دلێـر ئەحمـەد کـە سەرپەرشـتی توێژینەوەکـەی گرتـە ئەسـتۆ, وە بـەڕێزان ( د. مۆفـەق دەرگەڵـەیی و مامۆسـتا صـابیر بـەکر بۆکـانی و مامۆســتا ڕەئــوف کــەریم ) کــە بــە هاوکــاری و تێبینیــەکانیان توێژینەوەکەیان بە پێزترکرد .
- وە مامۆستایان ( صالح و عەزیز و ڕەسوڵ )ی برام و هاوڕێیـانم ( ئومێـد ڕەفیق و بێسـتون ژاڵـەیی و هـەردی مەهـدی ) و ( شـۆخ )ی هاوسـەرم کـە هاندەرو یارمەتی دەرم بونە لە بە پایان گەیشتنی ئەم بەرهەمەدا.



www.pertwk.com

**زانكۆی سلێمانی**

**كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان**

**بەشی كۆمەڵناسی**

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن ، ئەم لێكۆڵینەوەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندكارەكەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنە كانی تری كردو بڕیارماندا كەشایەنی ئەوەیە بە پلەی ( زۆر باش ) بڕوانامەی بەكالۆریوسی لە زانستی ( كۆمەڵناسی )دا پێبدرێت .**

**بەسەرپەرشتی**

**د. دلێر ئەحمەد**

**ئەندام** **ئەندام**

د. موفەق دەرگەڵەیی
م. صابر بەکر

**لەلایەن بەشی کۆمەڵناسییەوە پەسەندکرا**

سەرۆکی بەش
م. ئاسو ئیبراهیم

**پێشەکی** :

تاوانی جەرگبڕی ئەنفال گەورەترین کارەساتی ترسناك بوو کە بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجام درا . لەلایەن رژێمی تۆتالیتاری رەگەز پەرستەوە بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتی گەلی کوردو سڕینەوەی گشت شوێنەوارێکی کلتوری و ناسنامەی نەتەوەیی ئەم میللەتە ، ئەم کارەساتەش گەورەترین زیانی مادی و مەعنەوی بە گەلی کورد گەیاندو کاری گەری زۆری لەسەر ئێستاو دوارۆژی گەلی کورد جێ هێشتووە .

پرۆسەی ئەنفال هەوڵدانێکی ستراتیژی رژێمی بەعس بوو بۆ شێواندنی سەرجەم رەهەندەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گەلی کوردستان , ئەنفال سەرەڕای لەناوبردن و بێسەرو شوێن کردنی هەزاران ژن و منداڵ و پیرو گەنج ,لە هەمان کاریگەری و ئاسەواری نەگەتیفی لەسەر کۆمەڵی کوردەواری و ژیانی کۆمەلأیەتی خەڵکی کوردستان جێهێشتووە , ئەویش بەهۆی سوتماککردنی خاکی کوردستان و بەتالأنبردنی سەروەت و سامانی , وە لەدوای پرۆسەکەش پاشماوەی ئەنفالەکان لە ئۆردوگاکاندا نیشتەجێ بوون و روبەروی دەیان کێشەو گیروگرفتی کۆمەلأیەتی و ئابوری و سایکۆلۆجی بونەتەوە تاکو ئێستا پێوەی دەناڵێنن.

پرۆسەو شالأوی ئەنفال بە پلان و نەخشەی جۆراوجۆرەوە جێبەجێکراو لە هەموو رویەکەوە پلانی بۆ داڕێژرابوو ،هەروەك بەکارهێنانی ووشەی ئەنفال بۆ ئەو شالأوە جۆرێکە لە پلانی رژێم ، ئەنفال ناوی سورەتی هەشتەمە لە قورئان و بەمانای زیادە دەسکەوت دێت . بەلأم رژێم بۆ ئەم شالأوە نەگریسە بەکاری هێنا کەلە 1988/2/23


www.pertwk.com

دەستی پێکرد تا 1988/9/6 ی خایاند ، شالأوەکە سەرجەم ناوچە گوند نشینەکانی کوردستانی گرتەوە و بەوە هۆی وێران کردنی سەرجەم گوندەکان و بێسەرو شوێن کردنی (182)هەزار مرۆڤی کورد

ئەمەش زیانێکی ئێجگار گەورەی بەگەلی کورد گەیاند , سەرەڕای لەناوبردن وبێسەروشوێنکردنی دەیان هەزار ژن و منالٚ وپیرو گەنج , هەموو ئەوانەش کەلەدوای کارەساتەکەوە بەجێماون بۆنەتە قوربانی ئەو پرۆسەیە .

ئەم شالأوە کاریگەرییەکی ئێجگار مەترسی داری لەسەر بوارەکانی ژیانی کورد جیٚ هێشتووە ، ئەمەش هەرلەسەرەتای شالأوەکەوە نەهامەتییەکان دەستی پێکرد . تاکو ئەمرۆش هەربەدەوام لە چارە نەهاتووە و دەیان گیروگرفتی کۆمەلأیەتیو سایکۆلۆجیو ئابوری بۆ کۆمەلگەی کوردەواری جیٚ هێشتووە ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەفاکتەری سەرەکی بوو بۆ لێك هەلٚوەشان و پەرتەوازەبونی کۆمەلٚی کوردەواری و تێکدانی داب و نەریت و ترادسیۆنی کۆمەلٚی کوردەواری , هەروەها دەیان نەخۆشی کۆمەلأیەتی و سایکۆلۆجی دروست کردووە.

کەتاکو ئێستاش چارەسەر نەکراون و بەپێی پێویست هەولٚ نەدراوە بۆ کەمکردنەوەی گرفت و کێشەکانیان .

ئەم توێژینەوەیەش ئەرکێکی نیشتیمانی و ئەخلاقی بوو کەهانیدام هەلٚبیژێرم و ناوی بنێم (ئەنفال و رەهەندە سۆسیۆلۆجییەکانی) پرۆسەی ئەنفال تەنها هێرشێك نەبوو بۆلەناو بردەن و شوێن بزرکردنی مرۆڤی کورد بەلٚکو گەورەترین زیانی مادی بەم میللەتە گەیاندو سەرجەمی رەهەندە ئابوری و کۆمەلأیەتیو دەرونیەکانییەکانی ئەم میللەتەی تێکشکاندو شێواندی .

هەروەك دەبینین شوێن بزرکردنی سەدان هەزار مرۆڤی کوردو چارەنوسیان تاکو ئیستا گەورەترین گرفتی بۆ کۆمەلٚی کوردەواری دروست کردووە و بەشێکی زۆری کۆمەلٚی کوردەواری لەبەردەم چاوەڕوانی و دلٚەراوکێدان ، وە لەئەنجامی ئەم شالأوەدا هەزارن خێزان توشی پەرتەوازەیی و هەلٚوەشانەوە هاتوون .

گرنگی ئەم بابەتە لەوە دایە کەلە دیاردەیەك دەکۆلٚێتەوە تاوەکو ئیستا جێگەی باس و لێدوانە ، سەدان گیروگرفتی کۆمەلأیەتیو سایکۆلۆجی بۆ کۆمەلٚی کوردەواری دروست کردووە ، بەلأم لەگەلٚ ئەوەشدا زۆربەکەمی تاکو ئیستا توێژینەوەی زانستی لەسەر کراوە و دەتوانین بلٚێین لەشوێکی ئەکادیمی وەکو زانکۆی سلێمانیدا ئەم بابەتە یەکەم توێژینەوەی زانستییە لە بەشی کۆمەلٚناسی کە تەرخان کراوە بۆ باسکردنی کارەساتی ئەنفال و کێشەو گرفتەکانی ئەم شالأوە . وە رێگە خۆشکردنێکە بۆ توێژەری دیکە بۆ ئەوەی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بەم کارەساتە ئەنجام بدەن لە هەموو رەهەندە سیاسی و کۆمەلأیەتی و دیموگرافی و ئابورییەکانیەوە . ئامانجی توێژەر لەم توێژینەوەیە خزمەتکردنە بە کێشەو گرفت و ئاسەوارەکانی پرۆسەی ئەنفال لەبەر ئەوەی هەولٚدان بۆنەهێشتنی رفت و ئاسەوارە نەگەتیفەکانی ئەنفال ، هەولٚدانە بۆ چارە سەرکردنی برینێك لە جەستەی کۆمەلٚی کوردەواری .

هاوکات هەولٚدانە بۆ دوور خستنەوەی ترسناکی ئەم کارەساتە لەسەر ئێستاو دواڕۆژی میللەتەکەمان و دەرخستنی ئاسەوارە کۆمەلأیەتییەکانی ئەم شالأوەو کاریگەری لەسەر ستروکتوری کۆمەلأیەتی کۆمەلٚی کوردەواری .

هـەر بۆیـە چـەندین راسـپاردەو پێشـنیار دەخەینـە روو بەمەبەسـتی چـاککردنی بـاری ژیـانی کـەس و کـاری ئەنفالەکان و باشکردنی ئاسەوارەکانی ئەم شالآوە ، هەروەها هیچ توێژینەوەیـەکی زانسـتی نیـیە بـەبێ گیروگرفـت ئەنجام بدرێت بەتایبەتیش ئەگەر بابەتەکە بۆ توێژینەوەیەکی مەیدانی بێـت ، ئـەم توێژینەوەیـەش چـەندان گرفتـی هاتۆتە رێ ، لە سەرو هەموشیانەوە نەبونی سەرچاوەی زانستی کە پشت بە ئامـارو زانسـتی نـوێ ببەسـتێ لەسـەر رەهەندە کۆمەلآیەتی‌یەکانی ئەنفال لەناوچەی گەرمیانـدا هێنـدەی مـن ئاگـادار بم لـەکتێبی (جینۆسـاید لەعێراقـداو پەلامارەکانی ئەنفال بۆسەر کورد و تونی مەرگ و رەهەندە کۆمەلآیەتی‌یەکانی تاوانی ئەنفال ) کەبەشێوەیەکی‌زۆر کەم هەندێ ئامـاریان خستۆتەروو ، هیچ سەرچاوەیەکی ترنیـە بـاس لـە رەهەنـدە کۆمەلآیەتی‌یـەکانی ئـەنفال بکـات لەناوچەی گەرمیاندا .

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی‌یەکو دوو بەشی سەرەکی و پێنج تەوەرەو ئەنجام و پێشنیارەکان پێکهـاتووە ، لەبەشی یەکەمدا باس لەلایەنە تیوری‌یەکـەی دەکـات . لەتـەوەرەی یەکەمـدا دەسـت نیشـانی چـەمکو زاراوەکـان دەکات ،ئەمیش زاراوەی جینۆسایدو چەمکی ئەنفال و پرۆسەی ئەنفال رون دەکاتەوە .

وە لـە تـەوەرەی دووەمـدا بـاس لـە پیـادەکردنی جینوچسـایدەکانی پـێش کارەسـاتی ئـەنفال کـراوە لەگـەڵ پراکتیزەکردنی قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفال لەتەوەرەی سێ‌یەمدا باس لـە ژیـان و گـۆڕەرانی ئەنفالـەکان دەکـات و دەرهاویشتە کۆمەلآیەتیەکانی پاش ماوەی ئەنفال شی دەکاتەوە .

بەلآم لەبەشی دووەمدا کەلایەنی مەیدانی‌یەکەیە ئـەمیش لـە سـنوری ناوچـەی گـەرمیان وقـەزاو ناحی‌یـەکانی ( چەمچەمال , کەلار ، کفری ، شۆڕش ، رزگاری ، تەکی‌یە ) وەرگیراوە بۆ راپرسی‌یەکەو کۆکردنـەوەی زانیاری‌یـەکان لەسەر بابەتەکە .

لەم بەشەداو لەتەوەرەی چوارەمدا تیشـك دەخاتـە سـەر نەخشـەدانان و جێبـەجێکردنی رێبـازی توێژینەوەکـە باس لە سنورو نمونەو فۆرمی توێژینەوەکە دەکات ، لەتـەوەرەی پێنجەمـدا ئـەنجامی توێژینـەوە مەیدانی‌یەکـە لـە خشتەکاندا دەخاتە روو پاشانیش بە خستنەروی ئەنجام و پێشنیارەکان و پاشکۆکان کۆتایی دێت .

لە کۆتایی‌دا توێژەر هیوا خوازە کە توانیبێتی بەم بابەتـەی بۆشـایی‌یەکی لـە توێژینـەوەی ئـەکادیمی لـە بـواری سۆسیۆلۆژیادا پڕکردبێتەوە . وە هیچ توێژینەوەیەکیش بێ کەم و کوڕی و ناتـەواوی نابێـت ، تـەواویو بـێ کـەم و کوڕی تەنها بۆ خودای گەورەیە .

# بەشی یەکەم

## لایەنی تیۆری

## تەوەرەی یەکەم

## دیاری کردنی چەمك و زاراوەکان



www.pertwk.com

## یەکەم : زاراوەی سۆسیۆلۆجی
## دووەم : چەمکی پرۆسەی ئەنفال
## سێیەم : چەمکی ئەنفال
## چوارەم : زاراوەی جینۆساید

### 1- زاراوەی سۆسیۆلۆژی :

پرۆسەی ئەنفال گەورەترین دەردەسەری لەجەستەی کۆمەڵی کوردەواریدا دروست کردووە و دەیان گرفت و نەخۆشی بۆپاشماوەکەی جێهێشتووە ,شوێنەوارەکانی ئەو پرۆسە نەگریسە بەروخساری هەموو ئەو مرۆڤانەوە دیارە کە کەپروشکی ئەنفال گرتویانەتەوەو تاکو ئێستا چارەسەر نەکراون . هەربۆیە بۆناسینی رەهەندە کۆمەلآیەتییەکانی ئەنفال پێویستمان بە شیکردنەوەی وشەی سۆسیولۆجی دەبێت .

زەمینەی دەرکەوتن و بە کارهێنانی ئەم وشەیە بۆ یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵناسی بەناویانگ (ئۆگەست کونت) کە بەدامەزرێنەری (سۆسیۆلۆژی) دادەنرێت ، کە لەساڵی (1843) بۆچونەکانی خۆی پێشکەش کرد بەناوی سۆسیۆلۆژییەوە (Sociology) کە لە لێکدانی دوو وشەیە یەکەمیان (Societas)ی لاتینی کە واتای (کۆمەڵ)


www.pertwk.com

دەبەخشێت , دووەمیان (Logos)ی یۆنانی بە واتای (زانی) یاخود (زانست) دێت ، وە هەردوو وشەکە پێکەوە بەواتای (کۆمەڵناسی یا کۆمەڵزانی) دێت "1".

کەواتە سۆسیۆلۆژی ئەو زانستەیە کە هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵ و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتگیرو تەواو ، وە (ئۆگەست کۆنت) سۆسیۆلۆژی کردووە بە دوو بەشەوە :

1- ستاتیکی کۆمەڵایەتی : تایبەتە بە توێژینەوەی مەرجە بنەڕەتییەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی .

2- داینامیکی کۆمەڵایەتی : تایبەتە بە توێژینەوەی مەرجە بنەڕەتییەکانیجوڵە یا گۆڕان یا پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی .

وە ئەتوانین بڵێین کۆمەڵناسی گرنگی ئەدات بە لێکۆڵینەوەی ئەو تۆڕە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە ، هەروەك پرۆفیسۆری( جۆرج زیمل) پێناسەی کۆمەڵناسی دەکات و پێی وایە ( ئەو زانستەیە کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی تۆڕی پەیوەندییەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان کە لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان و دامەزراوەکاندا روودەدات بە هەموو جۆرە جیاوازەکانییەوە )"2".

وە کۆمەڵناسی دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوەی هەموو ژیانی مرۆڤ بە شێوەیەکی تەواوکاری دەکات و ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتیانەشی کە شێوەی هەڵسوکەوت و رەفتاری مرۆڤ دیاری دەکەن هەروەك زانا (Beth Hess etal) پێناسەی سۆسیۆلۆژی دەکات کە بریتییە ( لە لێکۆڵینەوەیەکی سیستماتیزەکراوە بۆ رەفتاری مرۆڤەکان و کۆمەڵەکان ، وە ئەو کۆمەڵگایانەی کە تاکەکان تیایدا گەشە دەکەن و ئینتیمایان هەیە بۆی )"3".

لێرەوە ئەتوانین بڵێین کە سوسیۆلۆژی ئەو زانستەیە کەلە سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هۆکارو ئەنجامەکانی دەکۆڵێتەوەوە لێکۆڵینەوەی ئاستە جیاوازەکانی رەفتارو پەیوەندییەکانی نێوان تاکو کۆمەڵەکان دەکات ، هەروەك (ماکس فیبەر) پێی وایە : کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە کە هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی رەفتارە کۆمەڵایەتییەکان . "4"

کەواتا کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە کە هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیری سەرجەم دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و وە هەموو پێك هاتەو بونیادەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵگەو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کەتاکەکان تیایدا گەشەدەکەن و وە هەڵس و کەوت ورەفتاری رۆژانەی تاکەکان و پەیوەندی نێوانیان .

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لەناسینی ( سۆسیۆلۆجی ) بریتییە لەو کاریگەریە کۆمەڵایەتیانەی کەبەهۆی پرۆسەی ئەنفالەوە رووبەروی کۆمەڵی کوردەواری پاشماوەو کەس و کاری ئەنفالەکان بوّتەوەو تاکو ئێستا ئەو کاریگەریانە بەروخسارو شوێن و کاری رۆژانەیاندا دیارە, ئەمیش هەرلە تێکشکاندنی داب و نەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان وپەرتەوازەبونی خێزان و ئاستی بژێوی ژیانیان و خزێندن و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان و دەروونییەکانی پاشماوەی ئەنفال .

## 2- چەمکی پروسەی ئەنفال :

پرۆسەی ئەنفال ئەو پرۆسەیەیە کە رژێمی بەعس ، بە پلان و ئامادەکاری تەواوەوە بەرامبەر بە میللەتی کورد پیادەی کرد بە ئامانجی سڕینەوەو لەناوبردنی مۆرکی نەتەوایەتی گەلی کوردو لەناوبردنی هەموو شوێنەوارێکی کولتوریو ناسنامەی میللەتی کورد .



www.pertwk.com

کەواتا پرۆسەی ئەنفال : ( گەورەترین پرۆسـەی سـەربازی و سیاسـی‌یە "بـەلانی کەمـەوە لەسـەدەی بیسـتەمدا بۆلەناو بردن و سەرکوت کردنی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردو سڕینەوەی هەموو شوێنەوارێکی چـەکداری‌و پشتگیری جەماوەری و شوێنەواری کەلەپوری و کەلتوری و ئـەتنۆگرافی و دیمـۆگرافی گـەلی کـورد کەلـە دوا شـەش مانگی جەنگی گەرمی نێوان عێراق و ئێراندا ئەنجامدرا )" 5" .

ئەم پەلامارەش سەرجەم ناوچە گوند نشینەکانی گرتەوەو بۆتە هۆی روخاندنی هەموو گوندەکانی کوردسـتان و بێسەرو وێن کردنی زیاتر لە (182)هەزار مرۆڤی بێتاوانی کورد ، (میدڵ ئیست ووچ) پێی وایە کە :( ئەنفالئەو ناوە بوو کە بەزنجیرەیەك هێرش وپەلاماری چڕو پـڕی سـەربازی‌دا درا ، کـە سـەرجەم هەشـت پـەلاماربوو وە لـە شـەش ناوچـەی جوگرافیـای جیـاوازدا بـەڕێوە چـوو ، لـەنێوان کۆتـایی مـانگی شـوبات وسـەرەتای ئـەیلولی 1988دا ، فەرماندەی گشتی عەمەلیاتەکـە لەدەسـتی نوسـینگەی بـاکوری رێکخـراوی حیزبـی بەعسـدا بـوو ، کـەوا بنکەکـەی لەشاری کەرکوك بوو لەمارتی 1987 بەدواوە لەلایـەن (عـەلی حەسـەن مەجیـد)ەوە سـەرۆکایەتی دەکـرا )" 6".

وەلای دەسەلآتدارانی بەعس ئەنفال ئەو چـەترەبو کەلەژێریـدا ئـەو پرۆسـە سـەربازی‌یە فراوانـەی نێـوان (شـوبات و ئەیلولی ساڵی 1988 ی ) تیا ئەنجام درا , بەمەبەستی قڕکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوردستان .

لە هەمانکاتدا تەنها بریتی‌نی‌یە لـەو هەشـت قۆناغـەو هێرشـە چـڕو پڕانـەی حیزبـی بـەعس بۆسـەر گونـدەکانی کوردستان و بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد .

( بەڵکو پرۆسەی ئەنفال پەیڕەو کردنی سیاسەتێکی چەند لایەنەیە کە بەکاولکردنی هەزاران گوند دەسـتی پێکـرد و دانیشتوانەکەی دانیشتوانەکەی دوای هێرشی سەربازیی‌یەکان بەهێرشـی کیمیاویشـەوە کۆکرانـەوەو بۆکەمپـەکان گوێزرانەوە, دواتر لەکەمپەکانەوە پرۆسەی پۆلێنکردنی گیراوەکان دەستی پێکرد , پیرەکانیـان پیرەکانیـان بـەرەو کەمپو زیندانی‌یەکانی باشوری عێراق دەنارد , ئەوانەی تەمەنیشیان لەنێوان ( 15 بـۆ 50 ) سـاڵی دابـوو بـۆمردنی دەنارد گروپی کوشتنی بەکۆمەڵ ( فـرق الاعـدام ) , لـەنزیك ئـەو گۆڕانـەی کـە پێشـتر ئامـادەکرابوون بـۆ کوشـتنی زۆرترین ژمارە لە نێرینەکان و شاردنەوەیان لەو گۆڕە بەکۆمەلآنە بەشێوەیەك هـیچ شـتێك دەربـارەی چارەنوسـیان نازانرێت ) "7"

ئەم هێرشە تەنها بـۆ لـەناو بردنـی مرۆڤـی کـورد نـەبوو ، بـەڵکو سـەرجەم رەهەنـدە ئـابووری و کۆمەلآیـەتی‌و دەرونـی‌و ئایکۆلۆژیـەکانی ئـەم میللەتـە تێـك شـکاندو شـێواندی . لەلایـەکی تریشـەوە پرۆسـەی ئـەنفال تـەنها بۆلـەناوبردنی بزووتنـەوەی نەتەوایـەتی کـورد نـەبوو , بـەڵکو چـۆڵکردن و کـاولکردنی گونـدەکانی کوردسـتان و دەربەدەرکردنی دانیشتوانەکەی‌و لەهەمان کاتیشدا کارکردن بوو لـە پێنـاو توانـەوەی گـەلی کـورد لـە بۆتـەی گـەلی عەرەب و دواتریش سڕینەوەی ناسنامەی‌و بونە کورد .

( لێرەوە ئـەنفال هێرشێکی‌راسـتەوخۆو سیسـتماتیزەکراوی هەمەلایەنەیـە بۆسـەرکۆی ژیـانی کۆمەڵگایـەك وەك گشتێکی دابەش نەکراو ، بۆسەر بونی مادی‌و مەعنەوی خەڵکانێك تا پلەی فەناکردنی یەکجارەکی‌یان )"8" .



www.pertwk.com

وه ئەتوانین بڵێین کە ئەم پرۆسەیە رێگە پێدراوێکی جیهانی دەگەیـەنێ بـۆ رژێـم ، کـە مۆڵـەتی قڕکردنـی گـەلی کوردی لە سەرجەم ناوەندە ئاشکراو نهێنیە دەسەڵاتدارەکانی دنیا وەرگرتووە ، بـێدەنگ بـونی دنیـاش لـە ئاسـت ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیەدا واتای رازی بوونیو رێگە پێدان دەگەیەنێ .



www.pertwk.com

### 3- چەمکی ئەنفال :

ئـەنفال زاراوەیـەکی قورئانیـیـەو بنـەڕەتێکی عـەرەبی هەیـە ، هەربۆیـە بـۆ گـەڕان بـە دوایـدا دەبێـت لـە نێـو فەرهەنگەکانی ئە زمانەدا بە دوایدا بگەڕێین ، ئەنفال کۆی (نفل)یە بە واتای (غنائم) دێت کوی (غنیمة) " 9".

واتای ئەنفال لە روی زمانەوانی و زاراوەیی‌یەوە سەیری دەکرێت ، لەروی زاراوەیی‌یەوە ئەنفال وشەیەکی عەربی‌یـەو کۆی (نفل)ە بەواتای (زیادە دەستکەوت) دێت .

لە رووی زمانەوانی‌یەوە لە قورئان و کتێبە ئیسلامی‌یەکاندا بەو دەست کەوتانە دەوترێت کـە دەکەوێتـە دەسـتی سوپای ئیسلام لە دوای پێکداچونیان لەگەڵ نەیارانیاندا بێ باوەڕان .

هەروەها (راغب الاسـفهانی) لـە (الالفـاظ القـران)دا بـەم مانایانـەی خـوارەوە بنـەڕەتی ووشـەی ئـەنفالی دەرهێنـاوە "10".:

1- هوالغنیمة بعینها ولکن اختلفت العبارة عنه باختلاف الاعتبار .

2- الغنیمة : ما حصل مستغنما بتعب کان او غیر تعب وباستحاق کان او غیر استحاق .

3- وما یحصل للمسلمین بغیر قتال وهو الفیء .

گەر بنواڕین لە یەکەمیاندا ئەنفال بە واتای دەسکەوت (غەنیمە) دێت .لـە دووەمیانـدا ئـەنفال بـەواتای (غەنیمـە) دێت کە بەنارەحەت دەست بکەوێت یان بەئاسانی . بەڵام لە سـێیەمیاندا بـە واتـای ئـەو دەسـت کەوتەیـە کەبـەبێ کوشتار دەستی موسلمان دەکەوێت .

جا هەندێ لە زانایان وتویانە( غەنیمە)و (ئەنفال) یەك شتە ، بەڵام بە جیاوازی ئیعتباری ناوەکە دەگۆڕێت :

- ئەگەر ئەو ئیعتبارەی بخوێنینەوە کە دەسکەوتە ئەوا پێی دوترێت ( غەنیمە ) .
- ئەگەر ئەو ئیعتیبارەی بخوێنینەوە کە ماڵێکی زیادەیە ئەوا پێی دەڵێن ( ئەنفال ) .

کەواتە هەمیشە ئەنفال ئەو کاڵا زیادەیەیە کە پاش دابەش کردنی دەسکەوت (غەنیمە) دەمێنێتەوە .

هەروەها توێژەری گەورەی بواری راڤەکردنی قورئان (ناصری صوبحانی) پێی وایە کە ئەنفال ( نە غەنیمەیەو نە فیئـە بـەڵکو بـەو کەرەسـتەو شـتومەکانە دەڵـێن کـە بـێ جـەنگ دەسـت دەکـەون و واتـا شـتە خۆڕسـکەکان کـە موڵکی‌یەت هەڵناگرن وەك کانەکان و کانزا بایەخ دارەکان کەموڵکی گشتین و بەشی تاکێکی دیاری کراویـان نییـەو بۆ بودجەی گشتی ووڵات دەگەڕێتەوە)"11".

لێرەوە زانایان رای جیاوازیان هەیە سەبارەت بەناساندنی ووشەی ئەنفال ، بەڵام ئەتوانین بڵێین ئەنفال بەو مـاڵ و سامان و ئاژەڵ و زەخیرانە دەوترێت کە جەنگاوەرانی موسڵمان لە شەڕدا لە بێ بڕوایان بەدەستی دەهێنن .

بەڵام ئەگەر چاوێك بخشێنین بە قورئانی پیرۆزدا ، ئەنفال ناوی سورەتی هەشتەمە لە قورئانی پیرۆزو زەمینـەی هاتنە خوارەوەی ئـەم سـورەتە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی دووەمـی کۆچـی و جـەنگی بـەدری گـەورە کـە لـە نێـوان موسڵمانەکان و بێ باوەڕاندا روویـدا و موسـڵمانان بەسـەریاندا سـەرکەتن ، راڤـەکارانی قورئـانی پـیرۆز زۆرینـەیان هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئەم سـورەتە دەگەڕێننـەوە بـۆ ئـەوەی کـە پێغەمبـەر (د.خ) بینـی هـاوەڵانی نـاکۆکی‌و



www.pertwk.com

کەوتۆتە نێوانیان لەسەر ئەو کەل وپەل وشمەکانەی کـە لـە سـوپای بێبـاوەڕان جـیّ مـاوە ، بـۆ چارەسـەری ئـەم کێشەیە خوای گەورە ئەم سورەتەی دابەزان کەلە سەرەتای سورەتەکەدا هاتووە ( یسألونكَ عن الانفال قلِ الانفال لله والرسول فالتقوا الله واصلحوا ذات بينكم )"12".

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەنفال لە قورئاندا مەبەست لێـی کـەل و پـەل و شـتومەك دەگرێتـەوە ، هـەروەك (ئەبو عوبەیدی کوڕی سەلام) لە کتێبی (امـوال)دا دەڵێـت (ئـەنفال هـەموو ئـەو شـتانەیە کـە دەسـتی موسـلمانان دەکەون لە ماڵ و کەل و پەلی شەڕکەران )"13"

لەقورئانی پیرۆزدا ئەنفال مرۆڤ ناگرێتەوە چونکە لە قورئاندا بە دەستگیر کراوی جـەنگ دەوترێـت دیـل (ئەسـیر) هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت ( ويطعمون الطعام على حبه مسكيناً ويتيماً واسيراً ) ."14"

بەلاّ گەر بنواڕین رژێم ئەم پرۆسەیەی بەناوی (ئەنفال)ەوە ناونا هەروەك نـاوی زۆربـەی جـەنگ و موشـەکەکانی بەناوی ( الله اكبر ، محمد رسول الله ، قادسية و موشەکەکانی عەباس و حوسـەین) نـاو ئـەنا ئەوانـەی کـە جێگـای رێزی موسڵمانان و ولآتە دراوسێکانی بون بۆ ئەوەی چاوبەستێك لە لایەنگرانی بکات و وایان تێبگەیـەنێ کـە رژێـم خەلافەتی ئیسلامی زیندوودەکاتەوەو ئەو میللەتەش کەبەناوی کورد دژی دەجەنگێ میللەتێکی یاخیو دور لە دین و جەنگ کردن لەگەڵیان غەزایەو دەسکەوتی ئەنفالە , ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی کەلەوانەیـە رژێـم بـۆ ئـەوە ئـەم شالأوە ترسناك و دڕندانەی بەناو ئەنفالەوە ناونابێ , بۆئەوەی پرۆسەکە بداتە پاڵ ئاینێك کەکورد ئەوپەڕی رێـزو حورمەتی لێدەگرێ و روی بەعسو دام و دەزگا سەرکوتکەرەکەی سپی نیشان بدات و بێتاوان بێت لەبـەردەم رای گشتی جیهاندا .

بێگومـان ناونـانی ئـەم پرۆسـەیەش بـەناوی ( ئـەنفال ) ئـەمیش بەهـەمان شـێوە بەشـێکە لەپلانـە سـەرکوت کەرەکانی و بۆشەرعیەتدانی زیاتر بەتاوانەکانی , بۆیە پرۆسەی ناولێنان لـە فەرهـەنگی بەعەسـدا ئـەزموونێکی دێرینی هەیە ,

(ئەوان هەرپرۆسەیەك کە خزمەتگوزاربێت ناوی بەعس و سەرۆك شۆڕشی لێدەنێن وەکـو" مەدینـە صـدام , سـد صدام , مصتشفی صەدام , نهرالقائـد , حیالثـورة , حـی البعـث " , هەرپرۆسـەیەکیش کاولکـاری و دڵـەڕاوکی و ترس و کارەساتی بەدواوە بێت ئـەو ناوانـەی لێـدەنێن کەدەیانـەوێت لـەو ڕێگەیـەوە بـزراوی بکـەن لەلایـەنگرانی بۆنمونە ئەو موشەکانەی ئێرانی شیعە مەزهەبی پیّ بۆردوومان دەکرا ناوی " الحسين و العباسی " لێـدەنان ! ! ! گەڕەکە کوردەکان ناوی موسنای لیّدەنان , ئەو سەربازگەیەی خەڵکی کوردی تیـا بەنـد دەکـرا نـاوی " خالیـدی کوڕی وەلیدی " لێدەنا ) . ئەگەڕنا هەروەکو بۆمان دەرکەوت :.

1- ئـەنفال بـەو دەسـکەوتانە دەوترێـت کەلـە مەیـدانی جەنگـدا دەگـیرێو مـاڵ و سـامان و چـەك و زەخـیرە دەگرێتەوە و بەکالأو شمەکی دەسکەوتوو دەوترێت .

2- لەهەمان کاتدا دەبێت ئەو دەسکەوتانە بە شەڕو لەمەیدانی جەنگدا بگیرێت .



www.pertwk.com

3- هـەروەها دەبێـت ئـەو دەسـتكەوتە لـە كۆمـەڵێكی بێبـاوەڕو كـافرو دور لـە دیـن بـەزاراوەی شـەرعی نـەك بەگـوتەی سـەرزاری خەڵـكو كاربەدەسان ."15"

هەرچەندە ئەم مەرجانەی سەرەوە تێڕوانینی ئاینی ئیسلامە بۆ چەمكی ئەنفال ، بەڵام گەر بواڕین رژێم چەمكی ئەنفالی شێواندووە و ئەم بەهیچ جۆرێ لەگەڵ شالاوەكەی رژێمدا (عملیات الانفال) یەكناگرێتـەوە ، لەبـەر ئـەوەی رژێم ئەو ناوەی بەرامبەر بە مرۆڤی كورد بەكارهێناوە كە لەئیسلامدا بە دیل ناو ئەبرێت و دیلیش شوێنی تایبـەتی خۆی هەیە لە ئاینی ئیسلامدا .

لەلایەكی دیكەوە لە 94٪ی خەڵكی كوردستان موسڵمانن وە لە پرۆسەی ئەنفالدا زیاد لە (4000)هەزار گونـدی كوردستان سوتاوەو روخێنراوە كە بەلانی كەم هەموو گوندێكی كوردستان مزگەوتێك یاخود تەكیەیەكی تێدا بـووە لە زۆربەی ماڵەكانیشدا قورئان هەبووە ،

بێگومان ئەمانە هەمووی لەلایەن رژێمەوە روخێنراوەو سوتێنراوە ئەم شالاوەی رژێم خـۆی پرۆسـەیەكە بەرامبـەر بەگەلی كوردو ئاینی ئیسلام لەیەك كاتدا . بـە دڵنیایی‌یـەوە بەدرێـژایی مێـژوو هـیچ سـوپایەكی بێبـاوەڕان نـەبووە هێندە مزگەوت و قورئانی سوتاندبێ .

جگە لەوەش گەلی كورد لەسەر خاكو ماڵی خۆی دانیشتووەو بەزەبری هێـزو تـۆپ و گـازی خـەردەل و كیمیـاوی راگوێزراوەو بێ سەرو شوێن كراوەو كە ئەوانیش بەشی زۆریان كەسانی منـاڵ وژن و پەككەوتـەبون و لـە مەیـدانی شەڕدا نەبوون ، بەڵام ئەوەی مەبەستی رژێمە لە بەكارهێنانی ئەم وشەیەدا بۆ ئەوەیە كـە قودسـەتێكی ئـاینی بـە تاوانەكانی بدات چونكە رژێم وای راگەیاند كە ئەم كارەی دژی لـە ئـاین لادەران و بـەكرێ گیراوانـە وە لـە لایـەكی ترەوە بەكارهێنانی وشەی ئەنفال بۆ ئەوەبوو كە ئالۆزی و سەرلێشێواندنێك لە ولاتـان بكـات ، چـونكە جینۆسـاید سزای نێودەوڵەتی لەسەرە .

هۆكارێكی تر وایكرد كە رژێم پەنا بۆ ئەم لۆژێكە بەرێت شەڕی (ئێران عێراق )بوو كە هاوكات بوو لەگـەڵ زەمـەنی ئەنفالـدا چـونكە جەنگـەكانی سـوپای ئێـران بـەناوی خـواو دروشمـە ئاینی‌یەكانـەوە بـوو بـەجۆرێ كـە سـەربازە ئێرانی‌یەكان فەنتازیایەكی ئاینیان بۆ دروست بوبوو ، هەربۆیە رژێم بۆ كەمكردنەوەی بـەهای گوتـارە ئاینیـەكانی ئێران و بۆ بەرزكردنـەوەی ورەی سـەربازە عێراقی‌یـەكان هەسـتا بـە تێكهـەڵكێش كردنـی كولتـوری ئیسـلامی بـە كولتورە شەڕانگێزی‌یەكەی خۆی .

بەڵام هەموو ئەم تاوانانە پەیوەندی بە رەفتارو كردەوە ئایدۆلۆژی‌یەكانی حیزبی بەعسەوە هەیـە بۆیـە لەسـەرو هەموو شتێكەوە پێویستمانبەناسینی بەعس وشێوەی مامەڵە كردنـی هەیـە هـەروەك بـەختیار عـەلی دەڵـێ (بـەبێ ناسینی بەعس ناتوانین ئەنفال بەكۆی دیاردە مێژوویی و كۆمەلایەتی و دەرونی‌یەكانەوە گرێ بدەین ، ئەنفال هـەر سەرچاوەیەكی هەبێ ، هەر رەگـو یشـەیەكی مێـژوویی یـا ئایـدۆلۆژی هـەبێت ، پێشـتر ئـەو هۆكارانـە بـە هـەناوی بەعسـیزم دا رابـوردون و شـێوەیەكی نـوێو مـۆركێكی تازەیـان وەرگرتـووەو بونـە بەبەشـێك لـەكولتوری بـەعس )."16"



www.pertwk.com

هەربۆیە ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە ئەنفالی بەرهەمهێناوە ئایدۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی عەرەبی بووە کە هەموو هێزە سیاسی و کۆمەلآیەتیو ئابوریەکانی خستبووە خزمەتی تاوانەکانی خۆیەوە ئەم حیزبە رەگەز پەرستە عەرەبیە تۆتالیتاریە ئامانجی یەکگرتنی نیشتیمانی عەرەب بووە لەو پێناوەشدا هەموو رێگایەکی دەگرتەبەر

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەنفال بەرهەمی ئایدۆلۆژیای پڕ لەشەڕەنگێزی بەعسە بۆیە پێویستە لە رەفتارو مەبەستەکانی بگەین وتاوانەکانی بدەینەوە بەسەر خویدا نەك گەڕانەوەی ئەنفال بۆ روداوێکی ئاسایی یافکرەو ئایدۆلۆژیایە .

چونکە گەڕانەوەی ئەنفال بۆ هەر روداوی جەنگی ئێران عێراق یا بەرژەوەندی زلهێزەکان یا بیری ئاینی ئەوا کەم کردنەوەی تاوانەکانی بەعس وتەواو کردنی ئەو پرۆسەیەیە کە حیزبی بەعس بۆی تەواو نەکرا ، هەروەك بەختیار عەلی دەڵێ :.(من قسەم لەریشە ئایدۆلۆژی و ئاینیەکانی ئەنفال نیە چونکە بەبۆچونێکی ئێجگار سادەو ئاشکرای ئەبینم ، گێڕانەوەی ئۆتۆماتیکی ئەنفال بۆ ئاین و فکری دینی نەوەکو خۆدزینەوەیە لە خوێندنەوە بەعس بوڵکو گواستنەوەی تاوانەکانی بەعسە بۆ ملی ئاین کەمن پێم وایە لە جەوهەردا ئاین خۆی یەکێك لە قوربانییەکانی بەعسە )"17".

هەربۆیە ئەبینین ئیسلام و رموزە ئیسلامیەکان لەم شالآوەدا بونەتە قوربانی ، ئەتوانین بڵێین وێران کردن و سوتاندنی ئەو هەموو مزگەوت و قورئان و پەڕاوە ئاینیە گەورەترین زیانێکە بە ئیسلام کەوتووە ، بۆیە ئەم شالآوە بەکارهێنانی ئیسلامە بە پێچەوانەیی دژی ئیسلام ، هێندەی پەیوەندی بە دەوڵەتی هاوچەرخ ومۆدێرنەوە هەیە هێندە پەیوەندی بە ئیسلامەوە نیە ، چونکە ئەنفال روداوێکە لە چوار چێوەی مۆدێرنەیا نەبێ ناکرێ روبدات هەروەك مەریوان وریا قانع دەڵێ :.( دەبێت ئەوە رون بێت کە ئەنفال بەرهەمی دەسەلآتێکی مۆدێرنەیە کە لەسەر پایەکانی تەکنەلۆژیای تازەو سیستمی بیرۆکراسیەت وئارو زانست ومیتودی مۆدێرن کار دەکات ، لە کاتێکدا کە مۆدێرنترین چەکی تێدا بەکارهاتووە وە فەرمانەکانی لەناو سیستمێکی بیرۆکراتی نوێوە دەرکراوەو لەشکرێکی مۆدێرن پیادەی کردووە). " 18"

بۆیە رژێم ویسویەتی بەردەوام هێزە کۆمەلآیەتیەکان و ئاینیەکان بەکار بهێنێ بۆخزمەتیتاوانەکانی دواتر مەریوان دەڵێ: دەبێت هێما بەو راستیە بکەین کە بەعس لە تەکتیکی بەرەنگاربونەوەی مۆدێرنەو هێزەکانی مۆدێرنەدا بەردەوام پێکهاتەکانی بەرلە مۆدێرنەی زیندوو دەکردەوە وەئەوەی دواجار چارەنوسی ئەنفالی دەست نیشان کرد هێزو دەزگاکانی مۆدێرنەیە نەك فەنتازیاکانی بەرلەمۆدێرنە ."19"

ئێمە ئەبێ بزانین ئەو عەقڵیەت وسیستمە سیاسیەی کە لە پشت ئەنفالەوە بوو بیرو باوەڕێکی ناسیۆ نالیستی عەرەبی رەگەزپەرستی لە پشتەوەبوو .



www.pertwk.com

**4- زاراوەی جینۆساید :**

رژێمی عێراق بەردەوام لەهەوڵی سڕینەوەی خەسڵەتە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا بووە , بەتایبەتیش لەپرۆسەی ئەنفالدا کە پرۆسەیەك بوو بۆ فەوتاندنی سەرتاپای خەڵکی کوردستان و وێران کردنی سەراپای نیشتیمانەکەی , کەئەمەش دەچێتە چوارچێوەی جینۆسایدی نێودەوڵەتییەوە , چونکە جینۆساید تاوانێکە لەپڕدا ئەنجامنادرێ , بەڵکو بەسیاسەت و پلان و نەخشەی جۆراوجۆری درێژخایەن و ئامادەکردنی تەواوەتییەوە ئەنجام ئەدرێ .

( بەهەمان شێوە هێرشەکانی ئەنفال پێشتر نەخشەو پلانی درێژخایەنی بۆکێشرابوو , سەرجەم ناوچەکانی دیاری کرابوو بۆ هێرش کردن , کەرەستەو پێداویستییەکانی هێرشەکەی دابین کردبوو , ئەویش بەمەبەستی فەوتاندنی بەشێکی گەلی کوردو وێرانکردنی نیشتیمانەکەی بەخەڵکەکەوە , بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی خەڵکی کوردستان تاکو لەدۆخی مردنێکی لەسەرخۆدا بمێننەوەو رابردووی خۆیان لێبشێوێ‌و ئەوەی دەمێنێتەوە جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە ئەو بارە ئاساییەو , چوارچێوەی ژیانی رابردوی خۆی لە کلتورو داب و نەریتی دێرینی خۆی وون بێت )"20 "

بۆیە پێویستە ( ئەنفال ) بەنێودەولەتی بکەین و لە ئاستی نێودەوڵتیدا بیناسێنین , وەنابی لە چوارچێوەی ئۆپەراسیونێکی سەربازی رژێمدا سەری‌بکەین , بەڵکو کردەوەیەکی رەشەکوژی کوردان بوو لەژێر چەتری بەرەنگاربوونەوەلەگەڵ دوژمنی دەرەوە .

هەربۆیە بە ووتەی نوسەری عێراقی( فالع عبدالجبار ) زاراوەی پرۆسەی ئەنفال زاراوەیەکی بێلایەن و بیٚگوناهە لە جێگەی خۆیدا نییەو بۆ پێناسەکردنی دایکی تاوانەکان ناگۆنجیٚ ,هەربۆیە نوسەر داوادەکات پێویستە لەجێگەی ئەو دەستەواژەیە ناوێکی دی لە کارەساتی ئەنفال بنرێ کە دڕندەیی پرۆسەکە بخاتە روو هەروەك دەڵێ : ( اِقتح عليكم ," على الاقل " , اِستبدال كلمة " عملية" بكلمةاُخرى تنضح ببشاعة الفعل ....... بيد اَن هناك كلمة اُخرى . اِبادة , مسلخ , مذبحة , مجزرة , اَو " الانفال الاسود " اَو " الانفال الحزينة " ) " 21"



www.pertwk.com

بۆزیاتر ناساندنی شالاَوەکانی ئەنفال وەکو پرۆسەیەکی قرکردنی بەکۆمەڵی نەتەوەیی کوردو نیشاندانی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە , وە بۆئەوەی ئەنجامدەرانی بچنەخانەی تاوانبارانی جەنگ (مجرم الحرب) , پێویستە ووشەی جینۆساید لەشوێنی ووشەی (ئەنفال) دابنێین .

وشەی جینۆساید بۆ یەکەم جار زانای یاساناسی پۆڵۆنی (رامابێل لمکین) لەساڵی 1944 لە کتێبەکەیدا بەناوی ( یاسای میحوەری لە داگیرکردنی ئەوروپادا ) ئەم وشەیەی بەکارهێناوە کەتا ئەو کاتە ئەم وشەیە لە هیچ فەرهەنگ وئینسکلۆبیدیایەکدا بەکار نەهێنرابوو ."22"

جینۆساید تاوانێکی نەخشە بۆکێشراوی بۆ ئەنجامدانی سیاسەتێکی دیاری کراو کە بونیادی هاوبەش وبونی کۆمەڵە مرۆڤێك تەفرو تونا دەکات .

جینۆساید لە دوو وشە پێکدێت :.

1- جینۆ (Genos) وشەیەکی گریکیەو بە واتای رەگەز ، بنەچە دێت .

2- سایدەر (Saedere) وشەیەکی لاتینییەو بە واتای کوشتن و لەناو بردن دێت .

هەردوو وشەکە بەسەر یەکەوە بە واتای لە ناوبردنی رەگەزی دێت ."23"

کەواتا جینۆساید واتە لەناوبردن و سرینەوەی لە رەگو ریشەی گروپێك یان کۆمەڵێك خەڵکی دیاری کراو دەگرێتەوە ، کەئەمەش هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کەدژی مرۆڤایەتی بێت ،ئەمەش تەنها کوشتنی جەستەیی ناگرێتەوە ، بەڵکو ئازاردان و راگواستن و دورخستنەوەو تیرۆرو تۆقاندنیش دەگرێتەوە .

هەروەك لە رێکەوتن نامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغە کردنی جینۆساید کەلە 9/کانونی دووەم/1948 مۆرکراوە بەمشێوەیە پێناسەی جینۆساید کراوە( بریتیە لەو کارانەی بەمەبەستی تێکدان وهەڵتەکاندنی گشتی یان بەش بەش ئەنجام بدرێت دژ بەکۆمەڵێکی نەتەوەیی ، ئەتنیکی ، نەژادی ، ئاینیو شتی لەم چەشنە )"24"

لەم پەیماننامەیەدا جینۆساید بەمانای هەریەك لەم کردەوانەی خوارەوە دێن کە بنیەتی (intent) لەناوبردنی تەواو یان بەشێك لە گروپێکی نەتەوەییو ئێتنیکی (etnhnic) , رەگەزی یان ئاینی ( assuch) ئەنجام بدرێت ." 25 "

کەواتا جینۆساید بەم مانایانەدێت :

أ- کوشتنی ئەندامانی گروپەکە .

ب- زیانگەیاندنی زەینی جدی بەئەندامانی کۆمەڵگە .

ج- بەئەنقەست دانانی گروپێك لەژێر بارودۆخی وا کە بە بڕاردە تەواوی گروپەکە یا بەشێکی , لەباری فیزیکییەوە لەناو ببات .

و- داسەپاندنی ئیجرائاتی وا کەبەمەبەستی پێشگرتن بێت لە زان ( منالبون ) لەناو گروپەکە .

ه- بەزۆر ڕاگواستنی منالآنی گروپەکە.



www.pertwk.com

لێرەوە پێیستە ئەوە بڵێین کە جینۆساید مەرج نی‌یە تەنها هەرلەناو بردن و فەوتاندنی جەستەیی بگرێتەوە بەڵکو جینۆساید زۆر جۆرو رەنگ وشێوازی جۆراو جۆری لێك جودای هەیەو هۆکارو میکانیزمی زۆر جیاواز هەیە بۆ جینۆساید وە لەم جۆرانەش پێکدێت :." 26 "

1- جینۆسایدی جەستەیی ( فیزیکی ) :

بریتی‌یە لە کوشتن وفەوتاندنی ئەندامانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك چ راستەوخۆ بێت یا نا راستەوخۆ ، بە گوللە بارانکردن ، زیندەبەچاڵکردن ، سەرنگوم کردن ، ئیعدامکردن .

2- جینۆسایدی بیۆلۆژی :

رێگە گرتن لە ئێشکەوتن و لە دایك بون وزیاد بونی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك وەکو بەکار هێنانی ئامرازی داوو دەرمانی منداڵ نەبون و دابڕینی پیاوان وژنان لە یەکتری و دابڕینی منالاًن لە دایکو باوکیان .

3- جینۆسایدی کولتوری :

قەدەغەکردنی زمان وشێواندنی مێژوو رابردووی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك ، وێرانکردنی ژینگە ، جێگەو رێگە ، شوێنەوارەکان ، دێهات .

4- جینۆسایدی ئابوری :

برسی کردن و وێران کردنی سەرچاوەکانی ژیانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك دەبێتە هۆی فەوتاندنی ، سەپاندنی گەمارۆی ئابوری ، رێگە گرتن لە بەرهەمهێنانی خۆراك ، ئەنجامی ترسناکیان هەیە بۆسەر پاشەرۆژی مرۆڤ .

بەتێڕوانینێکی سەرپێی لەجۆرەکانی جینۆساید بۆمان دەردەکەوێت کەگەلی کورد لە هێرشەکانی ئەنفالدا بەرهەریەك لەوجۆرانەی جینۆساید کەوتوون . کوشتنی راستەوخۆو لەناوبردنی جەستەیی‌و فەوتاندنی بایلۆژی و شێواندنی کلتوری نەتەوەیی‌و ژینگەو شوێنەوارو گەمارۆدان و وێرانکردنی سەرچاوە ئاوی‌یەکان .

هەربۆیە ئەنفال بە گوێرەی چەمك و زاراوەی جینۆساید تاوانێکی دڕندانەی نێونەتەوویی‌یە , چونکە تاون بووە لەدژی کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاری کراو کە (کوردن) , هەروەها هێرشەکانی ئەنفال تاونای جینۆسایدن و پێشترو بەبەرنامەو پلانی جۆربەجۆرەوە و حیزبی بەعس بەڕەسمی ئەنجامی داوە , بۆیە بەهەموو پێوەرو پێوانەکانی یاسایی نێودەوڵەتی , ئەنفال کردەوەیەکی جینۆسایدەو پێویستە لەسەر ئەم بناغەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ .

جێبەجێکردن وپراکتیزەکردنی هەرجۆرێك لەم جۆرانەی جینۆساید ئەبێتەهۆی لەناوبردن و فەوتاندنی کۆمەڵێ خەڵك ، بۆیە هەر تاوانبارێك چ راستەوخۆ ئەنجام دەربێت یان پلان دانەر بێت یان هاوکاربێت ئەوا بەتاوانکاری جینۆساید دەناسرێت ، پێیەڕبونی رۆژگاریش نابێتە هۆی لێ خۆش بون و دەربازبونیان لە سزاو لەبەر پرسیارێتی لە یاسای جینۆسایدی نێودەوڵەتی‌دا .

## سەرچاوەکان


1- بەیاد عبدالقادر ـ دەروازەی گۆڕانی کۆمەڵ ، چاپخانەی الحوادث بغداد 1987 ، لاپەڕە 6.

2- استاذ دکتور احسان محمد الحسین ـ موسوعة علم الاجتماع ، بیروت ،طبع الاول 1999، ص419.

3- دکتورة سمیرة احمد السید ـ مصطلحات علم الاجتماع ، الطبعة الاولی 1997 ، ص164 .

4– استاذ دکتور احسان محمد الحسین ـ سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 418 .

5– تۆفیق عەبدوول ـ ئەنفالەکان و رایەکی تایبەت سەیارەت بە چارەنوسیان ، گۆڤاری ئاران ، ژمارە 6 ،لا 66.

6–میدڵ ئیست ووچ ـ جینۆساید لەعێراقداو پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد ، و.سیامەندی موفتی زادە ،چاپی یەکەم ،سلێمانی ،1999، لایەڕە 126 .

7– پ.د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی ـ ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال چەند تێبینییەك و سیما سەرەکییەکانی , گۆڤاری سەنتەری برایەتی ,ژمارە 4 , 2002 , لاپەڕە 95 .




www.pertwk.com

8- مەریوان ووریا قانع ـ ئەنفال و مۆدێرنە روداوێك لەدوامانەوە یان ئەگەرێك لە پێشمانەوە ، گۆڤاری رەهەند ، ژمارە 7 ، 1999 ، لاپەڕە 32 .
9-لويس معلوف ـ المنجد , الطبعة خامسة والثلاثون ، ص 828 .
10- راغب الاصفهانى ـ الفلك القران ، دارالقلم ديمشق ، 1992 ،ص 820 .
11- عومەر عبدالعزیز ـ قوربانیەكانی عەمەلیاتی بەناو ئەنفال وچەند سەرنجێك ، گۆڤاری پەیامی راستی، ژمارە ( 32 ـ33 ) ، ساڵی 1994 ، لاپەڕە 4 .
12- سورەتی ئەنفال ، ئایەتی (1).
13- ابن كثير ـ تفسير ابن كثير , جزء الثانى , طبع السادس و بيروت , 1998و ص 272
14- سورەتی الانسان ، ئایەتی ( 8).
15- عبدالرحمان صدیق ، ئەنفال لەروانگەی ئاینی ئیسلامەوە گۆڤاری پەیامیراستی ، ژمارە (65)، ئازاری 2002 هولێر .
16- بەختیار عەلی ـ لەئارەزوی كوشتنەوە بۆ ئارەزوی فەرامۆشكردن ، گۆڤاری رەهەند ، ژمارە( 7 )، 1999 ، لاپەڕە ( 171).
17- هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە ( 196).
18- مەریوان ووریا قانع ـ ئەنفال و مۆدێرنە روداوێك لەدوامانەوە یان ئەگەرێك لە پێشمانەوە ، گۆڤاری رەهەند ، ژمارە 7 ، لاپەڕە 53 .
19 – هەمان سەرچاوە لا 53
20- د. مارف عومەر گوڵ ـ پۆلێنكردنی تاوانەكانی ئەنفال بەگوێرەی جۆرەكانی جینۆساید , سەنتەری برایەتی , ژ 24 , هاوینی 2002 , لا 83 .
21- گۆڤاری ئەنفال ـ ژمارە 1 , سلێمانی 2000 , لا 180

22- جۆردن مارشاڵ ـ موسوعة علم الاجتماع ، المجلد الاول ، طبعة الاول ،2000،ص 75 .
23- عەباس هەمزە خدر- جینۆساید كارەساتی كوردو تاوانی نێودەوڵەتی ، گۆڤاری یاسا پارێزی ، ژمارە 4 ، ساڵی چوارەم ، 1999 ، لاپەڕە 232 .
24- د. ئەمیری حەسەن پور ـ بەرەو تێگەیشتن و بەربەرەكانیكردنی ئەنفال , گۆڤاریئەنفال , ژ 1 , سلێمانی 2000, لا 10 .
25- میدڵ ئیست ووچ ـ سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 50
26 – مارف عومەر گوڵ ـ ئەنفال قۆناغێك لەپراكتیككردنی جینۆساید ، گۆڤاریرەهەند ، ژمارە 7 ساڵی 1999 ، لاپەڕە 67 .


www.pertwk.com

# تەوەرەی دووەم



www.pertwk.com

# پیادەکردنی جینۆساید و شالاّوەکانی ئەنفال

**یەکەم : جینۆسایدی کورد و بەراییەك بۆ شالاّوەکانی ئەنفال**

**دووەم : پلان دانان بۆ جیٚبەجیٚکردنی شالاّوەکە**

**سیٚیەم : قۆناغەکانی جیٚبەجیٚکردنی شالاّوی ئەنفال**

**چوارەم : زیانی شالاّوەکانی ئەنفال**

**پیٚنجەم : چارەنوسی ئەنفالەکان**

### جینۆسایدی کوردو بەراییەك بۆ پرۆسەی ئەنفال

گەر بە وردی بڕوانینە پرۆسەی ئەنفال و لە سەرجەم رەهەندە سیاسی و سەربازی و ئابوری وئایدۆلۆژییەکانی بکۆلّینەوە ئەبینین پرۆسەی ئەنفال کۆمەلّیٚك عەمەلیاتی لە ناکاوو کتوپڕ نەبوو هەروا بەشیٚوەکی سادەو ئاسایی و لەناکاو لەلایەن رژیٚمەوە پیادەکرابیٚت ، بەلّکو بەشیٚك لە نەخشەو پلانەی کەسالّەهای سالّە بەردەوام بوو بۆ



www.pertwk.com

جینۆسایدو سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتی کورد ، بۆیە ئەنفال بەشێکە لەو جینۆسایدەی کورد کەلە شالأوەکانی ئەنفالدا گەیشتە لوتکە .

بۆیە ئێمە ناتوانین بەتەواوی لەئەنفال بگەین تا خوێندنەوەو راڤەکردنێکی سەرپێیمان نەبێت بۆو پلان و نەخشانەی کە رژێمە یەك لەدوای یەکەکان عێراق دایان رشتبوو بۆ قڕکردن و لەناو بردنی گەلی کورد .

ئەمە جگە لەوەی پێویستمان بەناسینی بەعس وشێوەی مامەڵەکردن و کارکردنی ئەو حیزبە شۆڤێنییە هەیە لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاکو ئێستا . چونکە بەبیٚ ناسینی بەعس ناتوانین ئەنفال بەکۆی دیاردە مێژوویی وکۆمەلأیەتی و سیاسییەکانییەوە گریٚ بدەین . ئەنفال هەرسەچاوەیەکی هەبیٚ هەر وەگو ریشەیەکی مێژوویی یا ئایدۆلۆجی هەبێت پێشتر ئەو هۆکارانە بە هەناوی بەعسیزمدا رابوردون و بوونە بەبەشێك لە کولتوری بەعس .

هەروەك نوسەری گەورەی عێراق ( کەنعان مەکیە) ئەڵێت : ئەنفال روداوێك نییە کە لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە بەڵکو مێژوییەکی درێژی مامەڵە کردنی دڵ رەقانەی کوردی لەلایەن بەعسەوە لە پێشەوەیە ، کە دەکرێت بیریچتەوە بۆ رێکەوتن نامەی جەزائیر لەساڵی 1975 تەنانەت بۆ کۆنتریش ."1"

کەواتە ئەنفال بەشێکە لە پراکتیزەکردنی ئەو جینۆسایدەی کە رژێمەکان بەردەوام بەرامبەر بەگەلی کورد پیادەیان کردووە ، هەربۆیە ئێمە ناتوانین لە ئەنفال بگەین تاکو توێژینەوەیەکیووردی سەرجەم ئەو جینۆسایدانەمان نەبێت کەبەسەر گەلی کورد دا هاتووەو بە چاوخشاندنەوەمان بە مێژووی بەردەوامی سەرجەم ئەو جینۆسایدانەدا .

دابەشکردنی کوردستان لە پەیمانی لۆزاندا دۆزێکی ئالۆزی بۆ گەلی کورد دروست کردو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقیش هەر لە سەرەتاوە کە هەستیان کرد کوردستانی باشور کۆگایەکی گەورەی نەوتە بیرۆکەی بەعەرەبکردن هاتە کایەوە لە سەروی هەموشیانەوە شاری کەرکوك و دەورو بەری ، وێرای ئەو هەموو گۆڕانکارییە نێو دەوڵەتیانە کەچی رژێمی عێراق دەستی لەم دیاردەیە هەڵنەگرتوو رۆژ لەدوای رۆژیش زیاتر پیادەی دەکرد .

هەربۆیە ئەم رژێمانە هەمیشە بەچاوی کەمینەیەکی ترسناکەوە سەیری کوردیان کردووە و وە لە پێناوی لاوازکردن و قڕکردنی دا خۆیان لە هیچ شێوازێکی نامرۆڤانە نەپاراستووە , چ بە لەناوبردن و راگواستن وتەعریب و کیمیا باران کردن.

ئەم سیاسەتە لەدوای روخانی رژێمی پاشایەتی و هاتنە سەرحوکمی بەعسییەکان , بارودۆخ لە عێراقدا بەرو ئاراستەیەکی دیکە رویشت و بەرەگەز پەرستی و پاکتاوکردنی نەژادی لەدوای گەلی کورد ناسرا , شەڕی بەردەوامی دەوڵەت لە دژی گەلی کورد , دژوارترین شێوازەکانی سەرکوتکردن و کوشتن و لەناوبردنیان بەکارهێناوە .

( لەکاتی دەسەلأتی عبدالکریم قاسمدا ساڵی 1961 زنجیرەیەك هێرشی دڕندانە کرایە سەر کوردستان , کە نیوەی سوپای عێراقی بەشداری تێدا کردوو , نزیکەی ساڵ و نیوێکی خایاند لە ئەنجامدا "3 " هەزار کەس کوژران و (100) هەزاریش ئاوارەی چیاکان بوون و (150) گوندیان سوتان وخاپورکرد ) ." 2 "



www.pertwk.com

ئەمیش هەمووی تەنها لەبەر ئەوەی کورد خاوەنی نەتەوەو زمانی سەربەخۆی خۆیەتی , بۆیە بەردەوام دژایەتیان کردووە و دانیان بەخاك و نەتەوەکەیدا نەناوە . هەروەك لە کودەتای 8ی شوباتی 1963 تالیب شەبیبە کەرابەرێکی حیزبی بەعس بوو دەڵێ : ( ئەستەمە لە هەڵوێستی کورد تێبگەین , تێگەیشتنی گشتیمان لەسەر کورد ئەوە بوو , کە گەلێکن هاتوونەتە خاکی عەرەب و بونەتە میوان لە نیشتیمانەکەیدا ) " 3 ".

بۆیە حیزبی بەعس هەر لەسەرەتای دروست بونیەوە دوژمنی سەرسەختی گەلی کورد بووە و لە هەوڵی قڕکردنیدا بووە .( هەر لەگەڵ وەرگرتنی دەسەلأت بەعسیەکان بەشێوەیەکی نوێ کورد قڕانیان دەست پێکرد , وەك ئەو تالأن و کوشتارەی 13ی حوزەیرانی 1963 کەلەناوچەی کەندێناوە کردیان , لەئەنجامدا چەندین گوندیان بەمزگەوت و قوتابخانەوە سوتاند , وە چەندین کەسی بێتاوانیشیان کوشت و ئەشکەنجەدا و ماڵ و سامانیشیان بەتالأن بردن , لەکۆی " 72 " گوند " 32 " گوندیان سوتان و تالأنکرد لەناوچەی دوبزیش " 21 " گوندیان روخاندو "1500" خێزانیش بێسەرو شوێنە) ." 4 "

هەموو ئەم تاوانانە لەلایەن تواناکانی حیزبی بەعس کە ( حرس القومی )یان پێ دەووتن ئەنجام ئەدران و ماڵ و سامان و مەڕو ماڵأتی کوردستانیان بەتالأن دەبرد .

وە لە 1963/7/10 نزیکەی " 40 " هەزار کوردی دەورو بەری شاری کەرکوك دەربەدەرکران , دانیشتوانی گوندەکانی ئەو ناوچانە راگوێزران و عەرەبی خێڵەکیان لە جێگەیان نیشتەجێکردن , ماڵە کوردەکان بە بلدۆزەر تەخت کران و خوێندن و نوسین بەکوردی قەدەغەکراو کەوتنە بەعەرەبکردنی ناوە کوردیەکان و تالأنکردنی سەروەت و سامان و باخ و سوتاندنی بێستانی خەڵکەکە , لەئەنجامی هێرشی سوپای عێراق بۆسەر کوردستان لە 1963/6/11 وە تا 1963/7/23 سەرجەم "" 875 " گوند وێران کرا )." 5 "

هەروەك لەراپۆتی ژمارە (24)ی کۆمەڵەی نێو دەوڵەتی لەلەندەندا هاتووە کە رژێمی عێراق لە نێوان ساڵەکانی (1960–1970) (4)هەزار ماڵی کوردی لە (700)گوندا وێران کردووە ، (300) هەزار کەسیش ئاوارە بونەو (600) هەزاریش شەهیدو بریندار بوون ."6"

هەر پاش (17ی30 تەموزی 1968) هاتە سەر حوکم و دەسەلأتی عێراقی گرتە دەست ، سەرەتا بەنەرمی ئەجولأ هەتا وورده وورده کەوتە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی کورسی حوکمیو بۆ ئەم مەبەستەش وای نیشان ئەدا کە چارەسەری کێشەی کورد ئەکا .

هەربۆیە لەساڵی 1970 کە هێشتا لە دڵە راوکێدا بوو وە مەترسی ئەوەی دەکرد لە دەسەلأت ، ئەوەبوو بەپێی رێکەوتنی لەگەڵ شۆڕشی کوردا لە 11 ی ئازاری ساڵی 1970دا بە بڕیاری ژمارە (247) حوکمی زاتی بۆگەلی کورد راگەیەنرا کە ئەمەش هەرسێ پارێزگای ( سلێمانی ، هەولێر ، دهۆك )ی گرتەوە ، کە رێژەکەی ( 36000)کم2 کە (42٪)روبەری راستەقینەی کوردستانی پێك دەهێنا ، لەم روبەرەش پتر لە (13000)کم2 ی بەر شالأوی راگواستن کەوت . "7"



www.pertwk.com

رژێم سنوری ئۆتۆنۆمی بەشێوەیەك دیاری كردبوو كە بەئەنقەست ئەو ناوچە نەوتیانەی لیّ دەربكات كە لە لێواری سنوری كوردستاندا بوو ، ئەمەش تەنها نیوەی ئەو خاكە بوو كە كورد بەمافی خۆی دەزانی .
"سەرنجی نەخشەی ژمارە –1– بدە "

بەلاّم رژێم لە كاتی راگەیاندنی 11ی ئارایشدا بەرنامەو پلانی شۆڤێنیانەی لە ژێرەوە بەردەوام بوو بۆ لەناو بردنی شۆڕشی كورد ، وە جۆرەها بەرنامەو پلانی دا دەڕشت بۆ بەعەرەبكردنی ناوچە كوردی‌یەكان .

گەر چاوێك بخشێنین بەدەستوری كاتی بەعسدا ژمارە (792)ی ساڵی 1970 كە ئاراستەكەری سیاسەتی یاسای عێراق بوو لە سەر جینۆسایدی كوردو كەمە نەتەوەكانی تر هەراەمادەی یەكەمدا بە ئاشكرا دەخوێنرێتەوە كە كورد لە بۆشایی نەتەوەیی وكولتوری پێكهاتەی گەلانی عێراقدا هیچ شوێنێكی نەگرتووە (العراق جمهورية ديموقراطية شعبية ذات سيادة ، هدفه اساس تحقيق الدولة الواحدة) ،
وە لەمادەی (5)ی بڕگەی ( أ ) دا دەڵێت ( العراق جزء من الامة العربية ) . "8"


كەواتا كوردیش دەبێت بەشێك بێت لە نەتەوەی عەرەب وئامانجی سەرەكیشی هێنانەدی دەوڵەتی عەرەبی یەكگرتوو بێت ، ئیتر مافی نەتەوایەتی‌یەك بۆ كوردلەناو دەستوردا دیاری كرابێت جگە لە جینۆساید هیچی تری لیّ ناخوێندرێتەوە .


هەر دوابەدوای بڕیاری ئۆتۆنۆمی ، حیزبی بەعس كەوتە پیادەكرنی پرۆسەی بەعەرەبكردنی ناوچە بەنەوت دەوڵە مەنەكانی كوردستان،
وەك كەركوكو خانەقین ومەندەلی و شەنگار ، بێگومان دەوڵەمەندی كوردستان بە نەوت لە بری ئەوەی ببێت بەنیعمەت بۆ خەڵكی كوردستان بووە بەنەفرەت بۆی ، چونكە ئەم سامانە دژ بەخەڵكی كوردستان و بەرژەوەنی‌یەكانی بەكارهاتووە ، وە یاریدە دەر بووە بۆ پراكتیزە كردنی سیاسەتی راگواستنی ناوچە كوردی‌یەكان و بەعەرەبكردنی .

هەربۆیە جوتیارە كوردەكانیان لە شوێنگەومالّی خۆیان وەدەردەناو عەرەبی خێڵەكی باشوریان دەهێناو لە جیّیان نیشتەجێیان دەكردن لەبەر ئەوەی ئەو ناوچە كوردی‌یانە پێگەیەكی بەرفراوانی نەوت بون و چمارەی بیرە نەوتی‌یەكانی كوردستان دەگاتە (477) بیر كە بە تەنها بیرەكانی كەركوك رێژەیان (46,5٪) بیرەو (80٪)ی نوتی عێراق بەرهەم دێنێت ."9"
هەر بە هۆی ئەم داهاتە زۆرەشەوەیە كە حكومەتی عێراقی توانیویەتی سوپایەكی بەهێز دابمەزرێنێت و كوردستانی پیّ خاپور بكات و بەردەوام لە هەوڵی پاكتاوكردنی رەگەزیدا بێت . ( سەرنجی نەخشەی ژمارە – 2 – بدە)

گەر بروانین ژمارەی دانیشتوانی كوردی كەركوك بەردەوام لە دابەزیندا بووە ، لە بەرامبەریشدا رێژەی عەرەب لەسەر حیسابی كورد لەزیادبوندا بووە ، بۆیە گەر بنوارینە ئاماری ساڵی 1957 دەبینین :–
رێژەی كورد ( 48،1٪)و رێژەی عەرەب ( 28،2٪) و رێژەی توركمان ( 21،3٪) . "10"


www.pertwk.com


زاخۆ
دهۆک
ئاکرێ
موسڵ
هەولێر
سلێمانی
کەرکوک
کفری
خانەقین
مەندەلی
بەدرە
سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی
سنوری نێودەوڵەتی
سنوری هەرێمی کوردستان




نەخشەی ژمارە (٧) ناوچە بەعەرەبکراوەکانی کوردستان



www.pertwk.com

بەلاّم بەهۆی بەردەوام بونی سیاسەتی پاكتاوكردنی رەگەزی لەسەر دەستی بەعسـییەكان و راگـوێزانی خـەڵكی كورد لەشاریكەركوك ودەوروبەری و نیشتەجیٚكردنی عەرەبی ناوچەكانی باشور . دەبینین كە رێژەی كورد پاش ( 20) ساڵ لە بری زیاد كردن زۆر كەم دەبێتەوە وە رێژەی عەرەبیش زۆر زیاد دەكات هەروەك لـە ئامـاری سـاڵی 1977 هاتووە :.

رێژەی كورد ( 27,7٪)و رێژەی عەرەب ( 44,4٪) و رێژەی توركمان ( 16,3٪). "11"

بۆیە دەبینین بەراورد لەگەڵ ئاماری سـاڵی (1957) رێـژەی كـورد لـە ( 48,1٪)ەوە دابـەزی بـۆ (27,7٪)ەوە رێژەی عەرەبیش لە( 28,2٪) ەوەسەركەوت بۆ ( 44,4٪)ەوەدەبینین لـە مـاوەی سـاڵی ( 1957 – 1977 ) ، رێژەی كورد ساڵانە ( 0,7٪) زیادی كردوە وە رێژەی عەرەب ساڵانە ( 5٪) ریادی كردووە ." 12"

ژمارەی ئەو دێهاتانەی كەسەر بە پارێزگای كەركوكن و تەواوی دانیشتوانەكەی راگوێزراون لە نێوان ساڵانی ( 1963 ـ 1988 ) بریتین لە " 779 " گوند , وە كۆی دانیشتوانە راگوێزراوەكەی ( 198064 ) كەسە بەم شێوە :

دێهاتە راگوێزراوەكان لە پارێزگای كەركوك ( 1963 تـا 1988 )" 13 "

| قەزا | ژمارەی گوند | ژمـــــارەی دانیشــــــتوانی راگوێزراو |
|---|---|---|
| كەركوك | 318 | 61394 |
| كفری | 81 | 22817 |
| چەمچەماڵ | 164 | 51797 |
| دوز خورماتوو | 135 | 41696 |
| كەلار | 81 | 20360 |
| كۆ | 779 | 198064 |


www.pertwk.com

هەربۆیە رژێمی بەعس بەردەوام لەهەوڵی تەعریب و پاکتاوی رەگەزی بووە لەوشارە , ئەمیش بەچەندین پلان و بەرنامەی جۆراو جۆر , عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی نوسینگەی باکوری حیزبی بەعس لـەرۆژی 1989/4/15 بەبۆنەی دەست بەکاربونی ( حەسەن عەلی العامری) بە بەرپرسی نوسینگەی باکوری حیزبی بەعس , زۆر راشکاوانە دەڵێ : ( کەمن هاتم رێژەی عەرەب و تورکمان لە کەرکوکدا ل " 51٪ " زۆر تر نەبوو پـێش هـەموو شـتێك مـن " 6 " ملیون دینارم سەرف کرد تا گەیشتمە ئەو ئاستە , بەلاّم ئەو هەموو عەرەبەمان هێناوە , رێژەکەیان گەیاندە " 60٪ " دواتر بڕیارێکمان دەرکرد رێگەم نەدا کورد لە کەرکوکـدا کاربکـات , هـەروەها لـەنزیکی شـارو گونـدەکانی دەورو بەریدا لە دوای 21/ 6 / 1987 هەرکەسێك بگیرایە دەبوایە بکوژرایە بێ دودڵی )." 14"

بێگومـان پرۆسـەی راگواسـتن لەشـاری کەرکوکـدا بـەردەوام بـووە , خەڵکەکـەی لەبـەردەم دوو ئەگـەر دادەنـا : یائەوەتە دەرکردن بەبێ مەرج و دەستگرتن بەسەر خانوو زەویدا , یاخود هەڵگتنی ناسنامەی عـەرەب و خۆکردنـە عەرەب بوو لەماوەی نێوان ساڵی ( 1991 – 2000 ) لە هەولێر ( 133 ) هەزار ئاوارەی کەرکوکی و لەسلێمانی ( 108 ) هەزار ئاوارەی کەرکوکی هەن ." 15"


ئەمە لەماوەی سەرەتای دەسەلاّتی حیزبی بەعسی عەرەبیدا تا ساڵی ( 1977) رێژەی کور بەو شێوەیە دابەزیوە .بەلاّم رێژەی کوردی شاری کەکوك تـا سـاڵی ( 2002) دابـەزیوە بـۆ لـە ( 10٪) . ئـمیش پـاش بڕیـاری ژمـارە ( 199)ی حیزبی بەعس لە ساڵی ( 2002) دا بۆ باشتر جێبەجێکردنی شالاّوی پاکتاوکردنی رەگەزی دەری کـردوو لەسایەیدا رێ بەدزگاکانی رژێم دراوە زیاتر پلانی ناسراو بە ( تصحیح القومیە) یان لەناوچە کوردی‌یەکان جێبەجێ بکەن. " 16"

لە ناوەڕاست وکۆتایی حەفتاکاندا بەمەبەسـتی دروسـتکردنی پشـتێنێکی ئـەمنی بـە درێـژایی سـنوری عێـراق لەگەڵ ئێران و تورکیا رژێم سەرلەنوێ دەستی کردووە بە گوێزانەوەی زۆرەملێی بەلانی کەم ( 250)هـەزار کـورد ، کەلە نزیك سنورەکانی ئێران و تورکیا دەژیان ." 17 "

ئەمە سەرەڕای شالاّوی راگواستنی زۆرە ملێی دانیشتوانی شوێنە سنوری‌یەکان و وێرانکردنـی زیـاتر لـە " 500 " گوند و بەپێی هەلو مەرجی ریکەوتن نامەی 1975 ی جەزائیر کەلە سـالأنی کۆتـایی حەفتاکانـدا ئەنجامـدرا ." "18

رژێم گوندەکانی ئەم ناوچە کوردی‌یانەی وێران کردوو بەشی زۆری کوردەکان کە لەجێگەی خۆیان هەڵکـەنرابوون سەرلەنوێ لە ئۆردوگا زۆرەملێی تازەدا نیشتەجێ کرانەوە کە لەژێر چاودێری سوپای عێراقی دا بوون .
( سەرنجی نەخشەی ژمارە 3 بدە) .

لە ئامارێکدا ژمارەی ئەو گوندانەی لەساڵانی " 1963 ـ 1989 " خاپورکراون و راگوێزراون گەیشـتۆتە ( 3840 ) گونـدو شـارو شارۆچـکەو , کـۆی خێزانـە راگوێزراوەکـانیش گەیشـتە ( 221829 ) خێـزان کـەکۆی دانیشتوانەکەی ( 1021758 ) ." 19 "




نەخشەی ژمارە (٣) ناوچە راگوێزراوەکانی کوردستان



www.pertwk.com

رژێم بەردەوام لەهەوڵی کەمکردنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستاندا بووە , بەدرێژایی هەموو ئەو ئامارانەی لەعێراقدا کراوە , بەردەوام رێژەی کورد لە دابەزیندابووە , لە جێی زیاد بوون لە چوارچێوەی سروشتی زیاد بوون لە کوردستاندا , لەم خشتەیەدا بەئاشکرا ئەو دیاردەیەمان بۆ دەردەکەوێ .

رێژەی دانیشتوانی کورد لە عێراقدا لە ( 1947 ـ 1997 ) " 20"

| ساڵی سەرژمێریکردن | رێژەی دانیشتوانی کورد لە عێراق |
| --- | --- |
| 1947 | ٪30,4 |
| 1957 | ٪23,4 |
| 1965 | ٪22,9 |
| 1977 | ٪22,4 |
| 1987 | ٪21,2 |
| 1997 | ٪19,6 |

لە خشتەکەدا بۆمان دەردەکەوێت کە رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لە نێوان ساڵانی ( 1947 تا 1997 ) توانیویانە رێژەی ( 10,8 )ی کورد لە عێراق کەم بکەنەوە , ئەمیش بەهۆی سیاسەتی قەتڵ و عام و کوشت و کوشتارو شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان .

( وە رێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان تاکو ساڵی 1989 بەهۆی درندەیی دەسەڵاتدارانی بەعسەوە کە دوچاری ماڵوێرانی و راکواستن بوون دەگاتە ( ٪30 ) , کۆی دانیشتوانی هەرێم لەئەنجامی سیاسەتی بەعەرەبکردنی کوردستاندا , زیاتر لە ( 43488 )کم2 لە خاکی کوردستانی عێراق کەدەکاتە ( ٪49,41 )ی خاکی هەرێم دانیشتواونە کوردەکەی دەرکران و عەرەب لەجێگەیان نیشتەجێکران )." 21"

هەروەها رژێم لە نێوان ساڵەکانی ( 1968 ـ 1982 ) زیاتر لە (200) هەزار هاوڵاتی کوردی فەیلی لە ماڵ و حاڵی خۆیان لە شارەکانی بەغدا , خانەقین , مەندەلی , بەدرە , دەرکردو میصریو سودانی لە شوێنیان نیشتەجێکردن , لە نێوان ساڵەکانی ( 1970 ـ 1980 ) نزیکەی (4 ) هەزار کوردی فەیلی دەرکرد , هەروەها لە نێوان ( 1980 ـ 1982 ) نزیکەی (20 ) هەزار کوردی فەیلی تەنها لە پارێزگای ( بەختەرانی ) ئێران نیشتەجێ بوون . " 22"

هەروەها رژێم لەساڵی ( 1980) زیاتر لە (120)هەزار کوردی فەیلی بەچەند وەجبەیەك و بەشێوەیەکی وەحشیانە فرێ درانە ئەو دیوی سنوری ئێران و لەپێش ئەمەشدا نزیکەی (70)هەزاری دیکەیان ئاودیو کران .

له سەرەتاوە تاكو ئێستا زیاد له (10)هەزار كوردی فەیلی لەنێوان تەمەنی (14 – 45)ساڵیدا بێ سەرو شوێن كران ."23"

هەروەها رژێم تەنها له شاری سلێمانی داو له نێوان مانگی 9ـ10ی 1985 ( 300 ) گەنجی كوردی له سێدارەداوە كەتەمەنیا لەنێوان ( 17 ـ 23 ) ساڵ بوون " 24 ".

له درێژەی جینۆسایدەكانی كوردا و پاش هەرەس هێنانی شۆڕشی كورد ساڵی ( 1975) دەیان هەزار خێڵی بەرزانییەكان به زۆر له شوێنەكانی خۆیان هەڵكەنران و گوێزرانەوە بۆ بۆ ناوچەی بیابانی ووشك له باشوری عێراق ، بێ ئەوەی لەلایەن رژێمەوە هیچ یارمەتییەك بدرێن ، ئەم گوندنشینانه نزیكەی ( 5) ساڵیان له جێگەو ماڵی نوێدا بەسەر برد له باشوری پارێزگای (دیوانییە) بەلاّم له ساڵی ( 1980) سوپای عێراقی , به ئۆتومبیلی ئیڤا ئەم ئۆردوگایانەیان پێ پێچانەوەو بەرەو كۆمەڵگای (قوشتەپە)ی باشوری شاری هەولێر راپێچكران و هەندێكیشیان بران بۆ كۆمەڵگای (بەحرەكە)لەباكوری شاری هەولێر ، ئەوانی تریش بۆ كۆمەڵگای ( دیانەو هەریری) نارد ."25"

لەم كۆمەڵگایانەدا خەڵكەكە بۆیەكەمجار هەوای كوردستانیان هەڵمژی پاش ئەوەی له 22ی 1980/9 جەنگی كاول كاری نێوان عێراق و ئێران دەستی پێكرد ، هەربۆیە جكومەتی ئێران له 22/ 7 /1983 پەلاماری شارۆچكەی ( حاجی ئۆمەران)یان داو به چاوساغی هێزی پێشمەرگە ناوچەكانی ( شیوەڕەش ، ئالانه ،ئازادی ، رایەت)یان له دەسەلاّتی بەعس سەندو هەزاران سەرباز له هەردوولا كوژران .

هەربۆیەرژێمی بەعس له تۆڵەی ئەم روداوەدا له 30 / 7 /1983 دا بەسەرۆكایەتی ( بەرزان تكریتی و وەتبان تكریتی) هەردوو دایك برای دیكتاتۆرو و به فەرمانی راستەوخۆی ( صەدام حوسێن) دەوری ئۆردوگای زۆرەملێی بارزانییەكانی دا له ( قوشتەپەو دیاناو هەریرو بەحرەكە) ، زیاتر له ( 8)هەزار پیاوی گەنجیان دەستگیرو سەرنگوم كرد ." 26 "

هەندێ پێیانوایه كەپیاوە بەرزانییەكان ساڵێك له ژیاندا ماون بەلاّم ( صەدام حوسێن) له سیپتێمەری 1983 دا گومانێكی ئەوو تۆی نەهێشتەوەو له وتارێكیدا زۆر بەڕاشكاوانه وتی( ئەوانه خیانەتیان له ولاّت و له پەیمان كرد بۆیە بەسزای سەختمان گەیاندن و بۆ دۆزەخمان ناردن ) "27"

بەپێی ئەو زانیاریانەی كەلەبەردەستدان ئەم پیاوە بەرزانیانەیان لەبیابانی ( عەرعەر)دا زیندە بەچاڵ كرد ، ژن ومناڵەكانیشیان دوای خۆیان تا راپەڕین له ئۆردوگاكاندا دەوریان به ئەمن و ئیستخبارات گیرابوو ، كه ژیانێكی زۆر سەخت و دژواردا دەژیان ئاوو كارەباو كەل و پەلی خواردەمەنیان لێ بڕیبون بەردەوام دەست درێژییان دەكردە سەر ناموس و ئابڕویان .

ژنێكی بەرزانی كەلەو كاتەدا له (قوشتەپە) دەژیا ووتی :.( ئێمه گشت خەوتبوین كه سەربازەكان له كاتژمێر (3:30)دەقیقەی بەرەبەیاندا ئابلۆقەی كۆمەڵگاكەیان دابوو ،پاشان بەر لەشەبەق كاتێك كه خەڵكەكه وەبەر خۆكەوتن بچنه سەر ئیش و كاریان هەموو سەربازەكان بەجاری رژانه ناو كۆمەڵگاكەوە ، هەر پیاوێك دەچوە



www.pertwk.com

دەرەوە دەیان گرت ، تەنانەت پیرەمێردێکی شێتیشیانگرت و دەست و قاچیان شەتەك دا ، ئەو مەلایەشیان گرت کەدەچوو بۆ مزگەوت بانگی نوێژی بەیانی بدات ، ئەوجا دەرگای ماڵەکانیان شکاندین و کەوتنە گەڕان بەدووی پیاوەکانماندا ، ئەوان تەنانەت تەماشای سەلاجەو تەنکی ئاویشیان دەکرد ، هەموو نێرینەیەك کەتەمەنی لە (13) ساڵ بەرەو ژور بوو بردیان ، ئافرەتان دەستیان کردە گریان و رۆ رۆو قورئانیان بەرەو رویان بردن و زۆر پاڕانەوە لە سەربازەکان تا پیاوەکانیان نەبەن ). "28"

پاش ئەوەی ئەم پیاوە بەرزانی‌یانەیان دەست گیرکردوو پاشان رەوانەی (دیوانی‌یە)دەکرێن ، وە پاش ماوەیەکیش بەفەرمانی راستەوخۆی (صەدا حسین) دەبرێن بۆ بیابانی عەرعەری سنوری عێراق ـ سعودیە لەوێدا چاڵیان بۆ هەڵدەکەنرێو دەکەس دەکەس گوللەباران دەکرێن و دادەپۆشرێن ، یەکێك لەوسەربازانەی بەشداری لەو پرۆسەیەدا کردووە زۆر بەووردی ئەم روداوی زیندە بەچاڵکردنە دەگێڕێتەوە . ( بڕوانە گۆڤاری یاساپارێزی ژمارە 4 , لاپەڕە 260).

گەر تەماشا بکەین ئەم روداوە لە زۆر رووەوە لە پرۆسەی ئەنفال دەچێت تەنها جیاوازیشیان ئەوەیە کە پرۆسەی ئەنفال زۆر بەفراوانترو دڕندانە تر بوو .

هەر اە درێژەی پیادەکردنی جینۆساید لەلایەن رژێمەوە ، ئەوەبوو رژێمی بەعس بوو بە یەکەم رژێم لە مێژودا کە بەچەکی کیمیاوی هێرش بکاتە سەر دانیشتوانی مەدەنی خۆی ، بۆیەکەمجار لە ئێوارەی ( 16/ 4 / 1987)دوانزە فڕۆکەی رژێمی فاشی ناوچەی ( بالیسان ، شێخ وەسانان ) بە کیمیاوی و گازی خەردەل بۆردومان کرد ، بەهۆی ئەم بۆردومانەوە لە گوندی شێخ وەسانان نزیکەی ( 110) کەس کوژران کە ( 33)یان منداڵی خوار چوار ساڵ بوون ." 29"

لە پاش کیمیاوی‌یەکەخەڵکی ئەم ناوچانە رووەو هەولێر بەڕێ دەکەون ، کاتێك لە نەخۆشخانەاە هەلێر تیمار دەکران لەوکاتەدا ( حسن الدوری) بەڕێوە بەری ئەمنی هەولێر هەمو بریندارەکانی برد بۆ بەندیخانەی ئەمنی هەولێر لەوێ ( 142) کەسیان مردن کە کیمیاویان بەرکەوتبو چونکە لەوێ بێتیمارکردن و پشت گوێخستنەوە بەپێی لێکدانەوەی ( میدڵ ئیست ووچ) کوژراوانی دۆڵی بالیسان خۆی دەدات لە ( 400 ) کەس .

بێگومان رژێم لەم هێرشە کیمیاوی‌یەدا دوو مەبەستی هەبوو :.

1- تا بزانێت چەندێك پێشمەرگەو خەڵکی لەبەردەم چەکی کیمیاوی‌دا .خۆیان دەگرن و بۆ چاو ترسانیان .

2- بۆ ئەوەی بزانێت کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتە زلهێزەکان چی دەبێت بەرامبەر بەبەکارهێنانی چەکی کێمیاوی , بوئەوەی رێگە خۆشکەر بێت بۆ بەکار هێنانی لە شوێنی دیکەدا

هەموو ئەمانەی سەرەوە مشتێك بوون لە خەروارێکی ئەو تاوان و جینۆسایدانەی کە بەرامبەر بە میللەتی کورد کراوە , لێرەوە دەردەکەوێت کە گەلی کەرد مێژوویەکی دێرین و دوورودرێژی هەیە لە جینۆساید و سڕینەوەی کلتوری نەتەوایەتی .

نـەبونی هـیچ جـۆرە بەرهەڵسـتییەکییەکی نێودەوڵـەتی  بەرامبـەر بەبـەکارهێنانی چـەکی کیمیـاوی لەلایـەن رژێمەوە زیاتر رێگەی لەبەردەم رژێمدا خۆشکرد بۆ جینۆساید و قڕکردنی میللەتی کورد .

بۆیە ئونفال درێژبونەوەی لۆژیکی قڕکردن و لەناوبردنی میلەتی کوردبوو کەرژێم دەیان ساڵ لەوەوبەر نەخشەی بۆکێشابوو , هەر بۆیە پرۆسەی ئەنفال تاوانێکی نەخشەبۆدارێژراوی رژێمـە بـۆ ئەنجامـدانی سیاسـەتی لـە رەگـو ریشە هەڵکێشان و سترۆکتۆری نەتەوەی کورد .

## پلاندانان بۆ پراکتیك کردنی شاڵاوەکانی ئەنفال

بێگومان خۆ ئامادەکردن بۆ پراکتیزەکردنی ئەم شاڵاوە پێویستی بەنەخشەو پلانی سەرکەوتوو هەیە و ئەمـەش پێش هەموو شت پێویستی بە سوپایەکی پرچەك و تۆکمەو داراییـەکی بـێ سـنور هەیـە ، هـەروەك ئـەم پرۆسـەیە پرۆسەیەکی لەناکاوو بە شێوەیەکی ئاسایی وبێبەرنامە جێبەجێنەکراوە، بەڵکو پرۆسەی ئەنفال بەرهەمی لـۆژیکی پڕ لەشەڕەنگێزی و رق و تورەیی رژێمی بەعسە بەرامبەر بە میللەتی کورد , بەرهەمی پلانێکی نەخشە بۆ دارێژراوی چـەندین سـاڵەیە بەمەبەسـتی سـڕینەوەی مـۆرکی نەتەوایـەتی کـورد ، ئـەمیش راشـکاوانە سـەرانی بـەعس بەگـەلی کوردیان راگەیاندبوو ، هەروەك (عەلی حەسەن مەجید) لە کۆبونەوەیەکی دا بە کۆمـەڵێك رەفیـق حیزبـی دەڵێـت: . (بەس شەڕی ئێران عێراق تەواو بێت ناهێڵم یەك کەس بمێنێت بەکوردی قسە بکات )."30"

هەروەك لەوکاتەی مفەوەزاتی نێوان یەکێتیو بـەعس لـەمانگی تشـرینی دووەمـی سـاڵی 1983 دەسـتی پێکـرد (تارق عەزیز) بە وەفدی یەکێتی ( فەرەیدون عەبدولقادری)وتبوو : ( ئێمە ناروخێین چونکە دنیا لەبەرامبـەر ئێرانـدا پشتیوانیمان لێدەکات ,رۆژێکیش دێت ئەم شەڕە تەواوبێت ، ئەگـەر ئێسـتا بـێن و لەگـەڵمان پێـك بـێن چاکەیەکی گەورەمان لەگەڵ دەکەن ، کە هەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە ، خۆ ئەگەر شەڕ درێژە پێ بدەن دوای تەواو بونی شەڕی ئێران ئەو چەکە زەبەلاحانەی بۆ شەڕی ئەوانمان تەرخان کردووە ئەیهێنینـە سـەرئێوە سـاڵێك وەخـت و سـەدهەزار کوژراوتان بۆ تەرخان دەکەین ، خاکتان بەتورەکە دەبێژین و تەفروتوناتان دەکەین)."31"

بێگومان ئەم شتە هەروا شتێکی سادەبییە بەڵکو بەناوی حکومەت و بەعسـەوە بـووە هەربۆیـە ئـەم قسـەیەیان لـە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بە کردەوە جێبەجێکرد .

پـێش دەسـت پێکردنـی شـاڵاوەکانی ئـەنفال رژێـم خـۆی بـۆ ئـەم پرۆسـەیە ئامـادە کردبـوو . سـەرەتای ئـەم خۆئامادەکردنەش لە رۆژی 3/18 /1987 دا بوو کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ( مجلس قیادة الثورة ) و ( القیادة القطریة) لە کۆبونەوەیەکی هاوبەشدا بە تۆمەتی دەستەوستانی لە سەرکوتکردندا ( سەعدی مەهدی صالح و محەمەد هەمزە زوبەیدی )یان لابردو ( عەلی حەسـەن مەجیـد)یـان کـرد بـە (رازگـری نوسـینگەی بـاکوری حیزبـی بەعس)( امین سر مکتب تنظیم الشمالی) ."32"



www.pertwk.com

له کاتێکدا که زۆربەی کورد گوێی لێبوو بەڵێنی بەخۆیدا کەلەماوەی دوو ساڵدا کورد سەرکوت بکات ئەگەر دەسەلاتی تەواوی هەبێت ، پاشان بەپێی بریاری ژمارە ( 160)ی رۆژی 29 /3 / 1987ی ( مجلس قیادة الثورة)و بەئێمزای رەسمی ( صەدام حوسێن) عەلی حەسەن مەجید دەسەلاتی رەهای پێ بەخشرا لەناوچەی باکوردا .

لێرەوە پرۆسەی جینۆسایدکردنی کورد کەوتە قۆناغێکی خراپتر ، چونکە دەسەلات کەوتە دەست دڕندەیەکی زۆر لەصەدام داخ لەدلتر بەرامبەر بەکورد ، هەربۆیە عەلی حەسەن مەجید کەوتە دانانی بەرنامەو پلان بۆ قرکردنی میللەتی کورد . ئەمیش سەرەتا وەك خۆئامادەکردنێك بۆ پرۆسەکە سەرجەم قوتابخانەو نەخۆشخانەی لادێکانی داخست و لەخزمەت و پێداویستی بێبەشی کردن ، هەروەها پێش دەست پێکردنی هێرشەکانی ئەنفال رژێم ناوچەکانی دیاری کردبوو بە بریاری ژمارە ( 457 )ی رۆژی 30 / 6 / 1987 دا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە عێراقدا هەموو بەرێوەبەرایەتی‌یەکی کشتوکاڵی لەشارو ناوچەکانی کوردستان هەڵوەشاندەوەو هەموو کەرەسەیەکی کشتوکاڵیش قەدەغەکرا ." 33"

لێرەوە ئەبینین گرنگترین سەرچاوەی ژیانی دێهات نشینەکان قەدەغەکران ، لەبەرئەوەی کشتوکاڵ سەرچاوەی ژیانی سەرانسەری خەڵکی کوردستانە . هەربۆ رێگە خۆشکردنی تەواوەتی بۆ پرۆسەی ئەنفال رژێم لەنیسانی 1987

دەستی کرد بە پیادەکرنی بەرنامەیەك کە لە سێ قۆناغ پێك هاتبوو بە مەبەستی دروستکردنی ناوچەیەکی دابڕاو لەنێوان رژێم و ئەو هەرێمانەی کە پێشمەرگەی لێبوو .

مەبەستیش لێی دوبارە کۆکردنەوەی گوندنیشینەکان بوو ،

قۆناغی یەکەم لە 21 / 4 تا 20 / 5 / 1987 بوو .

قۆناغی دووەم لە 21 / 5 تا 20 / 6 / 1987 بوو .

بە مە زیاد لە ( 700 ) گوند سوتێنراو بە بلدۆزەر تەخت کران ، بەلام قوچناغی سێیەم دواخرا بەهۆی شەڕی لەگەڵ ئێران بۆیە لەگەڵ دەست پێکردنی شالاوی ئەنفال روی دا . "34"

ئەمەش بۆخۆی ئاگادارکردنەوەیەکی گوند نشینەکان بوو بۆ ئەوەی بێنەوە ژێر دەسەلاتی رژێم ، هەر بۆیە رژێم بریاری قەدەغەکردنی هەموو کەرەسەو خواردەمەنی‌یەکی بۆ گوندەکان دەرکرد . عەلی حەسەن مەجید وەکو نوێنەری سەرکردایەتی‌دەسەلاتی تەواوی هەبوو بۆ بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعس بەپێی بریاری ژمارە ( 28 / 4008 ) لە 20 / 6 / 1987 دا دەرچوو بەیەکجاری پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئیتر سیاسەتی کوشتن و وێران کردن لە 22 / 6 /1987 لە دێهاتە قەدەغە کراوەکاندا پیادە دکرێت ئەم بریارەش بە ئیمزای ( عەلی حەسەن مەجید) بەناوی ( قیادة مکتب تنظیم الشالی ـ مکتب سکرتاریة)وە دەچووە و ئاراستەی فەیلەقەکانی( یەك ، دوو ، پێنج) سوپای عێراقی کراوە لە ناوچەکانی کوردستاندا .( بروانە دەقی بریارەکە لە پاشکوی ژمارە 2 ).

کورت کراوەی ئەم بریارەش بەم جۆرەیە :.



www.pertwk.com

لەبەر ئەوەی بەڕەسمی ڕاگەیەنراوە کە دوا کاتی کۆکردنەوەی دێهاتـەکان لـە 21 /6 / 1987 دا تێدەپـەڕێت ، ئیتر لەرۆژی 22 / 6 /1987 ەوە ئەم کارانە ئەنجام ئەدرێت :.

1- ئەو دێهاتانەی هێشتا کەسانی ئاژاوە چییان (مخرب)یان تێدایە وەکو دێهات قەدەغەکرا دادەنرێت .

2- ئەو دێهاتانەی وەکو ناوچەی شەڕ دادەنرێن و بەتەواوی مرۆڤ و ئاژەڵیان تێـدا قەغەیـە ،سـوپاش بـۆی هەیـە هەرکات بیەوێت بەئازادی تەقەو دەست ڕێژیان لێبکات .

3- هاتوو چۆ بەتەواوی بۆئەو ناوچانە قەدەغەیە ، وە هەموو جـۆرە کشـتوکاڵ و ئاژەڵدارییـەك لـەو دێهاتانـەدا قەدەغەن و لەژێر کۆنترۆڵدان.

4- سوپا پێویستە هەرکاتێك بێت بۆردومان بکـات تـۆپ و هـەلی کۆپتـەرو فرۆکـە بـەکاربهێنێت ، تـاکو زۆرتـرین ژمارەی ئەو کەسانە بفەوتێنێت کە لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندان .

5- هـەر کەسـێك لەگوندەکانـدابێت پێویسـتە بگیرێـن و لەلایـەن دەزگـای ئاسایشـەوە لێـی بپرسـرێتەوە ، وە هەرکەسێك لەوانە تەمەنی لە نێوان ( 15 – 70 ) ساڵ بێت لە دوای ئەوەی زانیاری تەاوی لێوەردەگیرێت ، دەبێت ئیعدام بکرێت .

6- هەرکەسێك خۆی تەسلیم کردەوە دەبێت لەماوەی سێ ڕۆژدا لێ پرسینەوەی لەگەڵ دا بکرێت .

7- مستەشارەکان وهێزی فەوجەکانی بەرگری میللی، جگە لەچەکی قورس دەست بەسەر هەموو شت و مەکێکدا بگرن ، بۆخۆیاندەبێت.

ئەم بەڵگە نامەیە خۆئامادەکردنێکی تـەواوی ڕژێـم پیشـان دەدات بـۆ جێبـەجێ کردنـی پرۆسـەیەکی گـەورەی لەناوبردن و جینۆسایدکردن وە هیچ جیاوازییەك ناکات لەنێوان گوندنشینێك و پێشمەرگەیەکدا هەموو بە ( مخـرب) لە قەڵەم دەدات و بەبێ جیاوازی تەمەن و ڕەگەز پێویستە لەناو ببرێن .لەسەر بنەڕەتی برگەکانی ئەم بەڵگەنامەیـە شالأوەکانی ئەنفال بەڕێوە چوو .

وەك ئەبینین لەکاتی شالأوەکانی ئەنفال دا هەموو ئـەو بڕگانـەی سـەرەوە جێبـەجێدەکرا هەربۆیـە ئـەم بـەیان نامەیـە بـەخاڵی دەسـت پێکردنـی پرۆسـەی ئـەنفال دادەنرێـت و وە گـرنگترین پلانـی ڕژێمـە بـۆ جێبـەجێکردنی شالأوەکانی ئەنفال . وە پـاش ئـەم بریـارەش ڕژێـم بۆزیـاتر دابڕینـی خـەڵکی دێهـات نشـینەکان لەشـارو بەتـەواوی جیاکردنەوە و ناسینیان ، هەستا بە پیادەکردنی پێناسی ریزی نیشتیمانی
( الاحصـاء)لـە 17 /10 / 1987 لـەم ڕۆژەوە ناوچـەی دابـڕان و (منـاطق المحظـورة) دوا مۆڵـەتیان درایـە بـۆ گەڕانەوەیان ، وە ئەم سەرژمێرییە دا ئەنرێ بە گرنگترین هەنگاوی ئیداری کە لەلایەن ڕژێمەوە پیادەکرا .

پاش ئەوەی ڕژێم ناوچەی دابڕاوی دیاری کرد ئاگاداری بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکان دەرکـرد ، لـەم ئاگادارییـەدا ڕژێم بە دانیشتوانی ڕاگەیاند کە یەکێك لەم دوو ڕێگایە هەڵبژێرن :.

1- یا بگەڕێنەوە ریزی نیشتیمانی : واتا هەموو شتێك بەجێ بهێڵن و ڕازیبن بەسەرلەنوێ نیشـتەجێکردنیان لـەو ئۆردوگا پیسانەی کەڕاستەوخو لەژێر چاودێری هێزە ئەمنیەکانی ڕژێمدان .



www.pertwk.com

2- یا ئەوەتا مافی هاولاّتی لەدەست دەدەن : لەم کاتەدا بەسەربازی هەلاّت و دادەنرێن ، بەمەش بەر ئـەحکامی بڕیـاری ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـی ژمـارە ( 677 )ی 28 / 8 /1987 دەکـەون ، کەلەلایـەن ( صـەدام حوسێنەوە) ئیمزا کراوە :."35"

1- سزای هەلاّتن لە سەربازی لە سێدارەدانە .

2- هەڵنەبژاردنی ریزی نیشتیمانی یەکسانی بەسزای لەسێدارەدان ،

پێش دەست پێکردنی سەرژمێرییەکە دەزگاکانی ئاسایش و موخابـەرات دەسـتیان بـەکاروباری تایبـەت کـرد ، بەمەبەستی قەدەغەکردنی هەموو جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان هەردوو لادا ، ئەمە جگە لە پیادەکردنی سیاسـەتێکی دیکە ئەویش دەرکردنی خێزان و کەس و کاری پێشمەرگەبوو لەناوچەکانی ژێر دەسـەلاّتی حکومەتـدابوو ، دەبوایـە ئـەو خەڵکـە بـەزۆر دەربکرانایـە بـۆ ناوچـە قەدەغـەکراوەکان ، هـەروەها دام و دەزگاموخابەراتیـیـەکانی رژێـم لەناوچەکەدا بەتەواوی کەوتبونە خۆیان وهەماهەنگیان لەم کارەدا دەکردوو ئەم کارەیان جێبەجێ دەکرد .

هەموو ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن ( عەلی حەسەن مەجید )ەوە دەردەکرا رۆژانە لەلایەن یەکەکانی سـوپاو دەزگـا ئەمنیو حیزبییەکانەوە جێبەجێ دەکران ئەمیش بەتەواوی رێگە خۆشکردن بوو بۆ شالاّوی ەنفـال و نزیـك بونـەوە لە جێبەجێکردن و پیادەکردنی شالاّوەکە . وە هێـرش کردنـە سـەر گوندنشـینەکان و لـەناو بردنـی هـەموو جـۆرە سەرچاوەیەکی ژیانیان . هەروەکو ( عەلی حەسەن مەجید) لە یەکێك لە کۆبونەوەکانیدا دەڵێت :.( هاوینی داهـاتوو نابێت هیچ گوندێك لێرەو لەوێ مابێتەوە ، کۆمەڵگاکانی لێبەدەربێت ، دەبـێ رێـك وەك مریشـکە بـەکرِی لێبێـت کـە چۆن جوجەڵەکانی دەخاتە ژێر باڵی ....... لەئێستاوە ئاردو شەکرو نەوت و کارەبـا لـەو گوندانـە دەبـڕم ..... مـن ناوچەی گەورەو فراوان قەدەغە دەکەم و ناهێڵم کەسی تێدا بژی و هەموو ژیانێکی تێدا قەدەغەدەکەم ) "36"

وەك دەبینین ئەم قسانەی (عەلی حەسەن مەجید) هیچ جیاوازییەکی نەهێشـتوّتەوە لـەنێوان گونـد نشـینێك و پێشمەرگەیەك هەربۆیە مەبەستی لێرەدا ئەوەیە کە ئەو بەشە کوردانەی لـەژێر دەسـەلاّتی خۆیـدا نـەبێت بەتـەواوی بیان فەوتێنێت و لەناویان بەرێت ، ئـەم ئامانجەشـی بەتـەواوی لـە پرۆسـەی ئەنفالـدا بردەسـەرو زیـاد لـە چـارەکە ملیۆنێك خەڵکی بێتاوانی کوردی لەناو برد .

بۆ پیادەکردنی ئەم پرۆسەیەش رژێم هێزێکی گەورەو پڕ چەکی بەتازەترین و ترسـناکترین شـێوە بـەکارهێنا ، هەربۆیە قەوارەی ئەو هێزەی کە رژێم ئامادەی کردبوو بۆ ئەم شالاّوە سەرجەم فەیلەقەکانی ( یەك – بە لێپرسراوی سوڵتان هاشم و فەیلەقی دوو –بەلێپرسراوی نزار خەزرەجیو فەیلەقی سێ بەلێپرسراوی یونس محەمـەد زەرب ) وە سەرجەم تواناکانی ( ئیستخبارات بە لێپرسراوی فەریق الـرکن وفیـق السـامرائی)و ئـەمنی عامـە و قـوات الطـوارئ و مکتب تنظیم الشمالی ، ئەمیش بەهاوکاری (300) فەوجی خەفیفە کە لە (250)هەزار جاش پێکهاتبوو بەشـداریان کرد ، کە هەمیشە چاوساغ و یارمەتی دەری رژێم بوون لە جێبەجێکردنی تاوانەکانیدا لە کوردستان . "37"

بێگومان ئەم جاشـانە رۆڵـی بەرچـاویان هـەبوو لـە شـالاّوەکانی ئـەنفال کـە هەریەکـەیان (85)دینـاری عێراقـی وەردەگرت بەپێی دۆلاری ئەوکاتە کـە دینـارێ ( سـێ) دۆلاری دەکـرد ئـەویش دەیکـردە ( 255) دۆلار ، بێگومـان



www.pertwk.com

ئەمانە کەسانێکی بێسیماو بێ پەیوەندن ئەمانە هیچ ئینتیمایەکیان بۆ پێکهاتەی سیاسی کورد نەبوو . لێرەوە بەعس توانیویەتی عەقڵی ئەمانە پەسیج بکات و وەك میکانیزمێك بەکاریان بهێنێت بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی .

## قۆناغەکانی جێبەجێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال

پرۆسەی ئەنفال گەورەترین پرۆسەی سەربازی رژێمی عێراق بوو بۆ لەناو بردنی میللەتی کورد ، رژێم بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆسە گەورەیە کەوتە دانانی نەخشەو پلان هەربۆیە ناوچەکانی کوردستانی دیاری کردوو بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەشی کردن ، دیارە ئەم دابەش کردنەش بۆ ئەوە بوو کە رژێم بتوانێت بە ئاسانی لە پەلامارەکەیدا سەرکەوتو بێت وقورسایی هێزی لەیەك ناوچەدا بەکار بهێنێ‌و بەئاسانی بەسەر هێزی پێشمەرگەدا سەر بکەوێت ، ئەگەر بەیەکجار پەلاماری هەموو ناوچەکانی کوردستانی بدایە ئەوا نەیدەتوانی بەتەواوی لەم شاڵاوە سەر بکەوێت .

پاش ئەوەی لەسەرەتای ساڵی 1988 دەزگا ئیستخباراتی‌یەکانی رژێم دزەیان کردبووە ناو دەزگا دەسەڵاتدارەکانی ئێران ، هەربۆیە دڵنیا بون لەوەی کە ئێران توانای هێرشی گەورەی نەماوە بۆسەر عێراق , لەبەر ئەوە ئێراق بەشێکی زۆری سوپاکەی لە مەیدانی جەنگ کشانەوە بۆ تێکشکاندنی بزوتنەوەی کوردو جێبەجێکردنی هێرشی ئەنفال ."38"

بۆیە رژێم لە 23ی شوباتی 1988 دەستی کرد بەپیادەکردنی پرۆسەکەو بەسەر ( 8)قۆناغدا دابەشی کرد لە (6 ) ناوچەی جوگرافیادا ( قۆناغی یەکەم بۆسەر ناوچەی دۆڵی جافایەتی ، قۆناغی دووەم بۆسەرناوچەی قەرەداخ ، قۆناغی سێیەم بۆسەرناوچەی گەرمیان ، قۆناغی چوارەم بوسەر ناوچەی قەلاَسێوکەو دۆڵی زێی بچوك ، قۆناغی پێنج و شەش و حەوت بۆسەر ناوچەکانی شەقلاَوەو رەواندوز، قۆناغی هەشتەم و کۆتایی بۆسەر ناوچەی بادینان ). سەرجەم ئەم قۆناغانەش لە 6 ی ئەیلولی 1988 پاش روخاندنی هەموو گوندەکانی کوردستان کۆتایی هات .

**قۆناغی یەکەمی پرۆسەی ئەنفال لە** ( 23 /2 **تــا** 18 / 3 / 1988 )

ئەم شالاَوەی رژێم بۆسەر ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی لە سنوری قەزاو ناحیەکانی ( دوکان ، بنگرد ، چوارتا ، قەلاَچوالان ، سەرچنار ، سورداش)ی سەربەپارێزگای سلێمانی دەستی پێکرد ."39" ئامانجی سەرەکی ئەم هێرشە بۆ وێرانکردن و لەناو بردنی ( 25 - 30) گوندی دۆڵی جافایەتی و داگیرکردنی بارەگای سەرکردایەتی ( ی ، ن ، ك ) بوو .

لەبەرەبەیانی 23 / 2 /1988 خەڵکی یاخسەمەرو سەرگەڵو بەرگەڵو بەدەنگی ناڵەو زرمەی راجیمەی کیمیاوی بەئاگاهاتن ، ئەم بۆردوومانە بەیەکەم تەقەی پەلاماری ئەنفال دەژمێردرێت ، ئەم کیمیابارانەش بۆ چاوترساندنی هێزی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکەبوو ،ئەم هێرشە کیمیاوی‌یە زۆر بەخەستی دەستی پێکرد و پاشان سەرلەبەیانی 23ی شوبات سوپاو هێزی ئاسمانی و گاردی کۆماری و هێزە زەمینییەکانی رژێم لە هەموو لایەکەوە پەلاماری



www.pertwk.com

ناوچەکەیان دا ، ( هێزێك لەمێرگە پانەوە بەرەو شەدەڵە ، هێزێکی تر لە دۆڵە روتەوە بەرەو کەلکی قزلەر ، هێزێکی تر لەقەڵەم پاشاوە بەرەو بەرگەڵو ، هێزێکی تر لەدەشتی بنگردەوە بۆ سەر گەورە قەڵاو ئاسۆس ، هێزێکی تر لە گۆجارەوە بەرەو گەورە دێ , هێزێکی تر لە کارێزەوە بەرەو خەجە لەرزۆك ) "40"

رژێم لەم هێرشەیدا توانانەیەکی سەربازیو داراییو ئیعلامی زۆر گەورەی بۆ تەرخان کردبوو ، لەبەر ئەوەی وای دانا کەلەم هێرشەیدا سەرکەوتووبێت ئەوا بە ئاسانی دەتوانێت لە قۆناغ و ناوچەکانی تردا سەرکەوت و بێت ، سەرپەرشتیاری ئەم هێرشەی ئەنفال لیوا روکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد)بوو ، هێزەکانی بەشدار بوو لەم شاڵاوەدا بریتیبوون لە (20)لیواو ، ( 60) فەوج و ، ( 10) فەوجی سوك ومەفرەزەی تایبەت ، جگە لە دەیان دەبابە ئەمانە هەموویان پاپشتی هێزی ئاسمانی بوون ، سەرەرای ئەو هێزە زۆرو چەکە قورسانەش کیمیاوی بەخەستی بەکارهێنرا ."41"

سوپای عێراقی رۆژ بەرۆژ بەرەو پێش هەنگاوی دەناو تا سەرەتای مانگی ئازار گوندەکان یەك لەدوای یەك داگیر دەکران و دانیشتوانەکەشی بەرەو ئێران هەڵدەهاتن وسوپاش بەبلدۆزەر گوندەکانی تەختی زەوی دەکر .

وە بۆ سوککردنی ئەو هێرشە گەورەیەی رژێم لەسەر ناوچەکە ، هێزی پێشمەرگە هەوڵیان ئەدا بەرەی دووەم بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو هێزە زەبەلاحەی رژێم لەسەر ئەو ناوچەیە سوك بکەن . بۆ ئەم مەبەستەش بە پاڵپشتی هێزی سەربازی ئێران شاری هەڵەبجەیان دیاری کرد کە نزیکەی ( 83)کم لە سلێمانییەوە دورە شوێنێکی قەرە باڵغەو نزیکەی ( 60) هەزار هاوڵاتی تێدا دەژی بۆ ئەم پلانەش لە گرتنی شاری هەڵەبجەدا هێزەکانی ( پ،د،ك ـ ی، ن، ك ـ حسك ـ بزوتنەوەی ئیسلامی ) بشدار بوون ."42"

لەهەمان کاتیشدا رژێم رقو تورەیی زۆری بەرامبەر بەم شارە هەبوو هەربۆیە بۆ بیانو دەگەڕا ، لە بەرواری 10 / 5 / 1987 هێزێکی رژێم هەڵی کوتایە سەر گوندەکانی دەورو بەری شاری هەڵەبجە نزیکەی (52 )گوندیان راگواست ، لە تۆڵەی ئەم روداوەدا لەرۆژی 13 / 5/ 1987 خەڵکی ( هەڵەبجەو خورماڵ و سیروان ) راپەرین و ناوچەکەیان لە رژێم پاك کردەوە ، هێندەی نەمابوو ببێتە راپەرینێکی سەرتاسەری ، بەلاچم لەبەر دڕندەیی سوپای دوژمن تەنها شەقڵاوەو رەواندوز هاوزەمان بون لەگەڵ هەڵەبجەدا راپەرین ، بەڵام رژێم بەهێزێکی زۆرەوە ئەم ناوچانەی گرتەوە و زیاد لە ( 50) کەسی شەهید کردوو (72) کەسی دەستگیردوو دوایی زیندە بەچاڵی کردن ، وە گەڕەکی کانی عاشقانی لەگەڵ زەویدا تەخت کرد کە زیاتر لە (350) ماڵ دەبوو ، وە بەهۆی ئەم هێرشە دڕندانەی رژێمەوە نزیکەی ( 40)هەزار کەسی ناوچەکە ئاوارەو دەر بەدەر بوون ." 43"

رژێم بۆ وێرانکردنی شاری هەڵەبجە لەبیانو دەگەڕا ، لە سەرو بەندی ئاڵۆزبونیبارودۆخی دەڤەری هەڵەبجەو ناوچەکە لەرۆژی 12 / 3 / 1988 ( صەدام حوسێن) هات بۆ سلێمانی تا لەوێوە سەرپەرشتی هێرشەکانی دۆڵی جافایەتی ( ئەنفالی یەك ) بکات ، بە فەرمانی خۆی هەڵەبجەیان فەراموش کرد و هیچ هێزێکی بۆ رەوانە نەکرد ، بەڵام هەروەکو لیوا رکن ( وفیق السامرائی) دەڵێت : ( رۆژی 16ی مارت ، ( 50) فڕۆکەی هێرشبەری زەمینی کە



www.pertwk.com

هەریەکەیان ( 4) بۆمبای (500) کیلۆگرامی کیمیاویان هەڵگرتبو ، هەڵەبجەیان بۆمباران کرد و بەو پێیە (200) تەن گازی کیمیاویان بەسەر شارەکەدا باراند ) ."44"

خەڵکەکە کەزانییان کیمیابارانە ئەوەی توانای جوڵەی هەبوو بەرەو سنورەکان ملی رێگەی گرت ، وەفرۆکەکان بەردەوام بون لە کیمیاباران کردن ، ئیتر ئەوناوە ببوە تراژیدیایەك خەڵکی وایان دەزانی رۆژی حەشر هەستاوە ، رێگەو بانەکان پڕبون لە خەڵك دنیا ببووە شیوەن و گریان و هاوار ، ئەم شالاّوە بووە هۆی شەهید کردنی زیاد لە ( 5)هەزار مرۆڤی بێتاوانی کورد و ( 5)هەزاریش بریندار بون ئەم هێرشە بەیەکەم هێرشی فراوانی زیان بەخشی دنیا دێت لە مێژوودا کە حکومەتێ بەرامبەر خەڵکی خۆی بەکاری بهێنێ .

لەپاش کارەساتی هەڵەبجە سەرکردایەتی یەکێتی کەلە ناوچەی دوڵی جافایەتی ( ئەنفالی یەك) بوو . زۆر بەرگری نەکرد هەر وەك نەوشیروان مستەفا دەڵێ : کاتێ بۆمان دەرکەوت بەرگری بێ هودەیەو شەڕەکەمان دۆڕاندووە لەبەر ئـەوە بڕیـاری کشـانەوەمان دا رۆژی 18 / 3/ 1988 برینـدارەکانمان و خێزانـەکانمان و پێشـمەرگەکانمان کشاینەوەو ناوچەکەمان چۆڵکرد ." 45"

هەربۆیە لە رۆژی 18 / 3/ 1988 یەکەکانی سوپا رژانە ناو سەرگەڵووەو بەرگەڵوش هەر ئەو رۆژە گیرا و هێزە چەکدارەکانی رژێم ( القيادة العامة للقوات المسلحة) لـە رۆژی 19 / 3 / 1988 دا بەبـەیانی ژمـارە ( 3087) لـە هەموو دەزگاکانی راگەیاندنی خۆیەوە گیرانی بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی وەکو مژدەیەك بلاّو کـردەوە ، هـەر ئەو رۆژە بروسکەی پیرۆز بایی ( سوڵتان هاشم ) سەرکردەی هێرشـەکانی ئـەنفالی یـەك بـۆ صـەدام لـە دەزگاکـانی راگەیاندنەوە خوێنرایەوە ، هەر ئەو رۆژە لەرۆژنامـەی ( الثـورة)ی ژمـارە ( 6508)و هاوکـاری ژمـارە ( 959)ەوە خوێنرایەوە .

لەم هێرشەدا نزیکەی ( 250) کەس بونە قوربانی چەکی کیمیاوی نزیکـەی ( 160) کەسـیش لـە رێگـادا بـەرەو ئێران بەهۆی سەرماو سۆڵەو بەفرەوە رەق بونەوە ." 46" ( بنوارە پاشکۆی ژمارە 3 ، 4 ، 5 )

## قۆناغی دووەمی پرۆسەی ئەنفال لە 3/ 22 تـا 1 / 4 / 1988

پاش داگیرکردنی دوڵی جافایەتی لەلایەن رژێمەوە ، کۆتایی بە پەلاماری ئەنفالی یەك هات ، رژێم خۆی بۆ قۆناغی دووەم ئامادەکرد ئەم پەلامارەش بۆ سەرناوچەکانی ( قەرەداغ ، بازیان ، دەربەندیخان) بوو .

رژێم زۆر داخ لەدڵ بوو بەرامبەر بە ناوچەی قەرەداغ ، لەبەر ئەوەی لەم ناوچەیەدا رژێم زەبری کوشندەیان لە رژێم دەدا ، هەرچەندە رژیچم ناحیەی قەرەداغی پێشتر پێ چۆڵکردبوون لەساڵی 1987 ، بۆیە ( 6 )رۆژ دوای کارەساتی هەڵەبجە لە 22/ 3 / 1988 گوندی (سێوسێنان) بەسەختیو بە شێوازی بەعسیانە درایە بەر راکێتی کیمیاوی . بۆیە ئەم چەکە بوو بەساماناکترین چەك کە دژی کورد بەکار بهێنرێت ، ئەم هێرشە بە دەست پێکی قۆناغی دووەمی ئەنفال دا ئەنرێ ، لەئەنجامی ئەم کیمیا بارانەدا وێرای زیانێکی مادی زۆر ، بووبە هۆی شەهید بونی زیاد لە ( 66) کەس و بریندار بوونی دەیانی تر لە ناو شەهیدەکاندا (30)یان منالّ بوون ."47"

بێگومان نەریتی سوپای رژێم وابوو پێش ئەوەی پەلاماری هەرناوچەیەك بدات سەرەتا بە هێرشی کیمیاوی دەستی پێدەکرد ، ئەمیش بۆ چاو ترساندنی هێزی پێشمەرگەو خەڵکی گوند نشینەکان ، ئەم سیاسەتەشی لەسەجەم قۆناغەکانی ئەنفالدا پیادەکرد ، پاشان هێرشی زەمینی سوپاو جاش لە هەموو قوڵێکەوە دەستی پێکرد ، هێزەکانی فیرقەی ( 43 )ی سوپا بە پاڵپشتی جاش هێزی کتوپڕیان لە هەرچوار لاوە بەرەو ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان قەرەداغ و دەربەندیخانەوە پێشرەویان کردو چواردەوری ناوچەکەیاندا ، وە خەڵکی ئەم ناوچەیە بەشێکی زۆری بەرەو سلێمانی هەڵهاتن بەلآم لە رێگادا دەستگیرکران و نزیکەی ( 30 ) کەس لە خەڵکی گوندی سێوسێنان دەگیرێن ورەوانەی بارەگای هێزەکانی ( طوارئ)کران لە سلێمانی کەنزیکەی (1000) کەسی تری لێبوو ، وە رۆژانە سەدان کەسیان بۆ دەهێناو پاش نزیکەی (4) هەفتەمانەوە پاشان بێسەرو شوێن کران و نەبینرانەوە "48".

وە بەشێکی زۆری خەڵکی ناوچەی قەرەداغ بەرەو گەرمیان هەلآتن لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە بە ژێر دەستی پێشمەرگەدا بوو ، پاش ئەوەی رژێم ئەم ناوچەیەی داگیر کردبوو سەرجەم گوندەکانی ئەم ناوچەیەی روخاند کە نزیکەی (80) گوندوو (2241) خانوو کە (12254) کەس لەم ناوچەیەدا دەیان ، وەنزیکەی ( 5637 ) کەس بەر شالآوی ئەنفال کەوتن و سەر نگوم کران ."49"

وە خەڵکێکی زۆری ئەم ناوچەیە خۆیاندا بەدەست سوپاوە لە بەرئەوەی شوێنێك نەبوو داڵدەیان بدات . پاش رووخان و گشت گوندەکانی ئەم ناوچەیە ئەنفالی دوو لە 1 ی نیسانی 1988 کۆتایی ئەم شالآوەش هات ، ئەم قوچناغەش بەسەرپەرشتی لیوا روکن ( ئەیاد خەلیل زەکی )بوو ، وە لەرۆژی 2 ی نیسان سەرکەوتنی (ئەنفالی دوو) لە سەرجەم کەناڵەکانی رژێمەوە راگەیەنرا دەقی بەیان نامەکە بە ژمارە ( 3109)بلآوکرایەوە کەتێیدا باسی پاککردنەوەی تەواوی ناوچەی قەرەداغ دەکات لە ( تەکیە ، بەلەك جاڕ ، مێوڵی ، بانی مۆرد ، دەر بەند فەقەرە ، قەرەداغ ، جافەران ، پۆخشین و سێوسێنان و هەموو ناوچەکانی دەربەند باسەرە ، سەرگرمە، قۆپی قەراغ ) "50"

( سەرنجی پاشکۆی ژمارە 6 بدە).

## قۆناغی سێیەمی ئەنفال 7/ 4 تـــا 20 / 4 / 1988

ئەم هێرشەی ئەنفال بۆسەر ناوچەی گەرمیان بوو ، چەقی جوگرافیا ناوچەی گەرمیان ناحیەی قـادر کەرەمـە کە نزیکەی ( 10000) هەزار کەسی تێدا دەژیا ، ئەم قۆناغە لە 7ی نیسان بەبۆنەی جـەژنی شـومی دامەزرانـدنی حیزبی بەعسەوە دەستی پێکرد . وە ئەم هێرشە بەکاریگەرترین و کوشندەترین و بەزیانترینهەڵمەت داەنرێت ئمیش بۆسەر ناوچەکانی ( چەمچەماڵ ، سەنگاو ، قادرکەرەم ، دوز ، کفری ، کەلار ، بێباز ، تیلەکۆ) ، ئەم ناوچـانە سـەر بە هەرسێ پارێزگـای ( کـەرکوك ، سـلێمانی ، دیـالا)بـون ، ئـەمیش فـراوانترین هێرشـی ئـەنفال بـوو کـە پـتر لـە ( 500)گوندی گرتەوە سەرەڕای تەخت کردنی 4 ناحیەیە. "50"

لەبەر فراوانی ناوچەکە رژێم بە سێ پلان ئەم پرۆسەیەی ئەنجام دا :.

1– پلانی پەلاماری دوز خورماتوو : بەرەبەیانی رۆژی 7ی نیسان هێزەکانی سوپاو فەوجەکان جاش کەوتنە جم و جوڵ و لە بنکەکانیانەوە دەرچون کە لـە دوزخورمـاتوی باشـوری رۆژئـاوای گـەرمیان بـوو .ئـەمیش بـوو بـە سـێ هێرشەوە ، یەکەمیان بۆ باشوری رۆژهەڵاتی شاری نەوجول بەرەو چەمی ئاوە سپی ، هێرشـی دووەمیـان هێزێکـی گـەورەتر بـوو بـەرەو رۆژ هـەڵات لـەم هێرشـەدا پـەلاماری گونـدی ( وارانێـی ژورو و خوارویـان )دا نزیکـەی ( 102)کەسیان لێ دەستگیرکردن کە زۆربەیان ژن و منـاڵ بـوون گونـدەکانیان سـوتاندن و تـەختی زەویـان کـردن ، هێرشی سێیەمیان بۆسەر گوندی (20)ماڵی تازەشار بـوو ، لەبـەر ئـەوەی بایـەخێکی سـتراتیجی هـەبوو ، زۆربـەی خەڵکی ئەم ناوچانە خۆیان دا بەدەست جاشەکانەوە و هەر لەوێ پیاوو ژنیان لەیەك جیـا کـردەوەو سـەر نگومیـان کردن ."51"

2– پلانی پەلاماری قادرکەرەم و باکوری گەرمیان : ئەم پەلامارەیان لە 9ی نیسان دەستی پێکرد هێزەکان رژێم لە کەرکوك و چەمچەماڵ و لەیلانەوە ، دەرچون و لە هەموو لایەکەوە بەرەو شارۆچکەی قادرکەرەم پێشڕەویان کرد ، ئەم هێرشە بەسەر پەرشتی عەمیدی هێزی تایبەت ( بارق عبدالله حنطة)بوو کەوا دەر دەکەوێت فەرماندەی گشتی پرۆسەی ئەنفالی سێ بووبێت ، هێرشەکە رۆژی 10ی نیسان گەیشتە قادر کـەرەم و سـەرجەم گونـدەکانیان خـاپور کرد و خەڵکەکەشی خۆیان دا بەدەستی رژێمەوە . "52"

3–پلانی پەلاماری سەنگاوو باشوری گەرمیان : هێزی یەکـەمی پەلامارەکـە لـە شارۆچـکەی کفرییـەوە لـە 9ی نیسان کەوتە رێ.

لە هەمان رۆژدا رەتڵەکانی تر لە کەلارو بێبازو پونگـەڵوە کەوتـە رێ . سـتراتیجیەتی سەرەکیشـیان بریتـی بـوو لـە ئابلۆقە دانێکی گەورە فراوان لە چەندین لاوەو دەستکردن بـە کۆمـەڵگرتنی تـەواوی ئـەو خەڵکـەی دەوریـان داون و روخاندنی گوندەکانیان و کۆکردنەوەی خەڵکەکە بۆ شوینە دیاری کراوەکانیان .

رەتڵەکەی کفری بەفەرماندەی لیوا سامی سەر بەفەیلەقی یەك سەرجەم گوندەکانی ئـەو ناوچـەیەیان روخانـد و خەڵکەکەشیان دەست گیر کرد . هێزی کەلاریش لە 9 ی نیسان بەفەرماندەی ( میجەر میندەر ئیـبراهیم ) دەرچـوو بۆ ئاوایی تیلەکۆ ، ئەم ناوچەیە جێ نشـینی تـیرەی روغزایـی هـۆزی جـاف بـوو ، کـە سـەرەۆ هۆزەکـەیان نـاوی (



www.pertwk.com

مەحمود توفيق محەمەد) بوو لەگوندی ( پەڕاوگەل) دەژیا ، سەرەپای خەڵکەکە لە نزیکەی سەد گوندا ئەنفال کرا ، ئەم سەرۆك خێڵە هەردوو ژنەکەییو 10 منداڵ وکورەکەیی و بوکەکەیی و شەش منالێیان ئەنفال کرا کە نزیکەی ( 39 )کەسی خێزانەکەیەتی ."53"

هەربۆیە سوپا ئابلۆقەی سەرجەم گوندەکانی دابوو یەك لە دوای یەك وێرانی دەکردن ، زۆربەی دانیشتوانەکەشی کە بە ( 120 )هەزار کەس مەزەندە دەکرا جگە لە خۆبەدەستەوەدان هیچ ڕێگە چارەیەکی تریان نەبوو ، خەڵکی هەموو ناوچەکە بەرەو گوندی ( ملە سورە و کوڵە جۆی حاجی حەمەجان ) دەهاتن و لەوێدا کۆببونەوە ، لە رۆژی ( 14 / 4/ 1988) لوتکەی هێرشی ئەنفال بوو ، لەم رۆژەدا بەپێی خەملاندنی ( کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافی قوربانیانی ئەنفال ) نزیکەی ( 20)هەزار لە ژن وپیاو و پیرو منداڵ کۆکرانەوەو بە ئیڤای سەربازی و تراکتوری گوندنشیەکان رەوانەی قەلاَ سەربازییەکەی ( قورەتوو) کران و لە وێشەوە بەرەو چارەنوسی نادیار رۆیشتن ."54".

هەر بۆیە ئەم رۆژە کرا بەرۆژی (ئەنفالەکان) .

هەروەها لەلای رۆژ هەلاَتیشەوە بەسەرپەرشتی ( محەمەد نازم حەسەن) لە بێبازو پونگەڵەوە بەرێکەوتن و گوندی شێخ تەوێلیان وێران کردو پاشان خەڵکی ئەم ناوچەیە کە هەزاران کەس دەبوو لە گوندی فەقێ مستەفادا سەربازو جاش چواردەوریانگرتن و بردیانن بۆ قەلاَ سەربازییەکەی قورەتوو .

ئەم هێرشەی قۆناغی سێیەم لە رۆژی 20 / 4 / 1988 کۆتایی هات و یەك گوند لە گەرمیاندا بە پێوە نەماو روخێنرا ، خەڵکەکەشی بەزۆری لەقادر کەرەم کۆکرانەوەو پاش تەواو بوونی ئەم قۆناغە ( عەلی حەسەن مەجید و بارق و سوڵتان هاشم ) هاتن بۆ سەیری ئەو گیراوانەی کە لە قادر کەرەم کۆکرابوونەوە . چەند رۆژێك تەلەفزیونەکانی رژێم پیشانی ئەدان .

پاشان زۆربەی ئەو گیراوانە لە رێگای شۆڕش - چەمچەماڵەوە رەوانەی تۆبزاوای کردن ، هەربۆیە خەڵکی چەمچەماڵ کاتێك هاوخوێنەکانی خۆیان بینی کەوتنە بەرد باران کردنی ئیڤاکان و جامەکانیان شکاندن و سەربازەکانیان چەك کرد ، هەتا منالی بچوکیش پڕ کۆشیان لەبەرد کردبوو جامیان دەشکاند بەم شێوەیە ژن و منالێکی زۆریان بەردا بەلاَم حکومەت بە فڕۆکەی مێکو هێلی کۆپتەر بۆردومانی خەڵکی هەڵەبجەیان کردوو راپەڕینەکەیان دامرکاندەوە .

لە ئەنجامی قۆناغی سێیەمی ئەنفال دا نزیکەی (500) گوندی گەرمیان وێران کرا کە پتر لە ( 30000)گەنج و ژن و منال وپیری بێسەرو شوێن کرد ." 55"

بەپێی خەملاندنی ( کۆمیتەیبەرگری لەمافی قوربانیانی ئەنفال ) رێژەی بێسەرو شوێن کردنی ئەم قۆناغە بەم جۆرەبوو :.

سنوری ناوچەی چەمچەماڵ ( 5645)کەسی بێسەرو شوێن کراوە ، قادرکەرەم ( 14863 ) ، کەلار ( 4567 ) ، سەنگاو ( 4922 )، تیلەکۆ ( 3680 ) ، پێباز ( 0 442 )کەسی لێئەنفال کراوە ."56"

## قۆناغی چوارەمی ئەنفال لە 3 / 5 تـــا 15 / 5 / 1988

پاش قۆناغی سێیەمی ئەنفال ورەی سوپای عێراقی بەرزبوو ئەمیش بەهۆی سەرکەوتنی لە قۆناغەکانی ( یەك ، دوو ، سێ )ی ئەنفال داو وەلەهەمان کاتدا سەرکەوتنی لە سەندنەوەی نیمچە دورگەی فاودا ، ئەم قۆناغەش بۆسەر ناوچەکانی ( ئاغجەلەر ، ناوشوان ، چەمی رێزان ، دەشتی کۆیە ، تەق تەق ) لە سنوری هەرسێ پارێزگای ( هەولێر ، سلێمانی ، کەرکوك ) بوو ، ئەم هێرشەش بە کیمیابارانکردنی گوندی گۆپتەی ( 300)ماڵە دەستی پێکرد.

لە کاتژمێر (5:40)دەقیقەی دومەو ئێوارە ( 13ی رەمەزان ) کاتـژمێرێك پـێش رۆژو شـکاندن شـەش فرۆکـەی جۆری میگ لە رۆژی 3 / 5 / 1988 هەڵیان کوتایە سـەر گونـدی گۆپتەپـەو کیمیابارانیـان کـرد و پاشـان گونـدی عەسکەریشیان کیمیا باران کرد ." 57"

ئەم هێرشەشە بووە هۆی کوشتنی نزیکـەی ( 300 )کەسـی ئـەم گونـدە ، وە بـە دووەم هێرشـی زیـان بـەخش دائەنرێ لە دوای شـاری هەڵەبجـە ، خـەڵکی گوندەکـە هـەر ئـەو شـەوە لـەنزیك مزگـەوتی گوندەکـە چاڵیان بۆیـان هەڵکەنـدن و تێیـان کـردن ، محەمـەد شـێخ جـەواد بێـدەری کـە بـاوکی شۆرشـگێرو کەسـایەتی‌یەکی ناسـراوی ناوچەکەبوو لە هێرشەکەدا شەهید ببوو ، خۆی لەوێ ئامادەی ناشتنی تەرمەکان بوو دەگێڕێتەوەو دەڵێت :.

( سەرەتا کە کیمیاوی‌یەکە لێی داین دەنگی بۆردوومانەکە زۆر گەورە نەبوو وە دووکەڵی سپی پەیدا بوو کـە بـۆنی خۆشی لێ دەهات وەك بۆنی سێو نەعنا ، لە هەمان کاتدا رژێم ئاوی زێیەکەی زیاد کردبوو کە فێڵێکی رژێـم بـوو بـۆ رێ گرتن لەهەر هەوڵدانێك بۆ پەڕینەوە ، پاشان دەمان دی هـەر خـەڵك بـوو بـەلا دا دەهـاتن و دەمـردن ، هەربۆیـە ئێمـە لـەنزیك مزگەوتەکـە چـاڵێکمان بەشوچـفلێ بـۆ هەڵکەنـدن ، لاشـەکان بەشـێکی زۆریـان دەمـو چـاویان رەش هەڵگەڕابوو ناناسـرانەوە ، هەنـدێکی تریـان لاشـەکانیان یەکسـەر رەق ببـو ، ئێمـە تـا شـەوێکی درەنـگ بـەتراکتۆر لاشەمان گرد دەکردەوەو دەمان ناشتن )"58"

سەرلەبەیانی رۆژی 4ی مایس هێزی پیادەی رژێم لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکرد ئەم هێرشە بـە فەرمانـدەی لیوا روکن (سوڵتان هاشم) بوو بەشێك لەم هێرشە لەچەمچەماڵ وتەکیەوە بەرەو ناحیەی ئاغجەلەر کەوتە رێ ئـەم ناحی‌یە سالێك لەوەو پێش روخابوو پاشان هێرشێکی تر لە سوسێوە بەرەو سورقاوشان کەوتە رێو هێرشێکی دیکە لەناوچەی تەقتەقەوە بۆ گوندەکانی لێواری زێی بچوك و شێخ بزێنی و گۆپتەپە, هێرشێکی دیکە بەرەو گونـدەکانی نزیك قەزای کۆیە بەرێکەوت . هەندێ لەخەڵکی ئەم ناوچانە بەرەو جادەی چەمچـەماڵ سـلێمانی و هەنـدێکیان بـوچ



www.pertwk.com

باینجان و تەکیە بەڕێ کەوتن ، وە بەشێکی زۆری خەڵکی ناوچەکە بەرەو تەقتەق بەڕێ کەوتن لەوێ دەست گیر کران ، هەر وەك لە راپۆرتی دەست نوسی رۆژانەی ژمارە ( 8280) لە 6 / 5 / 1988 لە فەرماندەی فەیلەقی یەکەوە بۆ بارەگای عەمەلیاتی سوپا تا ئەو رۆژە لەنزیك شارۆچکەی تەقتەق ئەوانەی خۆیان بە دەستەوە داوە ( 60) پیاوو (129)ژن و ( 396)منالٚ بوون ."59"

سوپا لەرۆژی 5/15/ سەرجەم گوندەکانی ئەم ناوچەیەی روخاندو تەنها لەناوچەی ئاغجەلەر کە ( 67) گوندی تیدا بوو (2813)خانوی تێدا بوو ( 14864)کەسی تێدا دەژیا نزیکەی ( 7201) کەس ئەنفال کراوە ."60"

## قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی ئەنفال لە 15 / 5 تــا 26 / 8 / 1988

پاش کۆتاییو تەواو بونی قۆتاغی چوارەمی ئەنفال و وێران کران سەرجەم گوندەکانی ئەو ناوچەیە رژێم خۆی ئامادەکرد بۆ قۆناغەکانی ( پێنجەم و شەشەم و حەوتەم) ، ئەم پەلامارە بۆسەر دۆڵی نێو چیاکانی ( شەقلاوە و رەواندوز ) بوو وە لەرۆژی 15ی مایس دەستی پێکرد ، ئەم پەلامارەش بەسەرپەرشتی فەرماندەی فەیلەقی ( 5)و سەرپەرشتیاری ئەم قۆناغەی ئەنفال ( یونس محمد زەرب بوو) ، سەرەتای ئەم پەلامارەش هەروەکو سەرجەم پەلاکارەکانی دی رژێم بە هێرشی کیمیاوی دەستی پێکرد ، رۆژی 15 / 5 / 1988 دوا روژی رەمەزان بوو خەڵکی خۆیان بۆ جەژنی رەمەزان ئامادەکردبووچەند فرۆکەیەك کەوتنە کیمیاباران کردنی گوندەکانی ( وەرە ، عەلی یاوا ، سماقولی ، نازەنین ) لەم پەلامارەدا لە گوندی وەرە ( 36)کەس شەهید بوون (17)پیاوو (19)ئافرەت ."61"

ئەم پەلامارەش بە دەست پێکی قۆناغی پێنجی پرۆسەی ئەنفال دائەنرێت پاش چەند رۆژێك لەم شالأوە لە هێرشی زەمینی دەستی پێکردوو لەئەنجامدا سەرجەم گوندەکانی ئەم ناوچەیە خاپورو کاولکران خەڵکەکەشی ئاوارە و دەربەدەربوون و بەشێکی زۆریان بەرەو ئێران و بەشێکیشیان بەرەو ئوردوگای حاجی ئاوا بەڕێ کەوتن ، قۆناغی پێنجی ئەنفال لە رۆژی 7ی حوزەیران کۆتایی هات و خۆئامادەکردن و پلان دانان دەستی پێکرد بۆ عەمەلیاتی شەشەم و حەوتەمی ئەنفال ، بەلأم رژێم بریاری کاتی راگرتنی ئەم هێرشەیدا ، وا دەر ئەکەوێ ئەم بریارە بە هۆی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە بووبێت لە چیای کۆڕەك و دەوروبەری یاخود بەهۆی سەردانەکەی ( مام جەلال) بوبێت بۆ (واشنتن) ، کە تاڵەبانی کاربەدەستانی ئەمریکی ئاگادار کردەوە لە بارەی عەمەلیاتەکانی ئەنفال و پەلاماردانی نوێی کیمیاوی دژی کورد .

بەلأم هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە 17ی تەموزی 1988 ( عەلی خامنەئی) سەرۆك کۆماری ئێران ( خافێر پێرێس دیکویلاری) سکرتێری گشتی ئەوکاتی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئاگادار کردەوە کە ولأتەکەی بە نیازە بریاری (598)*ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان قبولٚ بکات ."62"

بێگومان ئەم بریارە زیانی زۆری بە هێزی پێشمەرگە گەیاند لەبەر ئەوەی ئەم بریارە دژی رێکەوتنی 1986 ی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئێران بوو کە هیچ لایەکیان بەتەنها هەڵسو کەوت لەگەڵ بەغدایا نەکەن ،



www.pertwk.com

بۆیە دوای ئەم بڕیارە لە 26ی تەمموز هێزی پێشمەرگە بڕیاری کشانەوەی دا ، ئەبوو رژێم بەکیمیابارانکردنی گوندەکانی ( بالیسان و بالوکاوە و خەتێ ) هێرشی دەست پێکرد ، کە ( 227)کەسی مەدەنی شەهید کرد کە ( 91)یان منالڵ و ( 94)ی گەنج و ( 42)ی بەساڵا چووبو ." 63"

رژێم توانی لەرۆژی 26 / 8 سەرجەم گوندەکانی ئەم دەڤەرەش داگیر و وێران بکات و خەڵکێکی زۆری ئەم ناوچەیە دەستگیرکران .

لەمیانەی شاڵاوەکانی ئەنفالی ( پێنج و شەش و حەوت )دا زیاتر لە ( 52) گوند لە ناحێکانی خەلیفان و خۆشناوو رەواندوز وێران کران کە سەرجەم (2602) خێزان بوون وە ( 52) مزگەوت و (24) قوتابخانەی ئەم گوندانە وێران کران ، ئەمە جگە لە کوێرکردنەوەی سەدان کانی و جۆگەو سوتاندنی سەدان رەزو باخی ناوچەکە کە ئەمانە ژێرخانی ئابووری ئەم ناوچانەی پێکدەهێنا ."64 "

* بڕیاری ژمارە ( 598)ی ئەنجومەنی ئاسایش کە لە 20 / 6 / 1987 دەرکراو داوای دەست بەجێ راگرتنی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانی کرد لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا .



www.pertwk.com

## قۆناغی هەشتەم و کۆتایی ئەنفال 26 / 8 تـــا 6 / 9 / 1988

قۆناغی هەشتەمی شالأوی ئەنفال بۆسەر دەڤەری بادینانی سنوری تورکیا بوو ، کە لە هەرە شـالأوە دڕنـدەکانی ئەنفال بوو وە جۆرەها چەکی قورس و هێزی ئاسمانی و تانك و چـەکی کیمیـاوی بەشـێوەیەکی خەسـت و بـەبلأو و بەردەوام بەکار دەهێنرا , چونکە لەدوای کۆتایی جەنگی عێراق ـ ئێران دەستی پێکرد ، وە توانای زیاتری بۆ بەکار هێنراوە و هەموو ئەو هێزانەی کەلەبەرەی جەنگی ئێراندا بوو بۆ ئەم هێرشە پاشەکشەیان پێکرابوو .

بەمەش سوپای عێراقی بۆ ئەم هێرشە ورەی زۆر بەرز بوو هەروەك لیوا روکن ( یونس محمـد زەرب) فەرمانـدەی فەیلەقی ( 5)و سەرپەرشتیاری ئەم قۆناغەی ئەنفال دەنوسێ ( ورە زۆر بەرز بوو هـەر لەسـەرەتاوە بـە روخسـاری سەربازەکانەوە دیاربوو ، بەتایبەتی لە دوای داتەپینی ئێرانی دوژمن و تێکشکاندنی لەو هێرشە سـەرکەوتوانەدا کـە بەشەڕی قارەمانانەی (فاو) دەستی پێکرۆدوو تا شەڕی (محمد رسول الله)ی خایاند ) ."65"

سەتای هێرشەکەش بۆ چاو ترساندنی خەڵکە بە کیمیابارانکردن دەستی پێکـرد ، پـاش کیمیابـارانێکی خەسـت رژێچم هێرشی زەمینی لەرۆژی 28 / 8 / 1988 دەستی پێکرد ، ئەم شالأوە لـە رۆژئـاواوە لـەزاخۆوە تـا ئامێـدی درێژبووەوە لە باشورو رۆژهەلأتیشەوە شێخان و ئاکرێی گرتەوە .

بۆ ئەنجام دانی ئەم شالأوەش جگە لە فەیلەقی ( 5 ) چەند بەشێکیش لە فەیلەقەکانی ( سێ و شەش و حەوت) کە لەباشوری عێرقەوە گوێزرابونەوە بۆ ئەوێ بەشدارییان تیا کرد , ئـەم هێزانـە (200)هـەزار سـەرباز دەبـوون ، کەلە ( 14 ـ 16) فیرقەی سوپای نیزامی پێك دەهاتن هەریەکەی ( 12) هەزار سەرباز دەبوون ، ئەمانـەو چـەندین هەزار فەوجی جاش بەشداری هێرشەکەیان کرد ." 66"



www.pertwk.com

ژمارەی ئەو گوندانەی لەم شالاّوەدا وێران کران ( 450 )گوندە , بەم شێوەیە قەزای شێخان ( 19 ) گوند ئاکرێ (35 )گوند زاخۆ ( 100 )گوند سەنتەری دهۆك ( 63 )گوند , ئامێدی ( 233 ) " 67 "

هەروەك (منظمة العفو الدولية) لە 14 / 6 / 1990 دا سەبارەت بە ئاوارە بونی خەڵکی گوند نشینەکانی ناوچەی بادینان دەنوسێت: ( لە مانگی 8ـ9ی 1988 زیاد لە (55000) کوردی عێراقی لە باکوری عێراق بەرەو تورکیا هەڵهاتن لە ترسی هێرشی سوپای هێزەکانی حکومەتی عێراقی دژی ئامانجە مەدەنییەکان بەکاری دەهێنا هەروەك بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ) . ( بنوارە پاشکۆی ژمارە 7 )

ئەمە سەرەڕای دەستگیرکردنی خەڵکێکی زۆری ئەم ناوچەیە کەدەستی سوپای رژێم کەوتن رژێمیش رەوانەی قەلاّ سەربازییەکەی دهۆکی کردن و پاش جیاکردنەوەی ژن و پیاو لە لەیەکتری بەرەو شوێنی نادیار رەوانە کران ، پاش روخانی سەرجەم گوندەکانی ئەم ناوچەیە لە رۆژی 6 / 9 خاتمەی ئەنفال راگەیەنرا و هەربە بۆنەیەشەوە لێبوردنی گشتی راگەیەنرا بۆ ئەوانەی کە دەرباز بوون بەپێی خۆیان بگەڕێنەوە ، ئەو خەڵکەی کە سوپا دەستگیری کردبوون بە جۆرە تۆمار کرابوو :. ئەو تێکدەرانەی خۆیان بەدەستەوە داوە ( 803) پێشمەرگەبوون ، ئەو تێکدەرانەی کەوا گیراون ( 771)کەس بوون ، پیاوی مەدەنی ( 1489)کەس ، ژن ( 3368) ، منداڵ ( 6964) ، سەرجەمیش ( 13395)کەس بوون . "68"

## زیانی شالاّوەکانی ئەنفال

شالاّوی دڕندانەی ئەنفال مادیو مەعنەوی بە گەلی کورد گەیاندوو زیانێك کە تا سەر ئیسقان بەزامی کوردیا رۆچووە ، شالاّوی ئەنفال هێندە زیان بەخش بوو هێندەی نەمابوو میللەتی کورد تیی دا لەناو بچێت چونکە رژێم بەرنامەی لەناوبردنی هەموو گەلی کوردوو ئەو کەسانەی ناسنامەی کوردیان هەیە دانابوو ، ئەم پرۆسەیە لەمانگی شوباتەوە تاسەرەتای مانگی ئەیلولی خایاند و گەورەترین زیانی گیانی بە گەلی کورد گەیاند ، هەروەك ( میدڵ ئیست ووچ) دەنوسێت ( پرۆسەی ئەنفال لە 23 ی شوبات تا 6 ی ئەیلولی ساڵی 1988 ی خایاند لەو ماوەیەدا فراوانترین ناوچەی کوردستان بەر شالاّوی تێکدان و راپێچان کەوت ، لە هەڵمەتێکی وادا پتر لە (200)هەزار مرۆڤی کورد لەناو بران ، وەلای کوردو بزوتنەوەی سیاسی کوردیش (182) هەزار کەس رۆیوە ، لەناوبردنی ئەو خەڵکە زۆرەش کێشەو گرفتێکی لەچارەنەهاتووی بۆ پاش ماوەکەخۆیو گەلی کورد بەجێ هێشت )." 69"

ئەم کارەساتە هێندە کارەساتێکی گەورەیە کە بەقەد ژمارەی زۆرێك لە دەوڵەتانی دونیا قوربانیو بێسەرو شوێنی لێکەوتەوە ، بەلاّم ئەنفال لەکاتێکدا بێشەروشوێن کردن و لەناوبردنی سەدان هەزار مرۆڤی کورد بێت لە هەمان کاتدا وێران کردنی هەموو پێداویستیەکانی ژیانی مرۆڤە ، بێگومان لەناوبردنی هەزاران گوندو شارو شارۆچکەو سوتاندنی سەدان دارستان و هەزاران هەزار سەر ئاژەڵە ، بۆیە چەند وێرانەیەکی مادییە بەهەمان ئەندازەش وێرانەیەکی مەعنەوییە .



www.pertwk.com

ئەم شالأوە بووە هۆی وێران کردنی نزیکەی (4)هەزار گوندو ، (4)قەزا ، ( 30)ناحیەو ، ( 3100)مزگەوت و (100)کلێسا , وە لە روی گیان داریەوە بووە هۆی بەتالأن بردنی (2)ملیۆن سەر مەڕو مالأت و ئاژەلٚ ، ئەنفال جگە لەو زیانانەی سەرەوە کارەساتێکی ژینگەیی ئایکۆلۆژی گەورەبوو کەبووە هۆی شێواندنی روالەتی گیانداریو رووەکی ناوچەکەو بووە هۆی لەناوبردنی روبەرێکی فراوان لە باخ و رەزو چەم و چنار کە هاوسەنگی ژینگە لاسەنگ دەکات ." 70"

هەروەك ( د. کەندالٚ نزان ) دەربارەی شالأوەکانی ئەنفال دەنوسیٚ ( لە شالأوەکانی ئەنفالدا بنەماکانی ژیان لەکوردستان هەلٚتەکێنران , دوای ئەوەی ئەو هستریا شێتانەی جینۆسایدی کورد کۆتایی هات لە ( 90٪ ) ی گوندەکانی کوردستان و زیاتر لە ( 20 ) شارو شارۆچکە لەسەر نەخشە سڕانەوە , ناوچە گوندنشینەکان بە ( 15 ) ملیون مین مین رێژکران , بەم جۆرەش چالاکی کشتوکالٚی لە ناوچانەدا کارێکی ئەستەم بوو ( 1,5 ) ملیۆن کوردی گوندنشین بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان گوێزرانەوە , نزیکەی ( 10٪ ) ی کوردی دانیشتوانی عێراق لە نێوبران ( "71 ".

بەمەش نزیکەی ( 7729 )کم2 لەروبەری هەرێمی کوردستانی عێراق توشی شالأوەکانی ئەنفال بووە ." "72

هەربۆیە ئەنفال بەتەنها پلانێك نەبوو بۆ وێران کردنی روکارێك لە روکارەکانی میللەتی کورد ، وەهەڕەشەیەك نیە بەتەنها رووله رەهەندیچك لە رەهەندەکانی ژیانی ئابوریو کۆمەلأیەتیو کلتوری گەلی کورد بەلٚکو ئەنفال نەخشەو پلانێك بوو کە رژێم بۆ سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتی کوردو لەناوبردنی هەموو شوێنەوارێکی کلتوری و سیاسی و ئابوری کوردستان دای رشتبوو ، وە هەولٚ دانێك بوو بۆ سڕینەوەی گشت سیماو ماکەکانی میللەتێکی ژێر دەستەو چەوساوە .

## چارەنوسی شوێن بزرکراوەکان

لەگەلٚ بەردەوام بونی هێرشەکانی ئەنفال و وێران کردنی هەر ناوچەو گوندێکدا ئەو خەلٚکەی کە دەستگیریان دەبوو لەلایەن جاش وسەربازەکانەوە سەرەتا هەموویان لە شوێنێکی نزیکدا کۆدەکرانەوە تاکو ناوچەکە بەتەواوی وێران دەکرا پاشان هەموو ئەو خەلٚکەی کە دەگیرا دەست دەکرا بە گوێزانەوەیان بۆ شوێنیکی تایبەت و چارەنوس نادیار

ئەمیش بەتایبەتی لە ناوەڕاستی 3ی 1988 دا گیراوەکان گوێزرانەوە بۆ ئەو زیندانانەی کە لە ژێر کۆنترۆلٚی ئیستخباراتی عەسکەریدا بوو , گوێزانەوەی گیراوەکان لە ناوەڕاستی مانگی نیسانەوە گەیشتە لوتکە ، پاش ماوەیەك وون بونی بەکۆمەلٚی گیراوەکان دەستی پێکرد، لەم قۆناغەدا زۆربەی گیراوەکان گوێزرانەوە بۆ ( تۆپزاوا ) کە بریتیە لە سەربازگەیەکی گاردی میللی لە نزیك کەرکوك لەسەر رێگای (تکریت) ئەم بەندیخانەیە نزیکەی (

35)قاوش دەبوو هریەکەیان نزیکەی ( 200) کەسیان تێدەکرد ، ئەمیش زۆر قەرەباڵغ بوو ، خەڵکەکە هەموو بە چیچکانەوە دادەنیشتن ، ڕۆژانە هەریەکەیان دووسەمونی رەقیان دەدانێ " 73 ".

هەروەك لە کوێخا ( حەمە سەعیدی) تەمەن (70)ساڵەی خەڵکی گوندی (شێخ پاڵەوانی) سەربەناحیەی ( ئاغجەلەر ) دەگێڕێتەوە : ( پاش ئەوەی من و کوڕە گەنجەکەمیان لای کانی شەیتان گرت وپاشان سواری ئیڤایان کردین و بردیانین بۆ تۆبزاوا ، لەوێ کاتێ بینیمان عەشاماتێك بوو ئێمەیان بردە قاوشەکەوە کەپڕبوو لە خەڵك هەر لەوێ کوڕەکەمیان لێ جیاکردەوە ، ناو قاوشەکان زۆر پیس بوون چونکە خەڵکە کە هەر لە شوێنی خۆیان پیسیان دەکرد ڕەزالەتێك بوو خەڵکی هەموو لە ترسی ئەو دڕندانە لاڵ ببون ) "74"

پاش چەند ڕۆژێك یەکسەر زیندانیەکانیان لێك جیاکرانەوەو پۆلێن کران بەم شێوەیە :.

1- لە تەمەنی 12 ساڵ تا 45 ساڵ .

2- تەمەنی 50 ساڵ و سەرو تر .

3- ژن و منداڵ .

4- کچ بەجیا ." 75"

پاش پۆلێن کردن و جیاکردنەوەی خەڵکەکە ، کەوتنە پلاندانان بۆ دورخستنەوەو بێ سەرو شوێن کردنی ئەو خەڵکە بێشومارە ، هەروەك (عەلی حەسەن مەجید) لە کۆبونەوەیەکی دا دەڵێت : ( ئایا دەکرا هەروا بە ڕێکو پێکی دایان نێم ، ئێ من ئەم خەڵکە بێشومارە لە کوێ دابنێم ..؟ .. چی لەم بزنانە بکەم ..؟ خزمەتیان بکەم ؟ نەخێر .... بۆیە کەوتمە دابەشکردنیان بەسەر پارێزگاکانداو ئەو کاتەش بە بلدۆزەر دەیان کەمە ژێر خۆڵە وە)." 76"

پاش ئەوە دوور خستنەوەو بێسەرو شوێن کردن دەستی پێکرد، ئەو بەشەی کەتەمەنیان لە نێوان ( 12 - 45)ساڵ بوو واتا گەنجەکان بەشی زۆریان بەدەست و چاوی بەستراوەوە سواریپاسی داخراو کران وبەرەو باشور بەڕێکران و پاشان سەر نگوم کران , بەپێی گێڕانەوەی ئەو کەسانەی کە لەمەرگەساتەکە ڕزگاریان بووە، ئەم پیاوانە لە بیابانی عەرعەرو ڕۆژئاوای دیوانیەو سەماوە دەست وچاویان بەستراوەتەوەو گوللە باران کراون و بەشێوەیەکی زۆردڕندانە زیندە بەچاڵ کراون . *

* بۆزیاتر دڵنیا بوون بڕوانە بەسەرهاتەکانی ( محەمەد ، عومەر ، عوزێر ، ئیبراهیم ، مستەفا ) لە میدڵ ئیست ووچ ، سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 405



www.pertwk.com

وه ئەو بەشەی کە ژن و منداڵ بوون بۆ سەربازگەی ( دبس) گوێزرانەوە لە نزیك تکریت ، ئەمانیش هەموو بە پاسی داخراو گوێزرانەوە ، وە ئەم بەندیخانەیە نزیکەی (7)هەزار بەندی تێ خزێنرابوو لێرەدا ژیانێکی زور سەختیان هەبوو بەهۆی قەرەباڵغیو نەخۆشییەوە زۆربەی منداڵەکان گیانیان لە دەست دا ، هەروەك ( گەوهەر عەلی) کە ژنێکی تەمەن (35)ساڵ و خەڵکی دوز بوو بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت : ( کاتێك لە توپزاوا جیایان کردینەوە بردیانین بردیانین بۆ سەربازگەی دبس ، لەوێ خواردنمان نەبوو ژیانمان زۆر خراپ بوو ، وە سەربازەکان زوو زوو ئەهاتنە سەرمانو لێیان دەداین بە کێڤلْ بۆ چاو ترساندنمان ، وە منداڵەکانمان زۆر دەترسان هەربۆیە بەشێکی زۆریان لەترس و برسێتیو بەهوچی بلاو بونەوەی نەخۆشییەوە دەمردن ، پاش ئەوەی لێبوردنەکە دەرچوو هەندێکمان بەربوین و هەندێکیشمان بێسەرو شوێن کراین ) ."77"

وەك دەردەکەوێت ژمارەیەکی زۆری ئەم ژن و منالأنەشیان لەبیابانەکانی دیوانیەو سەماوەدا زیندە بەچاڵکرد ، هەروەك بەسەر هاتی ( تەیمور عبداللە )و دایکیو خۆشکەکانی کە زیندە بەچاڵیان کردن , وەهەموو ئەو کاروانەی لەگەڵ تەیموردا زیندە بەچاڵ کرابوون ژن و مناڵ بوون ." 78"

لێرەوە دەردەکەوێت کە زیندە بەچاڵکردن تەنها پیاوە گەنجەکانی نەگرتەوە بەڵکو بەشێکیش لە ژن ومناڵ زیندە بەچاڵکران ، هەروەك ( محەمەد عبدالکریم بەرزنجی) کەیەکیچکە لە زیندانیە سیاسییەکان ، لەو زیندانییەی ئەمی تیابوو چەندین تاوان باری تیابوو ، کە بەشداری‌یان لە زیندە بەچاڵ کردنی ئەنفالەکاندا کردووە ، یەکێك لەو تاوان بارانە بەم شێوەیە دەیگێڕایەوە :. ( من رۆژانە ئەم بینیو بە پێش چاوم دا بەمشێنی گەورە ژن و مناڵ و پیرو گەنجیان ئەهێنا ، بەکۆمەڵ ریز ئەکران و گوللە باران ئەکران ، گریان و هاوارو ئاخ و ئۆف بەرز ئەبووەوە ، رۆژێکیان ماشێنێکی پڕلەخەڵکیان هێنا بۆ شوێنی جێبەجێ کردنی تاوانەکە لە کاتێکدا ویستیان دایان بەزێنن ، سەرجەمی خەڵکی ناوماشێنەکە دانەبەزین و مانیان گرت ، هەربۆیە لێپرسراوەکە فەرمانی دەرکرد ماشێنەکە ئاگر تێبەردەن ،بەڵێ ماشێنەکەیان بەو هەمووخەڵکە بێدەسەلآتەوە ئاگر تێبەرداوهەموویان بەماشێنەکەوە سوتاندن وە بەماشێنەکەشەوەفرێدرانە ناوچاڵەکەوە،ئەم کارانە لەسنوری پارێزگای ( رومادی ، سەماوە، دیوانی‌یە)دا بوو."79"

ئەوبەشەش کەتەمەنیان لە نێوان ( 50 ـ 90)ساڵیدابوو واتە پیرو پەك کەوتەکان بەرەو قەلآی بەجێماوی ( نوگرەسەلمان )لە باشوری عێراق نێردران ، پاش ەوەی ەم پیرانەیان بە ئۆتۆمبێل گوێزایەوە بۆ نوگرە سەلمان کە نزیکەی ( 15)کاتژمێر لە توپزاواوە دوورە ، لەم بەندیخانە چۆڵەدا نزیکەی (8)هەزار بەندی تێدابوو کە لەژیانی

دۆزەخی دا دەژیان هەروەك ئەفسەرێك لە تۆپزاوا پیچی وتبون : ( کورد هەموو خائین و ناپاکن و خۆمان دەزانین بۆ کوێتان دەنێرین ، ئەتان نێرین بۆو دۆزەخەی کەبەتایبەت بۆ کورد دروست کراوە )." 80"

سەبارەت بەو ژیانە سەختەی نوگرەسەلمان ( حاجی عبدالله) ی تەمەن (70)ساڵە بۆمان دەگێڕێتەوە : ( پاش ئەوەی لە تۆپزاوا سواری پاسیان کردین لە بەیانی زووە وە بەڕێوە بووین نزیکەی ( 13 ـ 15) سەعات لە سەیارەدابووین ، پاشان بردیانینە قەلایەکی کۆنی بەجێماو سەیرمان کرد حەشا ماتێکی لێبوو ، کردیانینە قاعەی گەورەوە کەهەریەکەیا نزیکەی(200)کەسی تی بوو ، رۆژی سەمونێکیان دەدایني ئەم زیندانیيە وەك دەیان ووت نزیکەی ( 8)هەزار کەسی تێدابوو ، لێرەدا خەڵکی زۆری بێتوانابوون برسێتیو نەخۆشی باڵی بەسەر زیندانەکەدا کێشابوو ، لەهەمووی ناخۆشتر ن ئەفسەرێکی رەشی لێبوو ناوی ( حەجاج )بوو زۆر خراپ بوو لەگەڵمان زۆر ئازاری دەدایین ، پاش چەند مانگێك بەهۆی برسێتی و نەخۆشیيەوە نزیکەی (3)هەزار کەسمان لێ مردن وە مردووەکانیشمان دەناشت لەچاڵی بچوکدا لەبەر ئەوەی توانامان نەبوو گۆڕیان بۆ هەڵبکەنین ، تەنها بەلم دامان دەپۆشین بەلام پاش ئێمە شەش حەوت سەگی زل دەهاتن لمەکەیان لادەداو مردووەکانیان دەخوارد)."81"

ئەم پیرو پەککەوتانە پاش لێبوردنەکەی 6 / ئیلولی / 1988 ئەو بەشەی کەمابوو بە نیوە مردوویی هێنایانەوە بۆ کوردستانو لە چەمچەماڵ و کەلار بەریاندان ، لێرەوە دەردەکەوێت کەبەشێکی زۆری ئەو کەسانەی کە شوێن بزرکران لە بیابانەکانی عەرعەرو رومادیو سەماوەو دیوانیەدا لە گەنج و ژن و منالْ بەزیندووی خرانە ناو چاڵەوەو پاشان بەبلدۆزەر ژێرخۆڵخران .

هەروەك (یوست هڵتەرمان) دەڵێت : ( پاش ئەوەی ئەو خەڵکە لە گوندەکانی خۆیان دەستگیرکران بەرەو مەرکەزەکانی جەیشی شەعبی لەکەرکوك پەل کێش کران ، لەوێشەوە لەلایەن کەرتی تایبەتی ترەوە لەناو ماشێن و پاسی کیلۆنکراو وپەنجەرە رەش کراودا بەرەو رۆژئاوای عێراق لەباکورەوە بۆ باشوری بیابان دگوێزرانەوە لەوێشدا پیاوان و لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ژنان و مناڵەکانیش رەمی دەکرێن دەکوژرێن و بە بلدۆزەر مردوو چاڵیان دەکەن ، بە تەقدیری ئێمە نزیکەی (100) هەزار کەس لە پیاوو ژن ومنالْ کەزۆربەیان مەدەنی بوون بەشێوەیەکی سیستەماتیکی دەکوژرێن )." 82"

بەپێی زۆرێك لەبەڵگەکان و بەپێی قسەی دەسەلاتدارانی رژێم خۆشیان ئیعترافیان لەسەر (100)هەزار کەس کردووە کە لەناویان بردون ئەوەتا ( عەلی حەسەن مەجید) زۆر بەراشکاوانە لە دانوسانی 1991دا کاتێك وەفدی کوردستان بە عەلی حەسەنیان وتبو سەبارەت بە چارەنوسی ئەنفالەکان ، ئەو ژمارەیەی وەفدەکە دایان نابوو (182)هەزارکەس بوو ( عەلی حەسەن) هەڵچوو تەقیيەوەو وای دانا کەتێکڕا ئەو ژمارەیە کەلە ئەنفالدا کوژران بەهیچ جۆرێك لە (100)هەزار تیٚنەپەڕیوە ."83"

هەر لەهەمان دانوساندا چارەنوسی ئەنفالەکانیان لە ( طارق عەزیز) پرسی بوو ئەویش لە ولامدا ووتبوی : ( انسوهم) هیچی تر ."84"

لێرەوە بەئاشکرا بوچمان دەردەکەوێت کە سەرانی رژێم خۆیان دەزانن چ تـاوانێکی گـەورەیان بەامبـەر بەگـەلی کورد ئەنجامداوە بەتیبەتیش لە ساڵی 1988 و شالاوەکانی ئەنفال دا ، یەکیکی تر لەو لەوبەڵگە نامانەی رژێم کـە بەئاشکرا دان دەنێت بەلەناوبردنی ئەنفالەکاندا وەلامی ئـەو بـەزەیی نامەیـەبوو کـە ( عاصـی مسـتەفا ئەحمـەد )ی خەڵکی شـاری چەمچـەماڵ ئاراسـتەی سـەرۆکی عێراقـی کردبـوو کـە ئـەم خـۆی دیلـی جـەنگ بـوو لـە ئێـران پـاش گەڕانەوەی لە 24 / 8 / 1990 دا بۆی دەرکەوت کە ژن و منالەکانی بەر شـالاوی ئـەنفال کـەوتوون بۆیـە بـەزەیی نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی عێرراقی کردبوو ، ئەویش بەم جۆرە وەلامی داوەتەوە :.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

کۆماری عێراق

دیوانی سەرۆکایەتی

ژمارە . ش ع / 4 / 16565

رۆژ 29ی تشرینی یەکەمی 1990

بەڕێز / عاسی مستەفا ئەحمەد

پارێزگای سلێمانی / قەزای چەمچەماڵ / گەڕەکی بێکەس / مزگەوتی حاجی ئیبراهیم

ئامـاژە بەبـەزەیی نامەکـەت لـە 4 ی تشـرینی یەکەمـدا ، ژنەکـەت و منالـەکانت لـە سـەردەمی عەمەلیاتی ئەنفال دا کەوا لەساڵی 1988 لەناوچەی باکوردا ئەنجامدرا وون بون .

دڵسۆزتان

سەعدون علوان مصلح

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار

( بڕوانە پاشکۆی ژمارە 8 )

## سەرچاوەکان

1- كنعان مكية ـ قصوة والصمت ، منشورات هيئة الارسال العراقية ، طبع الاول ، 1996، ص 110 .

2- د. مارف عومەر گولّ ـ جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا .
ئەمستردام , لا 65 .

3- د. جەبار قادر ـ ئەنفال دەرهاویشتەی رەگەز پەرستیو تۆتالیتاریزم و کۆمەڵگەی داخراو , سەنتەری برایەتی , ژمارە 24 , هاوینی 2002 , لا 69 .

4- کاوە نادر . کەندێناوە لەنێوان راگواستن و بەعەرەب کردندا ـ هەولێر 2001 ـ لا 29 .

5- د. جەبار قادر ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 224

6- هاوڕێ باخەوان ـ ( هاوڕێ نامە) بۆ مێژوی کوردستان و کورد ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، 1999

7- چیا ـ ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان , تەرحیل ، تەعریب ، تەبعیس ، چاپی یەکەم ، دەزگای ناوەندی کۆمەڵە ، 1988 ،لاپەڕە 145 ـ146 .

8- حميد الساعدی ـ مبادئ القانون الدستوری وتطور النظام السياسی فی العراق ، متبعة البغداد ، 1990,ص199

9- جيا ـ ترحيل المناطق النفطية فی کوردستان ، مجلة القافلة ، عدد (5) ، 1999 .ص40.

10- نوری تاڵەبانی ( د.) ـ دۆزی کوردو ئاسۆکانی ئایندەی لە عێراقدا ، و ـ بەشی راگەیاندن و روناکبیری مەڵبەندی کەرکوك ( ی ـ ن ـ ك ) ، چاپی یەکەم ، 1999 .

11- خليل اسماعيل محمد ( ب.) ، موءشرات سياسة التعريب والتهجير فی اقليم کردستان العراق ، مطبعة جامعة صلاح الدين ، اربيل ، 2001 ، ص 16 .

12- جەزا تۆفیق تالب ـ بایەخی جیوپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمیکوردستانی عێراق ، چ 1 ،1999 ،ص183.

13- خليل اسماعيل محمد ( ب.) ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 40 .

14- مارف عومەر گولّ ـ جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتیدا , چ1 , ئەمستردام , 1997 ,لا43

15- لەتیف فاتیح ـ مەجید صالّح ـ کورد قڕان , چ1 , سلێمانی ,2003 , لا 38 ز

16- عومەر غەریب ، دابەزاندنی رێژەی کورد بۆ ( 10٪) سیاسەتێکی بێ ئایندە ، کوردستانی نوێ ، ژمارە (2582 ) 2002/2/12 .

17- ئەنفال : جینۆساید کردنی کورد لەعێراق ـ وەرگێرانی کاوە جەمال ،گۆڤاری رەهەند ،ژـ7 ن 1999، لا98

18- پ.د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 96 .
19-سلێمان عبداللە ـ راگواستنی گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا , گۆڤاری سەنتەری برایەتی , ژ12 ,1999,لا7
20- د. خلیل اسماعیل محمد ـ أقلیم کوردستان عیراق , اربیل 1999 , ص 46 ـ 47 .
21- ئەمین قادر مینە ـ ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان , سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ' چ2 , سلێمانی 1999 لا 268
22- د. خلیل اسماعیل محمد ـ موءشرات سیاسة التعریب والتهجیر فی اقلیم کردستان العراق ، مطبعة جامعة صلاح الدین ، اربیل ، 2001 ، ص 21 .
23- عەباس هەمزە خدر ـ جینۆساید کارەساتی کوردو تاوانی نێودەوڵەتی ، گۆڤاری یاسا پارێزی ، ژـ 4 ، ساڵیچوارەم ، 1999 , لاپەڕە 285 .
24- د. مارف عومەر گوڵ ـ سەرچاوەی پێشوو ,لا 32 .
25- میدڵ ئیست ووچ ـ سەرچاوەی پێشوو ،لاپەڕە 105 .
26- عەباس هەمزە خدر ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 260 .
27- رۆژنامەی ( العیراق) ، 13ی ئەیلولی ، 1983 .
28- میدڵ ئیست ووچ ـ سەرچاوەی پێشوو ،لاپەڕە 106 .
29- کوردستانی نوێ ، 1993/4/14 ،ژمارە 363 .
30- نەوشیروان مستەفا ئەمین ، خولانەوە لەنێو بازنەدا ، چاپی دووەم ، 1999 ، لاپەڕە 7 .
31- عەباس هەمزە خدر ـ سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 258 .
32- تۆفیق عەبدول ـ سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 69 .
33- الوقائع العراقیە ـ بغداد , عدد ( 3158) فی 13 / 7 / 1987
34- میدڵ ئیست ووچ ـ سەرچاوەی پێشوو ،لاپەڕە 58 .
35- خالید صالح ـ ئەنفال جینۆسایدی کورد لە عێراقدا ، و ـ کاوە جەمال ، گۆڤاری رەهەند ، ژـ 7 ، ساڵی 1999 ، لاپەڕە 100 .
36- مارف عومەر گوڵ ـ کۆبونەوەکانی عەلی حەسەن مەجید ، رۆتردام ، بێوار ، ژـ18 ، 1999 .
37- زیاد عبدالرحمان ـ تونی مەرگ هێرشەکانی ئەنفال لەبەڵگەنامەکانی رژێمدا ، تەورێز ، 1995، لا 217

38- نەوشیروان مستەفا ئەمین ـ سەچاوەی پێشوو لاپەڕە 141 .
39- زیاد عبدالرحمان ـ سەرچاوەی پێشوو ن لا 7
40- . نەوشیروان مستەفا ئەمین ـ سەچاوەی پێشوو لاپەڕە 146

41-. بەهجەت رەئوف ـ بیرەوەری ئەنفالی بەدناوی یەك ، رۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ ـ (455 ) ، 1993/8/6
42- نەوشیروان مستەفا ئەمین ـ سەچاوەی پێشوو لاپەڕە 146 .
43- شەوکەتی حاجی موشیر ،کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988 ، چاپی یەکەم ، سلێمانیئازاری 1999 ، لا 39 .
44- وفیق السامرائی ـ حطام البوابة الشرقیة ، 1996 ، ص 104 .
45- نەوشیروان مستەفا ئەمین ـ سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 151 .
46- میدڵ ئیست ووچ ـ سەرچاوەی پێشوو ،لاپەڕە 201 .
47- کوردستانی نوێ ، ژمارە 67 ، 15 /4 /1992
48- یوسف دزەیی ، ئەنفال ، کارەسات ، ئـەنجام و رەهەنـدەکانی , چـاپی یەکـەم ، هـەولێر ، 2001 ، لا 100 .
49- زیاد عبدالرحمان ـ سەرچاوەی پێشوو ، لا 124 .
50- رۆژنامەی هاوکاری ، ژمارە ( 953) ، 1988/4/4 .
51- زیاد عبدالرحمان ـ سەرچاوەی پێشوو لا 8 .
52- میدڵ ئیست ووچ ـ سەرچاوەی پێشوو ،لاپەڕە 248 .
53- یوسف دزەیی ـ سەرچاوەی پێشوو ، لا 105 .
54- میدڵ ئیست ووچ ـ سەرچاوەی پێشوو ،لاپەڕە 266 .
55- یوسف دزەیی ـ سەرچاوەی پێشوو ، لا 103 .
56- زیاد عبدالرحمان ـ سەرچاوەی پێشوو ، لا 124 .
57- توێژەر خۆی روداوەکەی بینیوە .
58- چاوپێکەوتنی توێژەر ـ کۆمەڵگەی شۆڕش ، بەرواری 1/3/ 2002 .
59- یوسف دزەیی ـ سەرچاوەی پێشوو ، لا 120 .
60- زیاد عبدالرحمان ـ سەرچاوەی پێشوو ، لا 124 .
61- کەریم عبداللە هەرتەلی ـ کارەساتی گوندی (وەرە) ، ئالأی ئازادی ، ژ ـ (120) .
62- میدڵ ئیست ووچ ـ سەرچاوەی پێشوو ،لاپەڕە 357 .
63- محەمەد رەنجاو ـ لەیادی کارەساتەکەی دۆڵی بالیساندا ، کوردستانی نوێ ، ژ ـ 662 ، 94/4/17 .
64- یوسف دزەیی ـ تاونی ئەنفال بەرامبەر کورد ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی , ژ 19 ,2001 , لا 42 .
65- میدڵ ئیست ووچ ـ سەرچاوەی پێشوو ،لاپەڕە 438 .
66- یوسف دزەیی ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 140


www.pertwk.com

67- مارف عومەر گوڵ ـ سەرچاوەی پێشوو , لا50 .
68- 0میدڵ ئیست ووچ ـ سەرچاوەی پێشوو ،لاپەڕە 480
69-یوسف مەعروف دزەیی ـ تاوانی ئەنفال بەرامبەر بە کورد ، سەنتەری برایەتی ، ژ ـ 19 ، بەهاری 2001
70- تۆفیق عبدول ـ سەرچاوەی پێشوو ، لا 67 .
71- پ.د. ئازاد محمد ئەمین نەقشبەندی ـ سەرچاوەی پێشو , لا 103 .
72- پ.د. خلیل ئیسماعیل ممحەمەد ـ لێك جیاکردنەوەی شوێنی شالاَوەکانی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراق , گۆڤاری سەنتەری برایەتی , ژمارە 24 , لا 277
73-خالید صالح سەرچاوەی پێشوو , لا 101
74- چاوپێکەوتنی توێژەر ـ کۆمەڵگەی تەکیە ، بەرواری 2002/4/6 .
75- مارف عومەر گوڵ ، سەرچاوەی پێشوو ، لا 61 .
76- خاك ـ ئەنفال ، ژمارە (34) ، ساڵی سێیەم ، 10ی نیسانی 2000 .
77-چاوپێکەوتنی توێژەر ـ کۆمەڵگەی شۆڕش ، بەرواری 2002/4/5 .
78-کەنعان مەکیە ـ چاوپێکەوتنی تەیمور ، و ـ فایەق رەحیم محەمەد ،گۆڤاری ئەنفال ، ژـ 2000،1،لا 116.
79- محەمەد عبدالکریم بەرزنجی ـ ئەنفالی بەدناو لە زمانی پیاوەکانی رژێمەوە ،کوردستانی نوێ ، ژ (87)، 1992/5/18 .
80-خاك ـ ئەنفال ، ژمارە (34) ، ساڵی سێیەم ، 10ی نیسانی2000 .
81- چاوپێکەوتنی توێژەر ـ کۆمەڵگەی رزگاری ، بەرواری 2002/4/8
82- ئاراس فەتاح ، چاو پێکەوتنێك لەگەڵ ( یوست هیلتەرمان) ، گۆڤاری رەهەند ، ژمارە 7 ، ساڵی 1999
83- میدڵ ئیست ووچ ـ سەرچاوەی پێشوو ،لاپەڕە 24 .
84- تۆفیق عبدول ـ سەرچاوەی پێشوو ، لا 71 .


www.pertwk.com

# تەوەرەی سێیەم

## دەرهاویشتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنفال

یەکەم : ژیانی ئۆردوگاو دەستپێکی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان

دووەم : کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنفال لەسەر ژنان

سێیەم : کاریگەری ئەنفال لەسەر هەڵوەشانی کۆمەڵگەی کوردی



www.pertwk.com

## دەرهاویشتە كۆمەڵایەتی‌یەكان ئەنفال

دیارە كارەساتی ئەنفال یەكێكە لە گەورەترین ئەو تاوانە نەخشە بۆ كێشراوانەی كەبەسەر گەلی كوردا هاتووە ، ئەم تاوانە هەر تەنها پرۆسەیەك نەبوو بۆ لەناوبردنی (182)هەزار مرۆڤی كورد و كۆتایی پێ‌بێ ، بەڵكو ئەم كارەساتە كاریگەری‌یەكی ئێجگار گەورەو مەترسی داری لەسەر ئێستاو دوارۆژی گەلی كورد هەیە .

وە دەیان گیروگرفتی كۆمەڵایەتی‌و سایكۆلوچچی بۆ كۆمەڵی كوردەواری دروست كردووە ، لەگەڵ ئەوەشدا پروسەیەك بوو بۆ لەبەریەك هەڵوەشانەوەی دەزگا كۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و سیاسی‌یەكانی گەلی كورد ، بێگومان ئەم شالاوە ئاسەوارو كاریگەری خراپی لەسەر هەموو چین و تەمەن و رەگەزو توێژەكانی هەیەو هەریەكەو ئەتوانین لە دەروازەیەكەوە شی بكەینەوە كە چۆن كاریگەری خراپ و نادروستی هەبووە لە سەر هەموو لایەنەكانی ژیان و بۆتەمایەی تێك دان و لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی شیرازەی خێزان و كۆمەڵگاو پەیوەندی‌یە كۆمەڵایەتی‌یەكان و باری دەرونی‌و ئابوری و رۆشنبیری ، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لەسەری بدوێین ئاسەوارە كۆمەڵایەتی‌یەكانی ئەنفالە كەتاكو ئێستا كاریگەری گەورەی هەیە و بە ئاشكرا دەبینرێت .

بەم شێوەیە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئاسەوارە نەگەتیڤەكانی ئەنفال ، هەوڵدانە بۆ چارەسەركردنی برینێك لەجەستەی كۆمەڵی كوردیدا ، دیارە جێ‌بەجێ‌كردنی پرۆسەی ئەنفال و شوێن بزركردنی (182)هەزار مرۆڤی كورد دەرئەنجامی زۆر خراپی لەسەر هەڵوەشانەوەی كۆمەڵی كوردەواری دا دروست كردووە ، هەڵوەشانەوەش بەو مانایەی كەهەزاران ژنی بێ پیاوو هەزاران منالی بێ‌باوك كردوو ،ئەمەش لە چەندین رووە وە گۆڕانیان بەسەر سیمای كۆمەڵی كوردیدا هێناوە كە بووەتە هۆی تێكشكاندنی لایەنی سایكۆلۆجی كەس وكاری ئەنفالەكان .

وەك دەبینین كەس وكاری ئەنفالەكان دەیان ساڵ لەچاوەڕوانی جەرگ بڕدا بونە ، كەئەمەش ستروكتۆری تاكی كوردی توشی دڵتەنگی‌و ڕارای كردووە ، ئەگەر سەرنج بدەینە روخسارو سیمای كەس وكاری ئەنفالەكان دەبینین هەرەیەكەیان بەهیوای گەڕانەوەی نەوە كانیان بوونە ، لێرەوە دەردەكەوێت بەشێكی زۆری كۆمەڵی كوردەواری لە چاوەڕوانی و دڵەڕاوكێ‌یەكی جەرگ بڕدان ، هەریەكەیان دەریایەك لە ئازارو خەم و ئەندێشەیان هەڵگرتووە ، كە ئەمیش كاریگەری لەسەر نەوەی نوێیان دەبێت و كاریگەری لەسەر هەڵسو كەوت و رەفتاریان دروست ئەكات .

بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە قسەی لەسەر بكەین كاریگەری كارەساتی ئەنفالە لەسەر پاشماوەی كەس و كاری ئەونفال و هەموئەو تەنگەژەو گرفتانەی كە رووبەرویان بۆتەوە , بێگومان ناكرێ تەنها لە یەكرووە وە قسە لە كێشەكانیان بكەین , بەڵكو هەموو ئەو گیروگرفتەكانەی لەساتی دەستگیركردنیان و زیندانی‌كردن و بێسەرو شوێنكردن و نیشتەجێ‌بونیان لەئۆردوگاكانداو شوكردنەوەی ئافرەتان و دەیان گرفتی تر.



www.pertwk.com

دوابەدوای شاڵاوەکانی ئەنفال و وێرانکردنی سەرجەم دێهاتەکانی کوردستان , لە 6 / 9/ 1988 بڕیاری لێبوردنی رژێم هەموو ئەو خەڵکەی کە دەست گیر کرابوون و لە زیندانەکانی ( نوگرەسەلمان و دبس ) بون و ئەوبەشەی کەلە نەخۆشی وبرسێتی رزگاری بوو ئازادکران و بەرەو زیندانییەکی فراوانتر گوێزرانەوە , کە ئەویش ئوردوگا زۆرە ملێکان بوو , لەگەڵ هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە دێهاتەکانەوە هاتبونو بەر شاڵاوەکە نەکەوتبون .

بێگومان دروستکردنی ئۆردوگاکان هەوڵێکی تری رژێم بوو بۆ تێکشکاندن و سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتی گەلی کورد و بەرایی کێشەو تەنگەژە کۆمەڵایەتییەکانی پاشماوەی ئەنفال بوو , هەربۆیە پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکەین .

## 1- ژیانی ئۆردوگاو دەستپێکی گرفتەکۆمەڵایەتییەکان

دروست کردنی ئۆردوگا زۆرەملێکان نەخشەو پلانێکی تری رژێمی بەعس بوو دژ بەگەلی کورد بەتایبەتیش گوندنشینەکان , راستە دروست کردنی ئۆردوگاکان پەیوەندییەکی ریشەیی بەشاڵاوەکانی ئەنفالەوە هەیە , بەڵام مێژوەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان .

هەربۆیە ( رژێم بەبیانوی ئەوەی گوندەکانی کوردستان " بەتایبەتی " زانستی نین و بنکەی تەندروستی و تۆڕی ئاوو کارەبایان تێدانییە و بەشێوەیەکی گشتی سیمای شارستانییان پێوە دیارنییە , پێویستە کۆبکرێنەوەو لە نزیك زویو زاری بە پیتدا ئۆردوگای مۆدرن و زانستی جێگەی گوندە کۆنەکان بگرێتەوە ) " 1 ".

هەربوویە بۆشەرعییەتدان بەراگواستنی گوندنشینەکان و نیشتەجێبونیان لە ئۆردوگاکاندا ( رژێم پلانی راگواستنی گوندنشینەکانی خستە چوارچێوەیەکی زانستییەوەو بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە کە پێیان دەوت " اصلاح الزراعی" لە نێوان ساڵەکانی 1973 ت 1977 دا شەش کۆنگرەی کشتوکاڵی سازکرد , بەمەبەستی چەسپاندنی بیرۆکەی دروسکردنی مجتمعات )" 2 ".

دیارە رژێم ئامانجی لە دروستکردنی ئۆردوگاکانداو گواستنەوەی گوندنشینەکان دروستکردنی پشتوێنی ئەمنی بوو , بۆیە ( لەهاوینی 1978 دا رژێم " 28 "هەزار خێزانی گوندنشینی کە ژمارەیان " 200 "هەزار کەس بوو لە ناوچە سنورییەکان راگوێزاو بەزۆری لە ئۆردوگاکانی بازیان و تەکیەو قوشتەپە جێگیرکران )" 3 ".

لێرەوە رژێم کەوتە وێران کردنی گوندەکان و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردوگاکاندا , ئەمیش بەمەبەستی دابڕینیان لە داب و نەریت و پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکانیان و , هەروەها تێکدانی شیرازەی خێزان و تێکشکانی لایەنی سایکۆلۆجی تاکی کوردی , کەئەمەش کاریگەری نەگەتیفی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست دەکات .

( بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی دانیشتوانی ئۆردوگاکان لەساڵانی هەشتاکاندا لەنێوان ( 17 بۆ 20 ) هەزار کەس دەبون , بەڵام ئەوئۆردوگایانەی کەلەنێوان ساڵانی 1985 تا کۆتایی ئۆپەراسیونەکانی ئەنفال دروست


www.pertwk.com

کران وەکو ئۆردوگای دارەتوو , بنەسلاوە , کەورگوسك , شۆرش , صمود . ژمارەی دانیشتوانی لەڕادە بەدەربوون , وەکو ئۆردوگای شۆڕش لە چەمچەماڵ " 50 تـا 60 "هەزار کەسی تیا دەژیا , ئۆردوگای صمود لە " 85٪ "ی رزگـاربوانی ئـەنفال بـوانی پێکـدەهێنا , بەشـی زۆری گـەڕاوەکانی بەندیخانـەی تـوپزاواو دبـس و نوگرەسـەلمان نیشتەجێی ئەم ئۆردوگایانەن )" 4 ".

لێرەوە خەڵکانی پاشماوەی ئەنفال سەرەڕای ئەو هەموو ئێش و ئازارو نەهامەتیانەی کـە لەلایـەك بـەهۆی لـە دەست چونی کەس و کاریان و هەڵتەکانیان لە شوێنی باوو باپیرانیـان و کـاول کردنـی گونـدەکانیان و بـەتالآنبردنی سەروەت وسامانیان , لە لایەکی ترەوە بەهۆی ئەو ئازارو دەردەسەریانەی کە لەزیندانیەکانی رژێمدا چەشـتیان و بە جۆرەها شیچوە ئازاری جەستەیی و دەرونـی دراون , وە بۆئـەوەی ئـەم خەڵکانـە بـەردەوام لـە دۆخـەدا بـژین و تێکیان بشکێنیٚ , بۆئەم مەبەستەش هەموویان لە ئۆردوگاکاندا نیشتەجیٚکردن , ئەمەش نەخشەو پلانی رژێـم بـوو چونکە بەعس هەر لەسەرەتاوە گریمانەی ئەوەی لای خۆی دانابوو کە ریٚی تێدەچیٚ خەڵکانێك لە پەراوێزی پرۆسەی ئەنفال و نەخشەی لەناوبردن لە لایەن خودی خۆیەوە بەرنەکـەوێت , باشـترین رێگـاش بـۆی کەنەخشـەی پرۆسـەی ئەنفالی تیا جیٚبەجێبکا ئاخنینی ئەو خەڵکەی پاشماوەی ئەنفال بوو لە ئۆردوگاکاندا .

( دیـارە دروسـت کردنـی ئۆردوگـا لەبنەڕەتـدا پەیوەنـدی ریشـەیی و تۆکمـەی بـە پـەلاماری ئەنفالـەوە هـەبوو , بەمانایـەکی دی دروسـت کردنـی ئۆردوگـا بـەواتای دەسـت پێکـی پـەلاماری ئەنفالـدیٚ لەفەرهـەنگ و گوتـاری بەعسدا)"5"

هەربۆیە لەدوای رزگاربونی ئەو خەڵکانەی کە لە زیندانەکاندابون و نیشـتەجیٚبونیان لـە ئۆردوگاکانـدا ئـازارو نەهامەتیـیـەکان بـەردەوام ئامـادەیی دەبێـت و سـەرەتاو دەسـتپێکی گرفـت و کێشـە کۆمەلآیـەتیو ئـابوری و سایکۆلۆجیەکانە , سەرباری هەموو ئەو نەهامەتیانەش نەبونی شـوێنی نیشـتەجیٚبون و پێداویسـتی هێنـدەی تـر ئازارەکان قولٚتر دەکەن بەمانایەکی دی ( دەبیٚ ئەم خێزانانە لە هێڵی سفرەوە دەست پێبکەنەوە بۆ گوزەرانی ژیان , چونکە ئەوەی هەیان بوو پەلامارچیانی ئەنفال بە تالآن بردیانن , لە ئۆردوگاکەشدا پارچەیەك زەوی و هیچی تر ! چۆن دەکرێتە خانوو شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەوە ؟ کیٚ بیکا ؟ کیٚ کولفەی تێچونی دابین دەکات )" 6 ".

ئەمە سەرەتایی ترین ئەو کێشـە وگرفتانـەن کـە روبـەروی پاشمـاوەی ئـەنفال لـە ئۆردوگاکانـدا دەبێتـەوە , چونکە ئەوان لەگوندەکانی خۆیان خاوەنی مولٚکو ماڵ و سەروەت و سامان و دیوەخـان و کشـتوکاڵی خۆیـان بـوون هەموو پێداویستیەکی ژیانی رۆژانەیان بۆخۆیان دابین دەکرد ,بەلاٚم پاش پرۆسەی ئەنفال گەڕانەوە خاڵی سفر.

لە ئۆردوگاکاندا جگە لە پارچە زەوییەك هیچ پێداویستیەکیان بۆ دابین نەکراوە , هەروەك پیاوێکی پاشمـاوەی ئەنفال دەڵیٚ :. لەم ئۆردوگایانـەدا هـیچ شـتێکی لێنـەبوو , جگـە لـە درك و داڵ و قوتـەی پاسـەوانان بەچـەکەوە , هیچیان پێنەدابن , دەبوو لەسەر زەوییەکە بخەوتینیایە " 7 ".

ئەم هاولاٚتیانە بەردەوام لە تێکشکانی دەرونیدا دەژیان , لەلایەك بەهۆی چارەنووسـی نادیـاری کـەس و کـارو رۆڵە و مێردەکانیان و لەلایەکی دی بەهۆی چاودێریو زولٚم و ستەمی رۆژانەی دەزگا ئەمنیەکانی بەعسەوە کە لەژێر

چاودێری‌یەکی توندا بوون و هەموو پەیوەندیو هاتوو چۆیەکیان دەخستە ژێر چاودێری‌یەوە , ( دەزگا ئەمنی‌یەکان فەرمانی گرتنی دەردەکرت بۆ هەرکەسێك کە ئۆردوگاکانی بێ مۆڵەت جێبهێشتایە , یان بەشێوەکی دی سەرپێچی لە مەرجەکانی نیشتەجێبوون بکردایە )"8 ".

کەواتا ئۆردوگاکان جەهەننەمێك بوون بۆ پاشماوەی ئەنفالەکان کە ئەمیش هەموو چین و توێژەکانی ناو ئۆردوگاکانی دەگرتەوە , پیرو پەککەوتەکان بەهۆی نەخۆشی رانەهاتنیان لەگەڵ بارودۆخ و ئاوو هەواکە بەردەوام چاو بەگریان و دوعاو پاڕانەوە بوون , وەهەندێکیان بەناچاری پەنایان بۆ سواڵکردن دەبرد بەڵام سواڵیشیان دەست نەدەکەوت چونکە دەورو بەریان هەموو وەك یەك بوون , دیارە روخانی ژێرخانی ئابوری پاشماوەی ئەنفال لە ئۆردوگاکاندا زۆرترین کاریگەری هەبووە بەردەوام لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان .

بێگومان هەربەهۆی نەبونی لایەنی ئابوری‌یەوە ژنانیش بەردەوام دوچاری گرفتەکان دەبوونەوە , بەناچاری پەنایان بۆکاری رۆژانەیان دەبرد وەئاشناشی نەبون , چونکە هەرچەندە لە گوندەکاندا ئافرەتان شان بەشانی پیاوان کاریان دەکرد , بەڵام کارکردن لەشارەکاندا جیاوازبوو , وە بەهۆی داب و نەریتی ناو کۆمەڵگاکانەوە بەردەوام روبەڕوی نەهامەتیو گرفتی کوچمەڵایەتی دەبونەوە .

بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم قسە لەسەر کاریگەری‌یەکانی شاڵاوی ئەنفال بکەین لەسەر ئافرەتان , چونکە زورترین نەهامەتی‌یەکانی ئەنفالیان چەشتووە .

## 2- کاریگەری‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەنفال لەسەر ژنان

شاڵاوەکانی ئەنفال وێڕای شوێن بزرکردن و لەناوبردنی دەیان هەزار مرۆڤی کوردو سوتماککردن و وێرانکردنی سەرجەم گوندەکانی کوردستان و تێکدانی ژێرخانی ئابوری‌یان , دەیان گیروگرفتی کۆمەڵایەتیو سایکۆلۆجی و نەخۆشی و دەردەسەری بۆ پاشماوەکەی و کۆمەڵی کوردەواری جێهێشتووە .

ئەمەش هەرچەندە کاریگەری زۆری لەسەر گشت چین و توێژێك و رەهەندە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری جێهێشت , بەلاچم ژنانی پاشماوەی ئەنفال زۆرترین پشك و نەهامەتی و دەردەسەری‌یەکانی بەرکەوت , هەر لەسەرەتای دەسگیرکردنیان و پاشانیش زیندانی کردنیان و دواتریش نیشتەجێبونیان لە ئۆردوگا زۆرە ملێکاندا , ئەمە بۆ خوچی ئافرەتانی دوچاری دەیان نەخۆشی دەرونی و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی کرد .

هەربۆیە بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەری شاڵاوەکانی ئەنفال لەسەر باری کۆمەڵایەتی ژنانی پاشماوەی ئەنفال , ناکرێ رۆڵ و ئەرکی ئافرەتان بەرلەشاڵاوەکانی ئەنفال پشت گوێ بخەین , چونکە توێژینەوەکە تەواوکار دەرناچێ , بۆیە بەسێ قۆناغ باس لە باری کۆمەڵایەتی ئافرەتان دەکەین :.



www.pertwk.com

**ا-رۆڵ و ئەركی ئافرەتان بەر لەشاڵاوەكانی ئەنفال .**

**ب- بارودۆخی ئافرەتان لە شاڵاوەكانی ئەنفالدا .**

**ج-بارودۆخی ژنان لە دوای شاڵاوەكانی ئەنفال .**

**ا- رۆل و ئەركی ئافرەتان بەر لەشاڵاوەكانی ئەنفال .**

لێرەدا رۆڵ و ئەركی ژنان ئەخەینە روو لە كۆمەڵگەی كوردەواریدا , بەتایبەتیش لە گوندەكاندا لەبەر ئەوەی لە گوندەكاندا زیاتر رۆڵ و ئەركی ژنان قورستر دەبێت و دەردەكەوێت , لەلایەكی دیكەشەوە گوندەكان پەیوەندی راستەوخۆیان بە شاڵاوەكانی ئەنفالەوە هەیە .

بۆیە سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین كە كۆمەڵگەی كوردەواری كۆمەڵگەیەكی لادێ نشینی كشتوكاڵییەو پابەندیشە بەكۆمەڵێك داب و نەریت و بنەمای تایبەتی خۆی كە جیاوازە لە كۆمەڵگەكانی دەوروبەری , دیارە ئافرەتیش وەكو توێژێكی سەرەكی رۆڵ و ئەركی خۆی لە بنیات نانی كۆمەڵگەدا بینیوە و بونی خۆی لە گشت بوارەكانی ژیاندا پیشانداوە .

هەرچەندە كۆمەڵی كوردەواری پەیوەستن بە سیستمی باك سالارییەوە كە ئەمەش پەیوەندی بە سیستمی خێڵایەتییەوە هەیە , ئەم سیستمە تاكو ئیستا توانیویەتی پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بكات .( ئەم سیستمەش وای كردووە لە رووی كۆمەڵایەتییەوە هەمیشە پیاوان خاوەنی دەسەڵات و بڕیاربن و لێپرسراویش بن لە بەرامبەر ژنان , هەربۆیە زۆربەی كارەگرنگ و چارەنوسسازەكانی خێزان لەدەستی پیاواندا بووە و پیاوان بەو ئەركە هەستاون , لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناكرێ نكوڵی لەوە بكرێ كە ژن پایەیەكی بەرچاوی هەبووە لە كۆمەڵگەی كوردیدا , هەرلەناو خێزانەوە تاكو دەگاتە یەكە كۆمەڵایەتییەكانی تر , هەروەها ژنان تا رادەیەك لە ژیانی رۆژانەیاندا سەربەست بوون ئەم سەربەستییەش لەشارەكانەوە بۆ لادێكان گۆڕاوە )" 9 ".

سەرەڕای هەموو ئەو داب و نەریت و گیروگرفتە كۆمەڵایەتییانەی كە بەسەر ئافرەتە گوندنشینەكاندا سەپێنراوە و زۆرجار بۆتەهۆی دواكەوتنی لەروی كۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو رامیارییەوە , بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ئافرەتی كورد شانبەشانی پیاوان بەشدار بوونە لە گشت بوارەكانی ژیاندا .



www.pertwk.com

( ئـافرەتی کـورد بـە حـوکمی بـاری جـوگرافی ناوچـەکەو داب و نـەریتی خـۆی هەمیشـە شـان بەشـانی پیـاوان لەبوارەکانی کارو گوزەران و ژیان بەڕێوەبردندا بەشداربونەو , لەهـەمان کاتیشـدا رۆڵـی جوامێرانـەو بەرچـاویان لـە ئیدارەی کاروباری سیاسیدا نواندووە )" 10 ".

سەرەڕای ئەوەی ژنان لەکۆمەڵگەی کوردیدا لە پـاڵ کـاری رۆژانـەییو ئـیش و کـاری ناومـاڵی و ئاژەڵـداری و کشتوکاڵی , لەهەمانکاتدا بەخێوکەرو پەروەردەکەری منالآنیش بووە , ( ژنان لە کۆمەڵگەی لادێنشینی کـوردیدا , بەشداری پیاوانیان کردوە لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا بەشێکی زۆری کارەکانی لادێ لەلایەن ژن و پیاوەوە پێکـەوە کراون , سەرباری ئەوەی ژن ماڵداریشی لەسەر بووە ) " 11 "

وێڕای هەمو ئەو ئەرکانەی کە لەسەر شانی ژنـی کـورد بـووە , ژنـان توانیویانـە رۆڵـی گـەورەیان هـەبێت و لـە قۆناغە جیاجیاکاندا دەسەلآتی سیاسیان گرتۆتە دەست و بەشداریان لە بەڕێوە بردنی کاروبـاری دەوڵەتـدا هـەبووە هەروەك خانزادی میری سۆران و عادیلە خانمو حەبسـەخانی نـەقیب و چـەندانی تـر کـە توانیویانـە ئەسـپی خۆیـان تاوبدەن و رۆڵی سیاسیانەی خۆیان بگێڕن ( ئەوەتە حەبسەخانی نەقیب لە بیسـت وسـییەکانی سـەدەی بیسـتەمدا چەندین جار نامەی تایبەتی ناردووە بۆ بارەگای یەکێتی نەتەوەکان لـە جنێـف وتێـیدا باسـی ئـەو جـەورو سـتەمە زۆرەی کردووە کەبەسەر کوردا هاتوون , هەروەها میناخانمی خێزانی پێشـەوا قـازی محەمـەدی نـەمر لـە رۆژگـاری کۆمـاری مهاباتـدا جێگـای حەبسـەخانی نـەقیبی گرتبـووەوە وا دیـارە خـەریکی دامەزرانـدنی یەکـەمین رێکخـراوی ئافرەتان بووە ) " 12 " .

هەروەها ئەمین زەکی بـەگ سـەبارەت بـەرۆڵی ژن لـە کۆمـەڵی کـوردەواریدا دەڵـێ ( لـە مێـژوی هـۆز وتـیرە کوردییەماندا کۆمەڵێك ئافرەت هەبون کە توانیان رۆڵـی بەرچـاویان هـەبێت و کاروبـاری خێـڵ و هۆزەکـانی خۆیـان بەڕێوەبەرن , لەوانەش حەلیمەخان لە هەکاری و عادیلە خان لە هەڵەبجەو کوێخا نێرگز لە شوان ) " 13 ".

بەڵام سەبارەت بە سیستمی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لـە نێـوان تاکـەکانی کۆمەڵگـەدا, ئـەوا پەیوەسـتە بـە خێزانـەوە چـونکە خێـزان ئـەو سیسـتمە کۆمەڵایەتیەیـە کـە داب و نـەریت و ترادسـیۆنە کوچمەلآیەتیەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی دەگوازێتەوە .

هـەروەها پەیوەنـدی نێـوان تاکـەکان لـە خێزانـدا پەیوەندییـەکی پتـەوەو لەسـەر بنـەمای سـۆزو خۆشەویسـتی وەستاوە, وە بۆ بەردەوامی ئەم پەییوەندیانە زۆربەی کات پرۆسـەی هاوسـەرگیری لـە گوندەکانـدا لـە نێـوان خـزم وکەس و کاردا ئەنجام ئەدرێ , بۆیە زۆربەی کات ئەو خێزانانەی کـە لەگوندێکـدا دەژیـن خـزم و کـەس و ئـامۆزای یەکترین ئەویش بەهۆی پرۆسەی ژن و ژن خوازێوە .

لە گوندەکاندا باوك سـەرۆکی خێزانـەو لێپرسـراوی کاروبـاری رۆژانـەی ئەنـدامانی خێزانـەو ئەنـدامانی خێـزانیش گوێڕایەڵی دەکەن و رێزی لێدەگرن , هەمیشە لـە لادێکانـدا بـاوك و دایـك ئـارەزووی منـاڵی زۆردەکـەن ( خێـزان لـە لادێکاندا بەوە دەناسرێنەوە کە قەبارەی گەورەیەو مناڵ بوون تیایدا زۆرە , ئەمەش لەلایەك پەیوەندی بە سروشتی


www.pertwk.com

ژیانی لادێوە هەیە کە پێویستی بە هێزی کارەو, لەلایەکی دی پەیوەندی بە تێڕوانینی کۆمەڵایەتییەوە هەیە , چونکە لە ناوچە گوندنشینەکاندا زۆری ژمارەی منالْ پایەیەکی کۆمەڵایەتی دەداتە خێزان ) " 14 ".

ژنان لە لادێکاندا پەیوەندی کۆمەڵایەتییان زیاترە بۆدەرەخسێ لەگەڵ خەڵکانی تردا بەهۆی چونە دەرەوەیان لەماڵ بۆ کاری رۆژانەیان ( کارکردن لەدەرەوەی خێزاندا بۆتەهۆی ئەوەی کە ژنان لە چوارچێوەی ماڵدا گۆشەگیر نەبن و بواری تێکەڵاوبونیان بۆ بڕەخسێت , هەربۆیە ژنانی جوتیار زیاتر کۆمەڵایەتی ترن لەچاو ژنانی تردا و, سەربەستی هاتوچۆو سەردانیان هەبووەو بەشداری پرسەو شاییان کردووە )" 15 ".

لێرەوە ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە :

1- ئافرەتان لە کۆمەڵگەی کوردیدا وێرای هەموو ئەو داب و نەریت و کۆت و بەندانەیان بەشداری گرنگیان لە بنیات نانی کۆمەڵگەدا هەبووە .

2- سەرەڕای ئەرکو کاری رۆژانەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا , توانیویەتی بەشداری لە بەڕێوەبردنی وولات و کاروباری سیاسیدا بکات .

3- بەهۆی بەشداریان لە پرسەو شایی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ژنان زیتر کراوەترو کۆمەڵایەتی تر بونە و خاوەنی جۆرێك لەسەربەستی خۆیان بوونە .

4- هەرچەندە لە خێزاندا باوك سەرپەرشتیارە , بەڵام لە لادێکاندا ژنان بەشداری کاریکشتووکاڵی و ئاژەڵداری و زۆربەی کارەکان بەهاوکاری پیاوان پێکەوە دەکەن .

### ب- بارودۆخی ئافرەتان لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا

بەر لە دەست پێکی شاڵاوەکانی ئەنفال وەکو خۆبۆئامادەکردن و رێگەخۆشکردنێك بۆشاڵاوەکە ,رژێم بەبڕیارێك کە لەرۆژی 21 /6/ 1987 ئاگاداری خەڵکی گوند نشینەکانی کرد کەلەم رۆوە دێهاتەکان وەکو دێهاتی قەدەغەکراو دادەنرێ , سوپا پێویستە هەرکات بیەوێت بۆردومان بکات و تۆپ و هەلی کۆپتەر بەکاربهێنێت , هەرکەسێك لەو گوندانەدا بگیرێ بەبێ جیاوازی دەگوژرێ . " بڕوانە پاشکۆی ژمارە 2 "

هەربۆیە رژێم لەم رۆژەوە تا 22ی شوباتی 1988 سەتای ئەنفال دەستی کرد بە پیادەکردنی پلانەکەی ( رژێم بەرلەشاڵاوەکە رۆژانە بۆردومانی گوندەکانی دەکرد و هەلیکۆپتەریش بەردەوام بەسەر گوندەکاندا دەسوڕایەوە , هەرکات زیندەوەری ببینیایە لە مرۆڤ و ئاژەڵ تەقەی لێدەکرد , هەبۆیە خەڵکی لەترسی بۆردومانی تۆپ و هەلی کۆپتەری رژێم بەشەو ئیش و کاریان دەکردو بەرۆژیش خۆیان دەشاردەوە )" 16 " .

پاش ئاماری ساڵی 1987 رژێم بەتەواوی گوندەکانی دابڕی لە شارەکان و داوای لێکردن کە گوندەکان چۆڵ بکەن و لە ئۆردوگاکاندا نیشتەجێ بن , بەڵام پاش گوێ نەدانی خەڵکی گوند نشینەکان بەبانگەوازەکەی رژێم , هەربۆیە شاڵاوەکانی ئەنفال دەستی پێکردو هێزی جاش و یەکە سەربازییەکان بە پاڵپشتی فڕۆکەی جەنگیو



www.pertwk.com

بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی زۆردڕندانە پەلاماری گوند نشینەکانی دەدا , ئەویش بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان ژن و منالّ و پیرو گەنج دا .

هەروەك حەبسە بەهادینی خەلّکی گوندی "لەکی قادر سەرهەنگ" و ئیستا دانیشتوی شۆڕشە دەلّیّ ( پاش ئەوەی جەیش و جاش بەپالّ پشتی توپ و تەیارەو شۆفلّ هاتن دایان بەسەر دێکەماندا , بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان ژن و منالّ و پێرو گەنج دا هەمومانیان کۆکردەوەو خستیانینیانە ناو ئیڤاوەو بۆ لیواکەی چەمچەمالّ , لەوێشەوە بۆ تۆبزاوا کاتیّ گەیشتین دەتگوت رۆژی حەشرە هێندەی خەلّك لیّ بوو قیژەی ژن و منالّ دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەك )" 17 " .

پاش گیدەیشتنی خەلّکەکە بەسەربازگەی تۆبزاوا کەمەلّبەندی سەرەکی کۆکردنەوەی ئەنفالەکان بوو بەتایبەتیش لە قادرکەرەم و لەیلان وچەمچەمالّ وتەقتەقەوە , پاشان لە تۆبزاوا دەست کرا بەدابەشکردنی خەلّکەکە بەسەر چوار گروپدا هەروەك بەسیرە عەلی لە دایك بووی سالّی 1964 کەرکوك دەلێت ( لە ناونوسینەکەدا لە یەکتری جیاکراینەوە , هەرچی پیاوی گەنج بوایە ئەیان خستە ریزێکەوە و ئەوەی پیربوایە بۆریزێکی ترو ژن و منالّ پێکەوەو کچە عارەبەکانیشیان بۆ قاعەیەکی تر برد ) " 18 "

هەرلەناو زیندانەکەشدا بەجۆرەها شێوە ئازاری جەشتەیی و دەرونیان ئەدان , زوربەی کات لەبەرچاوی ژنان تەعزیبی پیاوانیان ئەداو هەروەها منالاّنیان لیّدائەبڕین هەروەك (سەبریە عبدالکریم )ی دانیشتوی سمود دەلّی ( بۆ زیاتر ئازاردانمان زۆربەی جار شەو دەهاتن هەرچی منالّ بوو لێیان ئەسەندین , منالّ هەبوو شیری ئەخوارد , هەبوو لە شیرینی خەودا بوو , ئەیانکرد بەپەلیداو ئەیانبرد , قیژەو زریکەی منالّ وهاواری دایکان ئاسمانی کاس ئەکرد , کوێر ئەبوین ئەوەندە ئەگریاین ... پاش چەند سەعاتێك بۆیان ئەهێنانینەوە ) " 19 ".

سەرەرای ئەوەی زۆرێك لە ژنان دوو گیان بوون منالّەکانیان لەباردەچو یاخۆد لەناو ئەو حەشاماتەدا منالّیان دەبوو , هەروەك " فەیروز ئیسماعیل جەلال " دانیشتووی سمود دەلیّ ( لەناو ئەو هەموو دەردەسەری و رەزالەتی‌یەی تۆپزاوادا بەو هەموو ژان و نارەحەتی‌یەوە بە سکێك دوو منالّم بوو .... ! تۆ بیربکەرەوە ژنێك زەیستان بەدوومنالّی روتەوەو لە ناو ئەو هەموو زولّم و زۆرو برسێتی‌و بەتبەختی‌یەدا بەبیّ کەل و پەلّ ئەبێت ژیان چۆن بێت .... ! ئەمە سەرەرای سوکایەتی کردن و ئازاردانی سەربازەکانیش لەولاوە بوەستیّ )" 20 "

ئەو چەند رۆژەی کە لە تۆپزاوابون ژنان توشی دنیایەك لە مەینەتی و دەردەسەری و ئازاری جەستەیی و دەرونی بونەتەوە . تا دەگاتە سەردەست دریژی کردنە سەر ئافرەتان .( کاتێك پیاوو ئافرەتەکان لێك جیاکرانەوە , جەلادەکان دەست درێژی‌یان کردۆتە سەر ناموسی ئافرەتەکان و تەعەدایان لێکردوون ) " 21".

ئەمیش بەدوور لەهەموو داب و نەریتێکی مرۆڤایەتی سوکایەتی‌یان بەکەرامەتی هاولاّتیان کردووە , زۆربەی شاهیدحالّەکان دەست درێژی ناموسیان بینیوە , "رەحمە عبالکریم " دەلّیّ ( بەچاوی خۆم لەسەربازگەی تۆپزاوا دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتانم بینیوە , کچێکی زۆر جوان کەناوی بەیان بوو خەلّکی یەکێك لەگوندەکانی قەرە



www.pertwk.com

حەسەن بوو , تەمەنی " 14 ـ 15 " ساڵ بوو عەسکەرەکان پـەلاماریان دا , هـەر ئـەو شـەوە لـە تـاوا شـێت بـوو دوایی لە قاعەکان بە زنجیر دەیان بەستەوە بە پەنجەرەکانەوە ) " 22 ".

هەروەها ئافرەتێکی هەلاّتووی عەرعەر دەڵێت ( رۆژی واهەبووە دوانزە پیاو هاتونەتە لام و دەستدرێژیان کردۆتە سەرناموسم ) " 23 ".

لەلایەکی تریشەوە بەشی زۆری ئەو ئافرەتە گەنجانە درانە ئەفسەرو رەفیق حیزبـی و سـەرەك عەشـەرتەکان و بەزۆر لێیان مارەکراون بەبێ گوێدانە هیچ یاساو دابو نەریتێك .( " ئامینە حەمە ئەمین صالح " 12 سـاڵ و لـە داك بوی 1976 خـەڵکی گونـدی گوپتەپەیـە لـە کیمیابارانەکـەی گۆپتەپـەدا دایکـی و بـاوکیو چوارخوشـك و دووبـرای شەهید بوون , خۆشی ئەنفال دەکرێت و رژێم دەیداتە یـەکێك لـە رەفیـق حیزبیـیەکان و " 10 "هـەزار دینـاریشـی بەخـەلاّت دەداتـێ , ئێسـتا ئامینـە خێزانـی ئـەو رەفیـق حیزبییەیـەو دانیشـتووی شارۆچـکەی " تەیمومەیـە" لـە پارێزگای بەسرەو چوار منالّیشی هەیە )" 24 " .

هەروەها بەشێکی زۆری خەڵکی شارەکانی بەغداو باشوری عێراق ئاگاداری ژیان و چارەنوسی ئەو کچانەن کە دراون بە رەفیق حیزبییەکان . ئەوەتا سیروان ئەحمەد بەگ , دانیشتوی شاری بەغدا لە گەرەکی رەشید دەلێت ( هاورێیەکم بـەناوی " ئەحمـەد حـاجی ئـەمین " ناسـراو بـە ئـەبوو ئـازاد شـوێنی زیـاتر اە " 40 " کچـی کـوردی ئەنفالکراو پێدەزانێ کە لەلایەن رژێمەوە دراون بەرەفیق حیزبییەکان , هەروەها ئەیوو ئازاد زانیاری تەواوی لەسەر شوێنی ئەو کچە کوردە ئەنفالکراوانە هەیە ) " 25 ".

بێگومان رژیم بەم کارەی دەییست بەیەکجاری داب و نەریت و کلتوری رەسەنی کوردەواری بشـێوێنێ چـونکە ئـافرەتی کـورد هەمیشـەخاوەنی رەوشـت وکەرامـەتی خـۆی بـووە , هـەروەك دەسـتدرێژی نـاموس لـە کۆمـەڵی کوردەواریدا زۆر لە کوشتن و لەناوبردن قورستر بووە .

( ئەوەی جێگـای قێـز لێبوونەوەیـە رژێـم ئـەنجامی دابێـت ئەوەیـە کـە وێـرای سـوکایەتی کـردن بـەئافرەتان و ئازاردانیان , رژێم کەوتە مامەڵەو سەودایەکی تر , ئەویش فرۆشتنی ئافرەتان بوو, هەروەك چەرخەکانی ناوەڕاست و کڕین و فرۆشتنی بەندە " عەبد" و گەڕانەوە بوچ سیستمی " عبودیەت " ) " 26 ".

سەرەڕای فرۆشـتی ئافرەتـان بـە ئەفسـەرو رەفیـق حیزبیـیەکان زۆر جـار بەکۆمـەڵچ عـەرەب چـونەتە انـو زیندانییەکان و ئافرەتە جوانەکانیان هەڵبژاردووە , هەروەك رەحمـە عبـدالکریم دەڵێـت :( دوو هەفتـەبوو برابوینـە دووبز , رۆژێك کۆمەڵێك سەیارەی جام رەش هاتن , هەمووی عەرەبی دزداشە لەبەر بوون بەناو قاعەکەدا ئەگەڕان , زابتی قاعەکەی ئێمە پیاوێکی باش بـوو پێـی ووتـین هەرچـی ژنـی جـوان و جـەحێڵ هەیـە لەچـکەکانتان لـە دەم و چـاوتانەوە بئـاڵێنن , ئەمانـە هـاتوون هەرچـی جـوان بێـت و عـەقڵیان بیبرێـت ئەیبـەن بـۆ خۆیـان , کۆمـەڵێکیان جیاکردەوەو بردیانن ) " 27 ".

رژێم سەرەڕای فرۆشتنی ئەم ئافرەتانەلـەناو خـۆدا کەوتـە دابەشـکردنیان و فرۆشـتنیان بەسـەر مـەلهاو یانـە شەوییەکانی وولاّتانی عەرەبی دەوروبەردا , بەپێی بەڵگەنامەی ژمارە ( 601 ) ساڵی 1989 رژێم لەسەر داوای



www.pertwk.com

ولآتی میصری عەرەبی ( 18 )کچی کوردی ئەنفال رەوانەی مەلهاکانی ئەو ولآتە دەکات , هەروەك لە بەلگەنامەکەدا هاتووە :

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

| | |
|---|---|
| نهێنیو زۆر بەپەلە | ژمارە / 1601 |
| بەرێوەبەرایەتی هەوالگری پارێزگای کەرکوك | بەروار / 10 / 12 / 1989 |

بۆ / بەرێوەبەرایەتی موخابەراتی گشتی

بابەت / جیٚبەجێکردن

دوای ئامــاژەی راســتەوخۆ لەلایــەن ســەرکردایەتی سیاســیەوە , هەلّســاین بەئەنجامــدانی پرۆســەکانی ئەنفالی ( یەکەم و دووەم ) , کە تیایدا کۆمەلێکی جۆربەجۆرمان لـە هاولآتیانیئـەو ناوچـانە دەسـتگیرکرد , لەگـەلّ ژمارەیەکی بەرچاو لە کچان کە تەمەنیان لە نێوان ( 14 ـ 29 ) سالّیدان , هـەروەها بـەپێی فەرمانـەکانی ئێـوەی بەرێز ژمارەیەك لەو ئافرەتانەمان رەوانەی " مەلهاو یانە شـەویەکانی " وولآتـی میصـری عـەرەبی کـرد , ئـەویش لەسەرداوای خۆیان واتا " دەولّەتی میصر " , ئەمـەش لیسـتی نـاوی سـەرجەم ئـەو کچـانەن لەگـەلّ تەمەنـەکانیان بفەرموون بۆ ئاگاداریتان لەگەلّ رێزدا :

| ناوەکان | تەمەن |
|---|---|
| گەلاوێژ عادل رەحیم | 17 |
| چیمەن نازم عەباس | 23 |
| لەیلا عەباس جەوهەر | 21 |
| لەمیعە نازم عومەر | 19 |
| پەیمان شوکر مستەفا | 16 |
| خۆراسان عبدالله تۆفیق | 20 |
| قەدریە ئەحمەد ئیبراهیم | 17 |
| گولیلك ئیبراهیم عەلی | 19 |
| خەولە ئەحمەد فخرالدین | 25 |
| عیسمەت قادر عەزیز | 24 |
| نەجیبە حەسەن عەلی | 18 |
| حەسیبە ئەمین حەمزە | 29 |
| شلێر حەسەن عەلی | 20 |
| شوکریە رۆستەم محەمەد | 27 |
| حەسیبە هیدایەت ئیبراهیم | 15 |



www.pertwk.com

| | |
|---|---|
| کوێستان عەباس مولود | 26 |
| سروە عوسمان کەریم | 17 |
| سۆزە مەجید بەسیم | 29 |

ئیمزا

بەڕێوە موخابەراتی پارێزگای کەرکوك

1989 / 12 / 20

( بڕوانە پاشکۆی ژمارە 7 )

بۆزیاتر دڵنیابوون لەسەر ناردنی ئافرەتی ئەنفال بۆمیصر و " ئەڵماس پیر داود هەیاس " کاکەیی لەدایك بوی 1939 ی شاری کەرکوکە دەڵێت ( من لەساڵی 1988 کریکاربووم لە باخچەی " مەقەڕی قیادەی جەیشی شەعبی لیوای کەرکوك " بەیانی‌یەك کارم دەکرد لە حەدیقەکەدا سێ میصری اە بەصرەوە هاتبوون هاتن بۆلای " سەردار " زابت تەوجیهی سیاسی , ووتیان هاتوین بۆ ژنی کورد , ئەویش زانیاری نەبوو لەسەر شتی وا بۆیە حەبسی کردن , بەیانی "قایدی جەیشی شەعبە " ناتق هات سەردار پێی ووت : ئەو ژنانە هاتوون بۆ ژنی کورد , تو هیچ زانیاری‌یەکت هەیە لەسەریان , ناتقیش وتی من هیچ مەعلوماتێکم نی‌یە بۆ یە دەچم بۆ ( فەرع ) واتا فەرعی کەرکوکی حیزبی بەعس , نا تق چوو پاش نیوسەعات گەڕایەوە ,بەسەرداری ووتی ئەو سێ میصری‌یە بێنن بەڵێ شتی واهەیە , لەگەڵ خویدا سواری کردن چون بۆ مەعەسکەری تۆپزاوا ,کە هاتنەوە مەقەڕی قیادە سێ ئافرەتیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو , بەچاوی خۆم هەرسێ ئافرەتەکانم بینی , تەمەنیان لەنێوان " 18 ـ 20 "ساڵ دەبوون و جل و بەگی کوردی‌یان لەبەردابوو , دواتر ئافرەتەکانیان بردوو ڕۆیشتن )" 28 ".

بۆ زیاتر بەدواداچونی ئەم بەڵگەنامەیەو کەس و کاری ئەو ئافرەتانەی کە ناویانی تیا هاتووە , لەشاری دوزخورماتوو " بەشارەت ئەمین هەمزە "مان دواند ,کە برای حەسیبە ئەمین هەمزەیە لەگەڵ هەردوو کچەکەی نەجیبە حەسەن عەلی 15 ساڵ و شلێر حەسەن عەلی 12ساڵ کەناویان لەبەڵگەنامەکەدا هاتووە, لەگەڵ حەسیبە هیدایەت ئیبراهیمی براژنی , دەڵێ ( لە پاش ئەنفالکردنیان لە گوندی وارانێی خواروو هێنایانە دوزوو لە وێوە بۆ تۆبزاوا وە پاشان بۆ دبسیان بردن , ئێمە تا ئەوێ هەواڵیان ئەزانین ئەویش بەهۆی نیعمەت وارانی کەتا دبس لەگەڵیان بوو پاشان ئەو بەربوو , ئێمە ئەمساڵ هەوالیانمان نەئەزانی‌بەلاّم کاتێك زانیمان ناویان لەبەڵگە نامەکەدا هاتووە زۆرمان پێخۆشبوو , بەلاّم کاتێك زانیمان ناردویانن بۆمیصر زۆر نارەحەت بووین چونکە ئەوان بەزۆر براوون , ئەوان زۆر بەرەوشت بوون ,وەلەگەڵ ئەوەشدا خواکا ئەوانشۆراغیان دەبێت و دێنەوە زۆر پێخۆشحاڵ دەبین , خوشکەکەم حەسیبە خۆی‌و پیاوەکەی‌و شەشە کچی ئەنفالە , بەلاّم ناوی دوو کچیان لەبەڵگە نامەکەدا هاتووە , هەروەها براو براژنەکەشم ئەنفالە , )" 29 "



www.pertwk.com

هەروەها مام هیدایەت ئیبراهیم و فەتحیـیە جـەلالی دایك و بـاوکی حەسـیبە هیدایـەت ئیـبراهیم کـەناوی لـە بەڵگەنامەکەدا هاتووە سەرەتا مام هیدایەت ووتی ( ئێمە کاتێ زانیمان هەواڵی کچەکەمان هەیە زۆرمان پێخۆش بوو بەڵام کە بۆمان دەرکەوت نێردراون بۆ میصـر ، زۆر جـەرگ بـڕ بـوو چـونکە کچـەکەمان زۆر رەوشـت بـەرز بـوو ... چیبکەین... حەمد بۆ ئەو خوا ..... وەلاّتـی دەسـەلاّتم هەبوایـە پـەنجا بەعسـیم ئەکوشـت ..... بـەلاّم ئـاخ خ خ .. چیبکەم پیریو نەخۆشی )" 30" .

هەروەها فەتحیەجەلالی دایکی دەڵێ : کچەکەم سێ ساڵ بوو شـووی کردبـوو منـاڵی نـەبوو ، پیاوەکەشـیئەنفالە ئیتر نازانم ئەڵێن ناردویانە بۆ مەلها ، ئیمە هەرکات بینەوە وەك نوری چاومان رێژیان لێدەگرین )

لەلایەکی ترەوە نامق عبداللە تۆفیق کەبرای خۆراسان عبداللە تۆفیقەو کچەکەی بەناوی چـیمەن نـازم عـەباس ناویان لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە دەڵێ : خوشکەکەم چوار مناڵی هەبوو مێردیکەشی ئەنفالە ، بەراسـتی بەبیسـتنی هەواڵەکە لەلایەك زۆرمان پێخوش بوو کـەماون ، لەلایـەك مردنمـان دەخواسـت ، هەرچەندەشـتەکە هـیچ دەسـەلاّتی ئەوانی تێدا نییە ، بەلاّم ئەوەی لامان گرانە ئەوەیە کە کەس لەکاربەدەستان بەدەنگمانەوە نەهاتوون ، وەفدێکیان نەناردووە بۆمیصر بۆئەوەی سۆراغیان بزانین )" 31 "

هەر لەتۆپزاوا هەرچی گەنجەکان بوو جیایان کردنەوەو بەرەوچارەنوسی نادیاریـان بـردن ئەوەتـە " ئینجـێ رەحمان عوسمان " خەڵکی ناوچەی جەبارە دەڵـێ ( پێـنج رۆژ بەبـەر چـاومەوە پـۆل پـۆل زەلامیـان ریـز دەکـردو دەست و چاویان ئەبەستنەوە لە سەیارەی " سەر داپۆشـراودا " بارانیـان ئـەکرد ، مـە گـەر خواوصـەدام و سـایەق سەیارەکان زانیبێتیان بۆ کوێیان ئەبەن ، پێـنج شـەوو پێـنج رۆژ لـەو پەنجەرەیـەوە چاوم بڕیبـووە قـاپی خـوا ) " ."32

بەپێی زۆرێك لە زانیارییەکان ئەم گەنجانە بەشی زۆریشان لەئافرەتی گەنجیان لەگەڵدابووە لە بیابانـەکانی عەرعەرو رومادی و سەماوە زیندە بەچاڵ کراون ، زۆر بەدەگمەن لەو دۆزەخە رزگاریان بووە ، ئەو چەند کەسەشـی کە رزگاریان بووە هەندێکیان گەڕاونەتەوە کوردستان و هەندێکیشان رویـان لـە ولاّتـانی دراوسـێ کـردووە ، بـۆ ئـەم مەبەستە " م. حاجی شەوکەت رەفعەت " مامۆستا مزگەتی شـوعلە لـە خانـەقین کـە لەسـاڵی 2002 دا سـەفەری حەجی کردووە یـەکێك لەکچـە ئـەنفالکراوەکانی بینیـوە لـەلای پیـاوێکی عـەرەب لـە سعودیەیە ، مامۆسـتا حـاجی شەوکەت دەڵێ : ( من لەکاتی حەج کردنندا لە بازاڕی مەکەدا بووم ، پیاوێکی عەرەب کەزانی مـن کـوردم ووتـی وەلاّ منیش ژنەکەم کوردە ، ئەگـەر حەزدەکـەی ببیینـی بابچـین بـۆ شـوقەکەمان ، چـونکە ئـەوانیش هـاتبون بـۆ حـەج شوقەیان گرتبوو لەمەککە بەلاّم خۆیان خەڵکی (نەجد) شارێکی سـعودیە لـەنزیك سـنوری عێـراق ، کاتێـك چـومە شوقەکە ئافرەتە کوردەکەم بینی تەمەنی لەنێوان 30 ـ 35 ساڵ دەبوو ئافرەتێکی ژیرو هـێمن بـوو بـەلاّم زۆر بـە ترسەوە مامەڵەی دەکرد زۆر دەترسا چونکە هێشتا بەعس مابوو لـە ئـەمن و ئیسـتخبارات دەترسـا ، هەرکـە چـەند ووشەیەکی کوردی لەمن بیست دەستی کردە گریانێکی بەکوڵ ، پاشان هەناسەیەکی هەڵمژیو وتی تۆ بۆنی کەس و کارمت لێدێت ، بەترسەوە روداوەکەی گێڕایەوەو وتی : خـەڵکی دێیـەکی نزیکـی (دەربەنـدی خـانم ) لەشـالاّوەکانی


www.pertwk.com

ئەنفالدا و لە شەوێکدا ئێمەیان لە گەڵ دەیان کوڕو کچی گەنجدا براینە بیابان و هەرلەوێدا گوێم لەدەنگی دەست ڕێژی گوللە و هاوارو قیژەی خەڵك بوو . ئێمەیان برد بەرەو چاڵێکی گەورەو گوللە بارانیان کردین , بۆیە هەرلەوێدا بەچاوی خۆم دایکمم بینی کە بەرکەوت , بەڵام من بەرنەکەوتم لەبەرتاریکی سەربازەکان منیان نەبینی لەو چاڵە پڕ لە خوێن و مەرگە دوورکەوتمەوە بەترس و لەرزی زۆرەوە دوایی لەگەڵ 2 کوڕ و 2 کچی ڕزگار بوودا یەکمان گرت و بەدرێژایی ئەو شەوە ڕێگەمان بڕی تا گەیشتینە ئاوەدانی و دێیەکی نزیك نەجدی سعودی , لە وێ لەماڵێکدا ماینەوە تا ماوەیەك , تا ئەم پیاوە عەرەبەم بینی کە هاموشوی گوندەکەی دەکردو شوم پێکرد یەکێك لەکوڕە ڕزگاربووەکان بووە (ولی امرم) .

ماموستا حاجی شەوکەت دەڵێ هەرچەندە لەترسا ناوی خۆی نەوت بەڵام وتی ناوم ئوم محەمەدە و سێ منداڵیشم لەم پیاوە هەیە , هەرچەندە داوام لێکرد بێتەوە کوردستان , پیاوەکە وتی من مانعم نییە , بەڵام ئەو وتی من14 ساڵە لەگەڵ ئەم پیاوە دەژیم و وە کەسم نەماوە دایکو باوکم و کەسووکارم هەمووی زیندە بەچاڵ کراون)"33 "

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕژێم بەبێ گوێدانە هێچ یاساو نەریتێکی مرۆڤایەتی بەدڕندانەترین شێوە ژن ومناڵ و پیرو گەنجی زیندەبەچاڵکردوون , سەرەڕای هەموو ئەمانەش هەرلەسەرەتاوە ڕژێم بەردەوام لە هەوڵی تێکشکانی لایەنی دەرونی ئافرەتاندا بووە , بە برسی کردن و ئازاردانیان لەزیندانەکاندا مردنی کەس و کاریان بەبەرچاوی خۆیانەوە و پاشان سەگی تەرمەکانیان دەخواردن بەتایبەتیش لە نوگرەسەلمان , ئەمانە هەمووی سایکۆلۆجییەتی ئەم خەڵکانەی تێکشکاندو زۆربەیان دوچاری نەخۆشی دەرونی کوچمەڵایەتی هاتون , لە پاش گەڕانەوەشیان و نیشتەجێبونیان لە ئۆردوگاکاندا ڕوبەڕوی دنیایەك کێشەو گرفت بونەوە .

لێرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە :.

1- ئافرەتان بەردەوام لەزندانەکاندا ئازاری جەستەیی و دەرونی دراون و سوکایەتییان پێکراوە .

2- بەردەوام لەلایەنئەفسەران و سەربازانەوە دەستدرێژی ناموس و سوکایەتی بەکەرامەتیان کراوە .

3- بەشێکی زۆر لە کچە گەنجەکان دراون بە ڕەفیق حیزبییەکان یاخۆد بەووڵاتانی دراوسێ فرۆشراون .

4- بەشێکی زۆریشیان لەبیابانەکاندا زیندە بەچاڵ کراون .



www.pertwk.com

## ج- بارودۆخی کومەلأیەتی ژنان لە دوای شالأوەکانی ئەنفال

پاش کۆتایی هاتنی سەرجەم شالأوەکانی ئەنفال و لێبوردنی گشتی رژێ ملە 6/ 9 /1988 , بەشی زۆری ئەوانەی لە زیندانەکان ئازادکران یاخود ئەوانەی بەرشالأوی ئەنفال نەکەوتبوون و لە کۆمەلگا زۆرە ملێکانداو لە ژێر چاودێری سەختی ئیستخبارات و ئەمندا جێگیرکران و بونە پاشماوەی ئەنفال ئەمیش لە دوو حالەت پێك هاتبوون :. " 34"

1- ئەو ئافرەت ومنالأنەی پاشماوەی ئەنفال کەلە هەردوو زیندانی ( نوگرەسەلمان ودبس ) بەربوون لە ئەنجامی لێبوردنی گشتی .

2- ئەو خێزانانەی بەشی زۆریان ئافرەت بوون و لە پەراوێزی پەلامارەکە بەرنەکەوتن و پێوەنەبوون .

بەهەردوو ئەم جۆرە خێزانەو ئافرەتانە پاشماوەی ئەنفال پێکدەهێنن .

بێگومان پاشماوەی ئەنفال بەشی زۆریان ژن و منالٌ وپیرو پەککەوتە بوون و روبەرووی دەیان کێشەو گرفتی ئابوری کۆمەلأیەتی و دەرونی بونەتەوە , وە بەردەوام لە پرۆسەی تێکشکاندندان , ئافرەتان پانتایی‌یەکی گەورەیان لە لە کارەساتی ئەنفالدا داگیرکردووە ,چونکە بەپێی زۆربەی ئامارو زانیاری‌یە گشتیەکان بەشی زۆری ئەوانەی کە بەرشالأوی ئەنفال کەوتوون وبی‌سەرو شوێن کراو نلە رەگەزی نێرینەن ز

هەروەك لەخشتەی ژمارە ( 6 )ی لایەنی مەیدانی‌یەکەدا بۆمان دەردەکەوێت , رێژەی ( 60,97 ) ی ئەنفال کراوان لە رەگەزی نێرن , بەرامبەر بە رێژەی ( 39,02 ) لەرەگەزی مێیینەن , ئەم حالەتەش هۆکاری گەورەی تەنگەژە کۆمەلأیەتی‌یەکە بوو لە دوای ئەنفال , چونکە زۆربەیائەو پیاوانەی شوێن بزرکران خاوەنی خێزانی خۆیان بوون .

دیارە بەغیابی باوك لە خێزاندا جۆرێك لە تێکچون و پەرتەوازەیی روو ئەدات , لێرەوە ژنان رووبەڕوی حالەتێك بوونەتەوە کە سەخت تربووە لەوەی کەتەنها بێوەژن کەوتبن چونکە دەبوو لەدوای‌ئەم ساتە وەختەوە , دایك لەهەمان کاتدا دایکێکی نان پەیداکریش بوایە بۆ ئەو خێزانە زۆرەی کەتەنها منالٌی تێدا بەجێ‌ماوە .

هەروەك خاتوو " صەبری‌یە عبدالکریم " دانیشتوی صمودەو دایکی هەشت منالە دەلٌێ ( دوابەدوای رزگار بونمان لە جەهەنەمی تۆپزاوا و هاتینەوە صمود هیچ شتێکمان نەبوو , مێردەکەم ئەنفال کراوە , خۆم و کچەکەم 11 سالٌ کرێکاریمان کرد تا لەو سالٌی گرانی‌یە رزگارمان بوو لەبرسا نەمردین , چونکە کەس نەبوو هاوکاریمان بکات , وە لە ئاکامی ئیش و هیلاکی‌دا توشی چەندین نەخۆشی و دەردی بێدەرمان بووین و ) " 35 ".

سەرەڕای هەموو ئەو گرفت وماندوبونە جەستەیی ژنان , بەلاچم بەناچاری بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان شانیان دایە بەر کارکردن , کەئەمکەش بۆ ئەوان زۆر سەخت بوو , چونکە هەرچەندە لە لادێکاندا ژنان هاوکارو یارمەتی دەری پیاوان بوون لە ئیش و کاری رۆژانەیاندا , بەلأم کەهاتنە ئۆردوگاکانەوە کاری پیاوان و ژنان بەتەواوی

جودابوو , ( چونکە بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگای ئیچمە کۆمەڵگەیەکە ئافرەت ئافرەت لە هەموو روویەکەوە وابەستەی پیاوە , بەتایبەتی لەرووی ئابووریەوە , هەرچەندە ئافرەت لەلادێکاندا هاوشانی پیاو لە کێڵگە کشتوکاڵیەکاندا یان لە ئاژەڵداری‌دا هاوکاری پیاو بووە , بەڵام لە ئۆردوگاکاندا جگە لەوەی پیاو ون کرا , ئیدی تەواو ئافرەتان روبەروی قەیران بونەتەوە دەربازبوون لێی کارێکی ئاسان نی‌یە ) "36".

بەڵام سەرەڕای بونی دەیانگیروگرفتی کۆمەڵایەتی و دەرونی ژنان ناچاربوون بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی‌یەکانیان کاربکەن , چونکە کەس نەبوو هاوکاریان بکات لە ناوژینگەیەکدا دەژیان کە هەموویان دوچاری هەمان گرفتی ئابوری و کۆمەڵایەتی‌و سایکۆلۆجی بونە .

ئەمە سەرەڕای تانەو تەشەری ناوکۆمەڵگا بەرانبەر بەم ئافرەتانە , بەشی زۆریان لە ڕێگەی کەرکوك کاریاندەکردوو رۆژانە لەلایەن ئەمن و ئیستخبارات و سەربازانی رژێمەوە سوکایەتی‌یان پێ دەکرا ,.

لەلایەکی ترەوە ئەوەی زیاتر ئەم ژنانەی تێکشکاند و توانای لێبڕیبون چاوەڕوانی‌یە و ئەمان دەیان ساڵ لەچاوەڕوانی براوو مێردوو کەس و کاریاندا بوون کەئەمەش بۆ خوی هۆکاری دروستبونی دەیان نەخۆشی سایکۆلۆجی‌یە .

هەروەك سوعات عەلی دانیشتوی تەکی‌یە دەڵێ:( هێندە چاوەڕوانیمان کرد , چاومان روناکایی تیادانەما , تاکو ئیستاش هەرلەچاوەڕوانی مێردەکەمدام کەبێتەوەو رزگارمان بێت لەم ژیانە پڕ لەچەرمەسەری‌یە)" 37 "

هۆکاریکی دی کە ئافرەتانی تیا بەنەتە قوربانی کاریگەرترین گرفتی کۆمەڵایەتی دروست کردووە , ئەویش چارەنوسی هەزاران ئافرەتی گەنج و کەم تەمەنن , کەهەیانە دەست گیران داربونەو هەیانە چەند مانگێك لای مێرد بونەو هەشیان منالێك یاخود دووماڵیان هەیەو شویان نەکردوٚتەوە .

دیارە ئەمانیش بەسەر سێ حاڵەتدا دابەش دەبن :." 38 "

1- ئەو ئافرەتانەی کە پێشتر شویان کردبوو .

2- ئەو ئافرەتانەی کە پێشتر مارەکرابوون و نەگوازرابونەوە .

3- ئەو ئافرەتانەی کە کچن و شویان نەکردووە .

دیارە ئەم ئافرەتانە لەم فەزای کۆمەڵایەتی‌یەدا ناتوانن بڕیار لەسەر شوکردنەوەی خۆیان بدەن , چونکی بڕیاردان لەو بابەتە بەواتای چونەدەرەوە لەسنوری بازنەی داب و نەریتی کۆمەڵ , ئەمانیش بونەتە قوربانی نەریتی کۆمەلاچیەتی نێو کۆمەڵی کوردەواری , چونکە لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا کۆمەڵە سنورێك هەیە شوێن و مەکانەی ئافرەتان بەگشتی و ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال دیاری دەکات دەرچونیش لەوسنورانە نیشانەی عەیب و عاری گەورەی لەسەرە , چونکە عەیب و عار بەهەرکەسێکەوە بەسترایەوە وابەئاسانی دەست بەرداری نابێت .

بێگومان تاکو ئیستا بەشێوەیەکی گونجاو ڕێگەچارەیەکی یاسایی‌و شەرعیان بۆنەدۆزراوەتەوە , وە پشتگوێ خستنی ئەم گرفتەش ( روژ لەدوای رۆژ مەترسی زیاتر دەبێت و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی لێ ەیدا دەبێت , هەربۆیە

چارنی‌یە هەردەبێت ئەم مەسەلەیە قسەی لێوە بکرێ و بەدوای چارەسەری‌شەرعی‌و کۆمەلآیەتی خۆی‌دا بگەڕێین )" 39 ".

دیارە شوکردن یا شوکردنەوەی ئەو ئافرەتانە , بەهۆی ئەو پەیوەندی‌یە توندو تۆڵەی نێوان خێزانی کوردی‌یەوەیە بەتایبەتیش ژن وپیاو هەروەك لە توێژینەوە مەیدانی‌یەکەدا بۆمان رون دەبێتەوە کەمترین رێژەی ژنانی پاشماوەی ئەنفال شویان کردۆتەوە , بڕوانە خشتەی ژمارە ( 9 ) دەردەکەوێت کە رێژەی ( 91,91 ) ی ئەو ئافرەتانەی کە هاوسەرەکانیان ئەنفال کراوە شویان کردۆتەوە , ئەمەش زۆرترین گرفتی کۆمەلآیەتی ودەرونی بۆیان دروست کردووە , چ بۆ منالآنیان و چ بۆ کۆمەڵی کوردەواری .

دیارە سەرەڕای گرفتەکۆمەلآیەتی‌یەکانی کۆمەڵگەی کوردی حکومەتی هەرێمش کەمتەرخەم بووە لەئاست ئەم گرفتەدا , هەروەك فەیروز عەلی دانیشتوی صمود دەڵێ ( من سێ مانگ بوو شوم کردبوو , هێشتا دەست و پێم بەخەنەی بوکێنی‌یەوە بوو کەبەر ئەنفال کەوتین , دوای چەند مانگێك لە زیندان دوو منالم بوو , ئێستاش پێیان ئەڵێم ها باوکتان هاتەوە ؟ توخوا ئەمە خۆخەڵەتانن نی‌یە ؟ هەزاران ژنی مەینەتی‌و داماوی وەك من لەم صمودەو لە شۆڕش و لە کوێ‌و کوێ لە چاوەڕوانی‌دا پەلکی سپی دەهۆننەوە , نەشەرع و نەقانونیش ئێستاش دوای‌روخانی بەعس حالی ئێمەیان بە لایەکدا نەخست ) " 40 " .

ئەمە سەرەڕای بونە قوربانی زۆرێك لەکچانی پاشماوەی ئەنفالەکان , ئەویش بەهۆی ئەوەی کاتێك لە خێزاندا تەنها دایك و کچەکەی یا باوك و کچەکەی دەمێننەوە , لەم حاڵەتەدا دایکەکە یاخود باوکەکە بۆ خزمەتکردنی خۆی کچەکە دەهێڵێتەوەو مافی کچەکە پێشێل دەکرێت لە پێکهێنانی هاوسەرداریدا کە مافێکی رەوای خۆیەتی , لەلایەکی ترەوە بەهۆی داب و نەریتی کۆمەڵی کوردەواری‌یەوە بەستەم و ناڕەوای ئەزانن , کە کچەکەیان بە جل و بەرگی ئالآو والآوە ببینن و زەماوەندی بۆبکرێ لە کاتێکدا براو باوك و کەس وکاری ئەنفال کراوە .

فریاد صابر کەتەمەنی 37 ساڵەو نیشتەجێی صمودە دەڵێ ( پێنج مانگ بوو مارە کرابووم کە ئەنفال روویدا , دەزگیرانەکەم بەر ئەنفال کەوت , هەتا بەروح زیندوو بم هەرچاوەڕوانیم , کەل و پەلەکانی بوکێنیم هەر هەڵگرتووە , هەندێکیم لەبەر نەبونی فرۆشت خۆ تازە من رەش پۆشم بەلآم زوو زوو دەریان ئەکەم و سەیریان ئەکەم فکر لە ئامۆزاکەم دەکەمەوە , زۆرم خۆش دەویست وەدڵی خۆم بوو , خۆزگایە پێی بگەیشتمایە یا بەچکەیەکیم لێی بوایە بۆخۆم بۆنم پێوە دەکردوو لەگەڵی دادەنیشتم ) "41 ".



www.pertwk.com

**3-كاريگەری ئەنفال لەسەر هەڵوەشانی کۆمەڵگەی کوردی**

**ا- تێکدانی شیرازەی خێزانی .**

**ب- گۆڕانی داب ونەریتی کۆمەڵایەتی**

**ج- روخانی ژێرخانی ئابوری**

**د- دروستبونی نەخۆشیە دەرونیەکان**

**1 - تێکدانی شیرازەی خێزانی .**

دیارە رژێم پلانەکەی تەنها بەکوشتن و بێسەرو شوێن کردن و سوتانی گوندەکانی و بەتالأنبردنی سەروەت و سامانی کوردستان کۆتایی نەهات , بەڵکو ئەو خەڵکەی قوتاریشی بوو لەکارەساتەکە بەردەوام لە تێکشان و جەنگی دەرونی و کۆمەلأیەتی دا بوونەو نەیان توانیوە رزگاربن لەکۆت و بەندی کارەساتەکە

بەمەش رژێم هێندەی تر قەبارەی تێکشاندنی ئەم خێزانانەی گەورەتر کردوو مەبەستی پروسەی ئەنفالی بەو ئاراستەیەی کە خۆی دەیویست تەوزیف کرد .

واتا رژێم هەمیشە دەیویست بەجۆرو شێوازی دی ئەو خەڵکە لەناوبەرێو یاخود دووچاری پەرتەوازەیی‌و هەڵوەشانەوەی خێزانی بکات , ئەمیش کاریگەری گەورەی لەسەر هەڵوەشانەوەی کۆمەڵی کوردەواری دەبێت هەڵوەشانەوەش بەمانایەی کەئەم خێزانانە لەگوندەکانی خۆیان خاوەنی هەڵس و کەوت وژیان و تایبەتمەندی خۆیان بون , بەلأم بەهۆی کارەساتی ئەنفالەوە زۆرترین رێژەی ئەوانەی بێسەرو شوێنکران خێزاندار بون .

هەروەك لە خشتەی ژمارە ( 8 ) دا بۆمان دەردەکەوێت کەرێژەی ( 78,29 )ی ئەوانەی بەرشالأوی ئەنفال کەوتوون هاوسەر داربوون لەم رێژەیەش لە ( 85,84 ) ی ئەو ئافرەتانەن کە پیاوەکانیان ئەنفال کراوە , ئەمەش هۆکاری گەورەی تەنگەژە کۆمەلأیەتی‌یەکەیە و چونکە لە کوچەمەڵی کوردەواری‌دا پیاو سەرپەرشتیاری خێزانەو بەغیابی سەرپەرشتیاری خێزانیش جۆریچك لە پەرتەوازەیی و تێکچونی شیرازەی خێزان رووئەدات .



www.pertwk.com

چونكه بەشی زۆری ئەو خێزانانەی پاشماوەی ئەنفال ژنان سەرپەرشتیاری خێزانین ( خێزانێك هەیە پێی دەوترێ پاشماوەی ئەنفال كەسی یەكەمیش كەهەمان خێزان بەڕێوە دەبات ئافرەتە .... بە پێچەوانەی ئەمەش لە كۆمەڵی كوردیدا و تەنانەت رۆژهەلاَتی ناوەڕاستیشدا وابـاوە كەكەسی یەكەم كەبەرپرسی خێزان بێت پیاوە .... ئەو خێزانەی كە ئافرەت بەرپرسی پلە یەكە تیایداو بەڕێوەی دەبات یەكێ نییەو دوان و سیانیش نییە , بەڵكو ژمارەیەكی زۆرن و ئەوانەن لەپاشماوەو پەراوێزی ئەنفالدا ماون و بەرنەكەوتون , دیارە ئەمیش لە پرۆژەی تێكشكانی خێزانی كوردی لە پەلاماری ئەنفالدا ئەم رۆڵەی بەركەوت)" 42 ".

بێگومان ئەم حاڵەتە گرفتێكی بەرچاوی لە نێو خیچزانەكاندا دروست كردووە ,چونكە ئەم گۆڕانی سەرپەرشتیارە بەشێوەیەكی سروشتی ئاسایی نەبووە بەڵكو كاروسات و بارودۆخێكی نائاسایی هێناویەتی‌یە ئاراوە .

هەروەك لە خشتەی ژمارە ( 16 )دا سەرپەرشتیاری خێزانی لە پێش و لە دوای كارەساتی ئەنفال رون دەكاتەوە , لە پێش شالاَوی ئەنفال سەرپەرشتیاری خێزانی ( 88,46 ) ی پیاو سەرپەرشتبار بووە , بەرامبەر بە ( 8,24 ) ژنان سرپەرشتیار بوونە كە ئەویش بەهۆی كوچچی دوایی یا نەمانی باوكەوە بووە , بەلاَم لە دوای كارەساتەكەوە ( 26,37 )ی لەژێر دەسەلاَتی پیاو دایە بەرامبەر بە ( 65,93 )كە لە ژێر دەسەلاَتی دایك دایە .

دیارە لێرەوە دەردەكەوێت كە رژێمهەموو ئەو بنەما كۆمەلاَیەتیانەی كە خێزانی كوردی لەسەر دارێژرابوو , بەئاراستەیەكی دیدا برد , بێگومان خێزان لە كۆمەڵگەی كوردیدا زۆر وابەستەی داب ونەریت وترادسیونی كومەلاَیەتی‌یە , بەلاَم ئەم شالاَوە شیرازەی خێزانی كوردی گۆڕی .

زۆرێك لەو خێزانانە نەیان توانی خۆیان لەبەردەم ئەو گۆرانەدا بگرن , چونكە گۆڕانێك نەبوو لەسەر بنەمای بەرەو پێش بردنی سیستمی خێزانی ( هەروەك زۆرێك لەوانەی ئافرەت بوون بۆماڵچی باوكیان بەكۆمەڵێك منالەوە گەڕانەوە , یا بۆماڵی خەزورانیان , هەشیانە بەدیار منالەكانیەوە لە خانویەكی تەنهادا ژیا ن دەگوزەرێنێ , ئەوان ئەگەر چی گەڕانەوە ماڵی باوك بێت یا خەزور , بەلاَم هەمیشە خوچیان بەسەربار دەزانن و رووبوورروی كێشەو قرەقرەی زۆر بونەتەوە , ئەوانیش كە بەتەنها دەژین نازانن چۆن سەرچاوە ئابوری‌یەكان بۆ خۆیان و منالەكانیان دابین بكەن ) " 43 ".

لەلایەكی ترەوە ئەتوانین بلێین سەرەڕای گوچڕانی سەرپەرشتیاری خێزانی , ئاستی پیشەی خێزانەكانیش گۆڕان , لە گوندەكاندا ئەمان زیاتر سەرقاڵی كشتوكاڵی ئاژەڵداری بوون , بەلاَم بەهۆی شالاَوەكەوە هەموو سەروەت و سامان و كشتوكاڵەكانیان وێرانكراو ئاژەڵەكانیان بەتالاَن برا , ئەو بارودۆخەی كەتیایدا دەژیان رێگەی ئەوەی نەدا كە جارێكی دی ئەم كارانە بكەنەوە , وە لەهەمان كاتیشدا رانەهاتبوون لەگەڵ ئیش وكاری شاردا ,ئەمە بۆخۆی گرفتی گەورەی دروست كردبوو بۆ خێزانەكان .

لەلایەکی دیکەوە چونیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی شارو ژینگەی شاردا , هەروەها ئاڵۆزی ژیانی شاریش لەروی دەرونی و کۆمەڵایەتی‌یەوە بەشێك لەگرفتەکانی دروست کردبوو , چونکە بەر لە کارەساتەکە ئەمان لە چوارچێوەیەکی بچوك و رێژەیەکی کەمی خەڵکدا مامەڵەیان دەکرد .

هەروەها کۆمەڵگەی کوردی پەیوەستە بە رەوشت و ئاکاری رەسەنی کوردەواری‌یەوە وە تاکەکانی کۆمەڵگەش زۆر گرنگی بەم دیاردەیە ئەدەن بەهۆی ئەوەی خەڵکی گوندەکان زۆربەیان خزم و کەس و کاری یەکدین زۆر پارێزگاری لە رەوشت و ئاکاری یەکدی دەکەن هەروەك دەرچون لەم حاڵەتەش سزای توندی لەسەرە .

بەلاّم لەئەنجامی کارەساتی ئەنفال و تێکهەڵچڕانی خەڵکی زۆری ناوچە جیاوازەکان , ئەم دیاردەیە وەکو حاڵەتێك دەرکەوت و هەستی پێدەکرا لە ئۆردوگاکاندا , بێگومان ئەمەش پلانی رژیم بوو بۆ تێکدانی داب ونەریتی رەسەنی کوردەواری ( رژێم مەبەستی‌دروست بونی دیاردەی بەد رەشتی و بێسەرپورشتی بوو لەناو کۆمەڵی کوردەواری‌دا ) " 44 ".

## ب- گۆڕانی داب و نەریتی کۆمەلاّیەتی

دیارە هەوڵدان بۆ سڕینەوەو لەناوبردنی نەتەوەیەك و سوتماککردنی خاکەکەی کاریگەری گەورەو نەگەتیف بەدوای خۆی‌دا جێ‌دەهێلێت و دەیان گرفت و دەرهاویشتەی کۆمەلاّیەتی لێ‌دەکەوێتەوە , پاش هەڵوەشانەوەی سیستمی خێزانی پاشماوەی ئەنفالەکان و گۆڕانی شوێنی نیشتەجێ بوونیان و پەرتەوازەبون و لێکدابڕانی خزم و کەس وکاریان , ئەمە بووە هۆی تێکشکانی کلتوری رەسەنی کوردەزواری‌و هەڵوەشاندنەوەی داب و نەریتی تایبەتی خوچیان کە بەدرێژایی مێژوو لەگوندەکاندا پیادەیان دەکردوو پەیوەست بوون پێوەی .

بێگومان ئەمەش پلان و ستراتیژیەتی رژێمی بەعس بوو لە شالاّوەکانی ئەنفالدا بەرامبەر بە خەڵکی گوند نشینەکان بەئەنجامی گەیاند ,( هەرکۆمەڵگەیەکیش شڵەژاو بەرەو نەمان چوو ئەوا زۆریك لە بنەما سەرەکی‌یەکانی لەدەست دەدا , یاخود گۆڕانی بەسەردا دێت , شالاّوی ئەنفال بنتاغەو پرنسیپە سەرەکی‌یەکانی کۆمەڵگەی کوردی تێکداو کاری کردە سەر داب و نەریتی رەسەنی کوردەواریش ) " 45 ".

بەهۆی‌شالاّوەکانی ئەنفال و گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بونیان و دابڕانیان لە کەس و کارو هۆزو تیرەکانیان , هەموو ئەو داب ونەریت وترادسیۆنە کۆمەلاّیەتیانە تێکشکاوگۆڕانیان بەسەردا هات , چونکە خەڵکی هەموو گوندەکان بەجیاوازی داب و نەریت و سروشتی تایبەتی خۆیەوە , کەهەریەکەیان خاوەنی رەوشت و هەڵسوکەوت و نەریتی خۆیان بوون خزێنرانە ناو ئۆردوگاکانەوەو بەناچاری هەموو سروشت و داب ونەریت و رەفتاری جیاوازیان لە بۆتەیەکدا توانەوە , ئەمەش جۆرێك لە کلتوری وەرگرت کە دوربوو لە کلتورو داب ونەریتی رەسەنی خۆیان ,



www.pertwk.com

هەروەك دەيان كێشەو گرفتی كۆمەڵایەتی بەهۆی ئەو تێكهەڵچنانەی كەس وكاری ئـەنفال لـە ئۆردوگاكانـدا دروست بوو .

هەربۆیـە ەل خشـتـەی ژمـارە( 12) دا بۆمـان رون دەبێتـەوە كـە (79,67 ) پێیـان وایـە كەشـالآوەكانی ئـەنفال كاریگـەری زۆری لەسـەر گـۆرینی داب ونـەریتی پاشمـاوەی ئەنفالـەكان هـەبووە ,هەرچـەندە بەشـێكیان پەیوەست بوونە بە داب و نەریت و هەڵسوكەوتی رەسەنی خۆیانەوە دیارە ( ئەو رێژەیەی كە تاكو ئێستا پـەیرەوی داب و نەریتی ناوچەو عەشیرەتەكانیان دەكەن , هۆكەی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە كە هەندێكیان ئێستا لـە گونـدەكانی خۆیـان دەژیـن ,هـەروەها لـەكاتی دەربـەدەركردن و سـوتانی گونـدەكانیان , ئـەو شـوێنانەی كـە خۆیـان تیایـدا حەشاردابوو نزیك بوو لە ناوچە رەسەنەكانیان و زۆربەشیان لە بنەرەتدا خەڵكی یەكناوچـەی هـاوزارو داب ونـەریتی هاوبەش بوون بەهۆی عەشرەت وناسیاوییەوە , یاخود خەڵكی گوندێكی وێران كـراو لەیـەك كۆمـەڵگای زۆرەملـیَدا نیشـتـەجیَكرابوون و ماڵـەكانیان لەیـەكتر نزیـك بـووە و هاموشـوی یـەكتریان بەبـەردەوامی كـردووە پەیوەنـدی خزمایەتییان نەپچڕاندووە)" 46 "

هەروەها لەروی پەیوەندی نێوانیان و سوچزو خۆشەویستیو هاوكارییـەوە , ئـەم شـالآوە پاشمـاوە برسـیو رەش و روتەكەی ناچاركرد هەركەس بەدوای قوتی خـۆی بكـەویَ و كـەس نەپرژێتـە سـەر ئـەوی دی , بێگومـان لـە گوندەكاندا گیانی تەباییو هاوكارىو هەرەوەزی باوو بووە لەنێوان خێزانەكان و تاكـەكانی گونـدێك و ناوچـەیەكدا , ئەمیش بۆ بەتەنگەوە هاتن وفریاكەوتنی یەكدی لەكاتی خۆشیو ناخۆشی و ئیشـوكاری یـەكتری وە لـە خشـتـەی ژمارە ( 10 )دا بەرونی بۆمان دەردەكەوێت كە لە ( 42٪ ) نمونەكە پیان وایـە كـە پەیوەنـدی كۆمەڵایـەتییان لـە نێوان خزم و كەس وكاریان كەم بوتەوەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە , ئەمیش بەهۆی ئەوەی كە ئەم خەڵكانـە رۆژانـە بۆ پڕكردنەوەی پێداویستی ژیانیان ناپرژێنە سەر یەكدی ز

لـە لایـەكی تـرەوە ئـەم شـالآوە هـەموو ئـەو پایـە كۆمەڵایـەتی و رێـزو خۆشەویسـتییەی تێكشـكاند , چـونكە لەگوندەكاندا كەسانی ناودارو خاوەن دیوەخان وپلەو پایەی بەرزی كۆمەڵایەتییان تێدابوو كە زۆر رێزیان لە میـوان دەگرت و دەیان گیروگرفتی كۆمەڵایەتییان چارەسەردەكر .

بلآم ئەم شالآوە بەهۆی تێكدانی شـوێن و روخـانی ژێرخـانی ئابوریـان ئـەو پایـە كۆمەڵایـەتیان هـەموو تێكشـكان ئەوەتە ( سەید حەسەن عەلی ) دانیشتوی صمود كەهەموو خزمو كەسە نزیكەكانی ئەنفالە دەڵێ (من لەگوندەكـەی خۆمان خاوەنی سەروەت و سامانی زۆرو دیوەخان و میوان بوومە و خەڵكی زۆر رێزمیان لێـدەگرت و شـەش كـوڕم هەبوو , بەلآم هەموو ئەو شتانەم لە دەست چوو لە ئەنفالەكەدا , ئەم چەند ساڵە بە سواڵ وسـەدەقەی موسـلمانان دەژیم و دەست لەهەموو كەس پان ئەكەمەوە )" 47" .

هەربۆیە ئەنفال بەپلان وبەرنامەی چڕو پڕ و درێژخایەنـەوە جیَبـەجێكراو سـەرەڕای لایـەنی مـادی سـەرجەم رەهەندە مەعنەوییەكانی كۆمەڵگەی كـوردی تێكشـكاند و هـەڵی وەشـاند , ئـەمیش لـە پێنـاو سـڕینەوەی مـۆركی نەتەوایەتی گەلی كوردو سڕینەوەی كلتورو ناسنامەی میللەتی كورد .

## ج- روخانی ژێرخای ئابوری

بێگوامان گرفتە کۆمەلأیەتیەکان بەردەوام ئامادەیی هەیە لەنێو پاشماوەی ئەنفالەکاندا , بەلأم ئەوەی زیاتر ئەم گرفتەی قورستركردووە و بەردەوامیان پێئەدات , روخانی ژێرخانی ئابوریئەو خێزانانەیە , ئەم حالەتە بەردەوام ئامادەیی هەیە لە سەرجەم گرفتە کۆمەلأیەتیو سایکۆلۆجیەکاندا .

چونکە گەر بگەڕێینەوەو سەرنجی پێش شالأوەکە بدەین ئەبینین کەئەم خەلکانە لە گوندەکانی خۆیاندا خاوەنی موڵك و ماڵ ومەڕو مالأت و کشتوکڵی خۆیان بونە , بەلأم پاش شالأوەکە ئەمانە هەموو ئەو سەروەت و سامانانەیان لە دەست چوو , وە ئەوەی لە ماوەی دەیان ساڵی خێزانیدا پێکیانەوە نابوو لەدەستیان چوو بوو هاتنەوە سەرخاڵی سفر .

( دیارە پرۆسەی ئەنفال زیاتر لەناوچە گوند نشینەکاندا جیبەجێکرا , کە سەرچاوەی ئابووری لەلادێکان لەسەر کشتوکاڵی و ئاژەڵداری دەوەستێت , پرۆسەکە وێرانکارییەکی گەورەی لەسەر پانتایی شوێنی بەرهەمهێنان و لەوەڕگاو مەڕو مالأتی لادێکان دروست کرد , زۆرترین زەوی کشتوکاڵی لەکارخست و هەرچی مەڕو مالأت و ئاژەڵیش هەیە زۆرترین ژمارەی لەناوچوو ) " 48 " .

وەپاش ئەوەی ئەو خێزانانە خزێنرانە ئۆردوگاکانەوە هیچ پێداویستییەکیان بۆ دابین نەکرا رژێمیش بەردەوام لەهەوڵی سەرکوت کردنیاندا بووە , بۆیە ناچاربوون بەهەر شێوازێك بێت شان بدەنە بەر کارکردن , بەلأم لێرەشدا گرفتی دیکە دێتە رێگەیان ئەویش گۆرینی پیشەکەیانەلە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە بۆ کرێکاری .

بێگومان ئەم گۆرانە کاریگەرییەکی سلبی هەبووە بۆسەر بارو دوچخی دەروی و کۆمەلأیەتی پاشماوەی ئەنفال بەتایبەتیش ژنان , چونکە بەشی زۆری ئەرکی خێزان و پەیداکردنی بژێوی خێزان لە ئەستۆی ئافرتدا بووە, ئەویش بەهەوۆی بیسەروشوێن بونی پیاوەکانیانەوە .

ئەمە سەرەرای ئەوەی وٚرێك لەخێزانەکان بێکارن یاخۆد بەناچاری هەندێ کاردەکەن کە کاردانەوەی خراپی لەسەر دروست کردوون بەتایبەتی ئەوکاتانەی کەسەرقاڵی قاچاخچێتی رێی کەرکوك بون , کەئەمەش بەتایبەتی بۆ ئافرەتان زۆر سەخت بوو ,( چونکە یا ئەوەتە دەستەو ئەژنۆ دانیشن خۆیان و مناڵەکانیان چاوەڕوانی مەرگ بکەن , یائەوەتا بەرەنگاری ئەو بارودۆخە بکەن و لە هەوڵی دەستکەوتی پاروەناندابن پاروەنانیش لە ئاوەها دۆخێکدا نە هەروا ئاسانەو بگرە لەبەردەم پرسیارو مەترسی گەلێك زۆردایە ,چونکە جیا لەهەوڵی نان پەیدا کردن و رێگە سەختەکان بۆخۆی نان پەیداکردن لە کۆمەڵی ئێمەدا سەختیو گرفتی دێتەرێ ..... بەدەرچون لەکاڵ وکاردن لە



www.pertwk.com

پێناو نان پەیداکردن کەسێتی خۆی بەپێی سروشت و پێکهاتەیکۆمەڵگا دەکەوێتە بەردەم پلارو هێرشی جۆراوجۆر ، بگرە زۆرجاریش لایەنی رەوشتیش دەکەوێتە بەردەم هێرش و قسەو باسەوە ) " 49 ".

دیارە بەهۆی لەناوچونی سەروەت و سامانی ئەم خێزانانەو ، نەبونی هیچ سەرمایەیەك وای لێیان کردووە کە بەشی زۆری لاوان کاربکەن و یان ژیانی سەخت ودژوار بگرەبەر لە پێناو پەیداکردنی بژێوی رۆژانەیان ، هەروەك كاك " ئەحمەد " لاویکی خەڵکی شۆرشە دەڵێ ( بێکاریو دەست بەتاڵی وای لێکردوین کە رێگای هات و نەهات بگرینەبەر بەرەو دەرەوەی وولات یان ببین بەپێشمەرگە ...... گەر ئەمانەش نەکەین دەبێت لە بەیانیەوە تائێوارە لەپاڵ دیوارەکان دابنیشین )" 50 "

ئەم لاوانە بێنازترین لاون لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە غەرق بوونە لە گرفتە سایکۆلۆجی ئابوری وکۆمەلایەتیەکان ، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە دام ودەزگا حکومیەکانیش لە دوای راپەرینەو لە هەوڵی باشترکردنی بژێویو دۆزینەوەی کارنەبوون بۆیان .

هەربۆیە دەبوایە لەدوای راپەرینەوە باری ژیانیان باش بوایە ، بەلام بەهۆی هەڵگیرسانی شەری ناوخۆوە توشی زۆر مەینەتی دیکە بوون ، ئەویش لەبەر نەبونی باریگرانی ژیان چەکی پێشمەرگایەتیان کردە شان وزۆربەیان توشی ماڵکاولی هاتن لەشەریناوخۆدا لەناوچون .

لەلایەکی دیکەوە منالانیش بونەتە قوربانیەکی گەورەی ئەم کارەساتە ، بەهۆی ئەنفال کردنی باوکیانەوە زوربەیان شانیان داوەتە بەر کارکردن لەبەرئەوەی خۆیان بونەتە سەرپەرشتیاری خێزان ، کارکردی منالان بۆخۆی کاریگەری نەگەتیف بەجیدەهێلێت لەسەر کۆمەڵگا و رەنگدانەوەی خراپی لیسەر ئاکارو رەوشت و هەڵس وکەوتیان دەبێت لە ئایندەدا ، کەئەمەش دەبێتە هۆی دروست بونی چەندین گرفتی کۆمەلایەتی ، چونکە بەهۆی کارکردنەوە منالان زۆرجار دوچاری لادان دەبنەوە ، وە زۆربەیان وازیان لە کارکردن هێناوە " سەروەر " مێرد منالێکی تەمەن 15 ساڵە دەڵێ ( قوتابخانە بۆ ئێمە نیە ...... چاومان بەژیان هەڵهێنا پێیان دەووتین منالی ئەنفال ، تا پۆلی شەشەی سەرەتاییم خوێندووە ، دەفتەر نەبوو کتێب نەبوو ، جل و بەرگ نەبوو ، چونکە لەوکاتەدا تەنها دایکم لەو رێگایە کاری دەکرد کەئەویش ریگای کەرکوك بوو ، 4 خوشکم قوتابین و دایکم فریایهەموومان نەدەکەوت ، بۆیە ناچار خۆم دەستم لە خوێندن هەڵگرت بۆ هاوکاریکردنی دایکم لە پەیدا کردنی بژێوی ماڵەوەو تەواوکردنی قوتابخانە بە خوشکەکانم ) " 51 ".

ئەم حاڵەتەش کاریگەرییەکی زۆر خراپ لەسەر دوارۆژی کۆمەڵگەی کوردی دروست دەکات ، بەردەوام رێژەی نەخوێندەوار بەهۆی وازهێنانی منالانەوە زۆر دەبێت لەنێو پاشماوەی ئنفالەکاندا ، ئەمە سەرەرای ئەوەی ئەو رێژەی بەرزەی نەخوێندەواریە لە ناویاندا .



www.pertwk.com

گەر بڕوانینە خشتەی ژمارە ( 5 ) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی ( 88٪ ) پاشماوەی ئەنفالەکان نەخوێندەوارن , دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕژێم هیچ کات بایەخی بە خوێندن وقوتابخانە نەداوە لە گوندەکاندا , ئەمەش دەردێکی کوشندەیە کە لەکۆمەڵگەی کوردی دراوە .

هەروەها بەهۆی روخانی ژێرخانی ئابوری پاشماوەی ئەنفالەکانەوە پیرو پەککەوتەکانیش بونەتە قوربانی ئەو کارەساتە , چونکە ئەمان زۆرتر پێویستیان بە خزمەت کردن هەیە هەرچەندە هیچ سەرچاوەیەکی ئابوری شك نابەن , بەشی زۆریان کورەکانیان ئەنفالە , بۆیە بەناچاری بەشێکیان پەنایان بۆ سوالٚ بردووە .

بێگومان یارمەتی‌و هاوکاری ریکخراوو دام و دەزگا حکومیەکانیش بۆیان بەپێی پێویست نەبووە, لەماوەی دەیان ساڵەی پڕلە نەهامەتی‌دا نەتوانراوە یارمەتیان پێشکەش بکری , هەروەك لە خشتەی ژمارە ( 17 ) دا بۆمان دەردەکەوێت کەرێژەی ( 77٪ )کەس وکاری ئەفالەکان هیچ جۆرە هاوکاری‌یەکیان پێشکەش نەکراوە هەرچەندە حکومەتی هەرێم لە پاش ( 14 ) ساڵ بڕیاری‌دا لە 14 /4 / 2002 وە بری ( 200 ) دینار بۆ کەس وکاری‌یان ببڕێتەوە .

## د- دروست بونی نەخۆشی‌یە دەرونی‌یەکان

کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال و هەموو ئەوانەی کە لە شاڵاوەکەدا رزگاریان بوو , دنیایەك کێشەو گیروگرفتی سایکۆلۆجییان بۆ دروست بووە , دیارە ( سایکۆلۆجی‌یەت لەناو پاشماوەی ئەنفالەکان دەگەڕێتەوەبۆ کاردانەوەی شاڵاوە دڕندانەکەی رژێمی بەعس کەبۆ هەر خێزانێك دەیان گرفت وکێشەی جۆراوجۆری بۆ دروست کردوون , ڕەنگە لە هەرخێزانێکدا ئەو کاریگەری‌یە جیاوازی‌یەکی تێدا بێت ..دیارە لەدەستدانی شوێن و جێگیربونیان لە ئۆردوگازۆرە ملێکانداو بێکاری‌و نەبونی باری بژێوی‌و شوکردنەوە , کۆمەڵێك هۆکاربن پرسیاری جدییان دروست کردووە لە هزری پاشماوەی ئەنفالەکاندا و هەرهەموشی بێوەلاّمن , ئەمانە کۆمەڵێك خاڵن ڕەنگدانەوەی گرانیان لەسەر سایکۆلۆجی‌یەتی پاشماوەی ئەنفال دروست کردووە ) " 52 ".

هەموو ئەو گرفتانە رۆژانە دووبارە دەبنەوە و بەردەوامن , بۆیە گەر سەرنج بدەینە روخساری کەس و کاری ئەنفاەکان و لە بارودۆخی کۆمەلاّیەتی‌و سایکۆلۆجی‌و تەندروستیان بکۆڵینەوە بەئاشکرا ئاسەواری دەیان نەخۆشی بەدەردەکەون , کە دەرئەنجامی شاڵاوەکانی ئەنفالەو دوچاری کەس وکاری ئەنفالەکان بووە

( بۆیە زێدەڕۆیی نی‌یە گەر بڵێن نەخۆشی‌یە دەرونی‌یەکانی کەس وکاری ئەنفالەکان بەرێژەی نەخۆشی‌یە جەستەیی و اەشی‌یەکان یەکسانن و ڕۆژ لەدوای رۆژیش لە زیاد بوون دایە ) " 53 "

بێگومان رۆژ لەدوای رۆژ نەخۆشی‌یە دەرونی‌یەکان لە زیادبوون دان , ئەمیش بەهۆی بەردەوامی سەرجەم ئەو گرفت و تەنگەژە کۆمەلاّیەتی‌و سایکۆلۆجی‌و ئابوری‌یانەی کەتاکو ئێستا چارەسەر نەکراون و هەوڵیش نەدراوە بۆ چارە سەر کردنیان .



www.pertwk.com

هەروەك لە خشتەی ژمارە( 13 )دا بۆمان دەردەكەوێت كە شالأوی ئەنفال كاریگەری زۆری لەسەر نەخۆشییە دەروونییەكانی پاشماوەی ئەنفال دروست كردووە , وەك دەبینین ( 57٪ )كاریگەری هەبووە ئەمیش بەهۆی ئەوەی كە كەس وكاری ئەنفالەكان هەریەكەیان دەریایەك لەخەم و ئازارو ئەندێشەی هەڵگرتووە هەمیشە چاوبەفرمیسك و دەم بەگریانن ئەمەش دەیان جۆری نەخۆشی دروست كردووە .

( وە لە ئەنجامی لێكۆڵینەوەیەكی مەیدانیدا دەركەوتووە كە " 231 " حاڵەتی دەروونی دروست بووە لە ئەنجامی شالأوەكانی ئەنفالدا , كەواتا ئەم شالأوانە كاریگەری خراپیانكردۆتە سەر كەس و كاری ئەنفال كراوان لەروی دەروونییەوە , چونكە جۆرەها حاڵەتی لا دروست كردوون كە كاردانەوەی خراپیان هەیە لەسەر روانینی ئەم كەسانە بۆ كۆمەڵ )" 54 " .

دیارە بەهۆی ئەوحاڵەتی كوشت و كوشتارو ئازاردانانەی كە اەزیندانەكاندا لەلایەن سەربازانی رژێمەوە بەرامبەریان یاخود ببەرچاویانەوە ئەنجام ئەدرا , بەشی زۆریان توشی ترس و دڵە راوكێ هاتوون , تاكو ئێستاش كاریگەریان ماوە.

هەروەها پاش دەیان ساڵ لە چاوەڕوانی كەس وكاریان زۆربەیان توشی بێ ئومێدی بوون , وە بەهۆی نەهامەتیو لێقەومانی و خەمی بەردەوامیان زۆربەیان دوچاری خەمۆكی هاتوون ( ئەم حاڵەتەش رۆژ بەرۆژ لە زیاد بوون دایە , بەتایبەتی لەو ولأتانەی كە گۆڕانكاری خێرایان بەسەردا دێت وەك ناوچەی كوردستان كەلە بارودۆخێكی تایبەتدا دەژی ) " 55 ".

وە ئەو نەخۆشیانەی كە بەهۆی كاریگەری شالأوەكانی ئەنفالەوە دروست ببوو بەهۆی ناسەقامگیری باری سیاسی كوردستان كە چەندین ساڵە بەردەوامە , نەخۆشییە دەروونییەكانی لەناو پاشماوەی ئەنفاەكاندا زیاتر كردووە , ( كەواتا شالأوەكانی ئەنفال كارێكی زۆرخراپی بووە لەسەر ئەندامانی خێزانە ئونفالكراوەكان بەتایبەتی و ئەندامانی كۆمەڵ بەگشتی , ئەم گرفت و نەخۆشییەدەرونیانە كوشندەیی شالأوەكان پیشان ئەدات و لە میانەی ئازاردانی جەستەیی و دەرونی ) " 56 ".

### سەرچاوەكان


1- د. خلیل اسماعیل ـ انماط الاستطان الریفی فی العیراق , بغداد مطبع الحوادث , 1982 , لا394 .

2- د. ئازاد شێخانی ـ ئەنفال لەناو چوارچێوەی قۆناغەكانی دروستكردنی ئوردوگا زۆرەملێكاندا , گۆڤاری سەنتەری برایەتی , ژ 24 , 2002 , لا 437 ـ 438 .

3- رۆژنامەی الثورة 18 / 9 / 1978 .

4- د. ئازاد شێخانی ـ سەچاوەی پێشوو , لا 440 .

5- تەها سلێمان ـ کاردانەوەی پەلاماریئەنفال لەسەر ژنان , گۆڤاری ئەنفال , ژ 3 , 2002 , لا 15 .
6- تەها سلێمان ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 15 .
7- سیامەندی موفتی زادە ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 217 .
8- سیامەندی موفتی زادە ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 223 .
9- هێمن باقر و بەرهەم عومەر ـ ئەنفالی سێو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر ژنانی پاشماوەی ئەنفال , چ 1 , سلێمانی , 2004 , لاپەڕە 52 .
10- فەیصەڵ دێهاتی ـ کورد لەسیستەمی نوێی جیهاندا , هەولێر , 2001 , لا 245 .
11- د. عزالدین مصطفی رسولَ ـ الواقعیة فی الادب الکردی , بیروت , 1966 , لا 187 .
12- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد ـ ئافرەت لە مێژوودا , چاپخانەی الحوادث بغداد , 1981 , لا 79 .
13- امین زکی ـ خلاصە تاریخ کرد و کردستان . چ 1 1961 , لا 277 .
14- هێمن باقر و بەرهەم عومەر ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 58 .
15- هێنی هارۆڵد هەنسن ـ ژیانی ئافرەتی کورد ، و ـ عەزیز گەردی , بەغداد , 1983 , لا 383 .
16- توێژەر خۆی شایەدحاڵی رووداوەکان بووە .
17 – چاوپێکەوتنی توێژەر ـ ئۆردوگای شۆڕش , 27 /3 / 2002 .
18- عارف قوربانی ـ شایەد حاڵەکانی ئەنفال , بەرگی یەکەم , سلێمانی , 2002 , لا 194 .
19- چاوپێکەوتنی توێژەر ـ ئۆردوگای صمود , 22 /3 / 2003 .
20 – چاوپێکەوتنی توێژەر ـ ئۆردوگای صمود , 22 /3 / 2003 .
21- تیشکێك لەسەر نرکەوناڵەی بەناو ئەنفالەکان , لە بڵاوکراوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق , زنجیرە یەك , لا 9 .
22- عارف قوربانی ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 106 .
23- تیشکێك لەسەر نرکەو ناڵەی بەناو ئەنفالەکان , لە بڵاوکراوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق , زنجیرەسێ , لا 10 .
24- رۆژنامەی رێبازی ئازادی ـ ژمارە ( 327 ) , 18 /5 /2004 , لا 1 .
25 – هەمان سەرچاوە .
26- عەدالەت عومەر صالح ـ ئەنفال و ئافرەتی کورد , چ 1 , هەولێر , 2002 , لا 99 .
27- عارف قوربانی ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 109 .
28- رۆژنامەی خەبات ـ ژمارە ( 1413 ) , 16 / 4 / 2004 , لا 2 .
29- چاوپێکەوتنی توێژەر ـ دوزخورکاتوو , 24 / 3 / 2004 .
30- چاوپێکەوتنی توێژەر ـ دوزخورکاتوو , 24 / 3 / 2004 .



www.pertwk.com

31- چاوپێکەوتنی توێژەر ـ دوزخورکاتوو , 24 / 3 / 2004 .
32-عارف قوربانی ـ دیوی ناوەوەی ئەنفال لەزمانی ئەنفال دیدەکانەوە, گۆڤاری ئەنفال ژ 3 , 2002,
لا91
33- چاوپێکەوتنی توێژەر ـ خانەقین , 25 / 3 / 2004 .
34- تەها سلێمان ـ کاردانەوەی پەلاماری ئەنفال لەسەر ژنان , گۆڤاری ئەنفال , ژ 3 , 2002 , لا 8 .
35- چاوپێکەوتنی توێژەر ـ ئۆردوگای صمود , 22 /3/ 2003
36- شێخ صدیق ـ کاریگەری ئەنفال لەسەر لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی ناو پاشماوەی ئەنفالەکان , گۆڤاری سەنتەری برایەتی , ژمارە 24 , 2002 , لا 219 .
37- چاوپێکەوتنی توێژەر ـ ئۆردوگای تەکیە , 4 / 4 / 2002 .
38- شێخ صدیق ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 221 .
39 – د. محمد احمد گەزنەیی ـ حکم الزوجات المفقودین فی کارپه ما یسمی بالانفال , هەولێر , لا 103 .
40 – چاوپێکەوتنی توێژەر ـ ئۆردوگای صمود , 22 /3/ 2003.
41- ئەڵوەن عبدالغفور ـ خۆزگە نانێکم بخواردایە عەسر وەبانی رێی نەکردایە ,گۆڤاری ئەنفال , ژمارە 3 , 2002 , لا 81 .
42- تەها سلێمان ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 9.
43- شێخ صدیق ـ سەچاوەی پێشوو , لا 220 .
44- یوسف دزەیی ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 215 .
45- عەدالەت عومەر صالح ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 112 .
46- یوسف دزەیی ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 226
47- چاوپێکەوتنی توێژەر ـ ئۆردوگای صمود , 23 /3 /2004
48- شێخ صدیق ـ ا 218
49 – تەها سلێمان ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 10
50- ئەیاد کەمال ـ تاوانی ئەنفال و پاشماوەی ئەنفال لە نێوان ژیان و سۆراغێك بۆ ئایندە , گۆڤاری ئەنفال ژمارە, 2 , 2001 , لا 6 .
51- هەمان سەرچاوە .
52- شێخ صدیق ـ سەچاوەی پێشوو , لا 221
53- عەدالەت عومەر صالح ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 108
54- یوسف دزەیی ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 219
55- محەمەد کەریم شەیدا ـ نەخۆشیە دەروونیەکان و دەرون لەشیەکان ( سایکۆمات)یەکان , چ 1 ,

سلێمان 2000, لا 67 .

56– یوسف دزەیی ـ سەرچاوەی پێشوو , لا 218 .



www.pertwk.com

# بەشی دووەم
# لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## تەوەرەی چوارەم
## نەخشەدانان و جێبەجێکردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

یەکەم : ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

دووەم : سنوری توێژینەوەکە

سێیەم : فۆرمی توێژینەوەکە

چوارەم : گیروگرفتی توێژینەوەکە

پێنجەم : نمونەی توێژینەوەکە



www.pertwk.com

**یەکەم / رێبازی لێکۆڵینەوەکە :.**

هەموو توێژینەوەیەکی مەیدانی پێویستی بەرێبازێکی دیاری کراو هەیە ئەویش بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر جۆرو فۆرمی بابەتەکە ، رێبازی لێکۆڵینەوەکە هەڵدەبژێرێت ، ئەویش بۆ دەرخستنی گرفت وئاسەوارە کۆمەلآیەتی‌یەکانی پاشماوەی ئەنفال ، لەبەر ئەوەی هەوڵدان بۆ چارەسەری گرفتەکانی ئەنفال هەوڵدانە بۆ چارەسەرکردنی برینێك لەجەستەی ئەم میللەتە ، لەم رێبازەدا بەشیچوەیەکی سەرەکی پشتم بەرێبازی ( ئاماری) بەستووە بۆ شیکردنەوەی خشتەکان ، هەروەها توێژەر پشتی بەچەند رێبازێکی تریش بەستووە چونکە تاکە رێبازێك ناتوانێت گشت زانیاری‌یەکان وەدەست بهێنێت .

هەروەك بەکارهێنانی رێبازی مێژووی ئەویش بەتایبەتی لەلایەنی تیوری‌یەکەی و گەڕان بە مێژووی هەموو ئەو جینۆسایدانەی کەبەسەر گەلی کوردا هاتووە رێگە خۆشکەر بوونە بۆ شالآوەکانی ئەنفال ئەمە جگە لەبەکار هێنانی رێبازی ( بەراوردکاری) بۆ بەراورد کردنی رەگەزەکان نێرومێی ئەنفال و سەرپەرشتی خێزانی لە پێش ئەنفال و دوای ئەنفال .

**دووەم / سنوری توێژینەوەکە :.**

پێویستە لە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی دا سنورێکی دیاری کراوی هەبێت ئەم توێژینەوەیەش ( ئەنفال و رەهەندە سۆسیۆلۆژی‌یەکانی ) باس لەسەرجەم پەلامارەکانی ئەنفال دەکات لەهەموو ناوچە گوندنشینەکانی کوردستان ، بۆ لایەنە مەیدانی‌یەکەی تەنها سنوری ناوچەی گەرمیان وەرگیراوە ، کەلەسنوری ناوچەی پەلاماری ( سێ)ی‌ئەنفال و بەشێك لە ئەنفالی ( چواریش) دەگرێتەوە .

بێگومان هەڵبژاردنی ئەم ناوچەیەش لەسەر چەند بنەمایەك بوو ، ئەویش بەهۆی نەبونی توێژینەوەی زانستی لەسەر رەهەندە کۆمەلآیەتی‌یەکانی ئەنفال لەم ناوچەیەدا ، هەروەها لەبەرئەوەی توێژەر خۆی خەڵکی ناوچەکەیەو لەناو روداوەکەدا بووەلەکاتی شالآوەکانی ئەنفالدا ، وە گرنگترینیان قەبارەی ئەو زەرەرو زیانە گەورەیەیە کەلەدانیشتوانی ناوچەکە کەوتووە وەك دەبینین گەورەترین رێژەی کەس وکاری ئەنفال لەو ناوچەیەدا دەژین و زۆرترین رێژەی ئەنفال لەو ناوچانەدایە .

**سێیەم / فۆمی توێژینەوەکە :.**



www.pertwk.com

فۆرمی راپرسیی‌یەکە نزیکەی (20) پرسیاری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سایکۆلۆجی لەخۆگرتووە . بۆ دانانی پرسیارەکانیش توێژەر خۆی لەناوچەی گەرمیان و لەناو کەس و کاری ئەنفالەکان دەژیو هەربۆیە ئاگاداری گرفتە کۆمەڵایەتیو ئابوری و سایکۆلۆجی‌یەکانی پاشماوەی ئەنفالەو وە سەرەتاش چەندین چاو پێکەوتنی لەگەڵ کەسو کاری ئەنفالەکاندا ئەنجام داوە ، ئەمە سەڕای سود وەرگرتن لە فۆرمی راپرسی نامەی ماستەری م . یوسف دزەیی بەناوی ( رەهەندە کۆمەڵایەتی‌یەکانی تاوانی ئەنفال ) .

پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیەش بەشی زۆری لەلایەنە کۆمەڵایەتی‌یەکانی پاشماوەی ئەنفال ئەدوێن ئەویش دەربارەی باری خێزانیانە و کێشەی بێوەژن و ژنە ئەنفالەکانە ، وە لەباری ئابوریان سەبارەت بەئاستی گوزەرانیان و جۆری ئەو یارمەتی‌و هاوکاری‌یەی کەلەلایەن دام و دەزگاکانەوە پێشکەشیان کراوە .

## چوارەم / گیروگرفتی توێژینەوەکە .

هیچ توێژەنەوەیەك نی‌یە بەبێ تەنگ و چەڵەمەو گرفت بێ ،دیارە ئەگەر توێژینەوەکە مەیدانیش بێت هێندەی تر گرفتەکان زۆر تر دەبو تەنگو چەڵەمەی زۆرتر دێنە رێی ، لەو تەنگ و چەڵەمەو گرفتانەش :.

1- گرنگترین کێشەو ئاستەنگ لەبەردەم توێژەردا نەبونی سەرچاوەی زانستی‌و ئەکادیمی‌یە لەسەر گرفتەکۆمەڵایەتی‌یەکانی پاش ماوەی ئەنفال لەو ناوچەیەدا .

2- ئامادەنەبونی بەشێکی زۆری کەس وکاری ئەنفال کراوان بۆ چاوپێکەوتن ، چونکە پێیان وابوو کەبەرژەوەندی‌یەك لەپشت ئەم راوەرگرتنەوەیە .

3- نزمی ئاستی خوێندەواری یاخود نەخوێندەواری زۆربەی ئەو کەسانەی کەوەرمان گرتووە بۆ راپرسی‌یەکە کە نە ئەتوانرا بەئاسانی لەمەبەستی پڕکردنەوەی فۆرمەکان تێبگەن .

4- گەڕان و سوڕان و ماندوبونی زۆری توێژەر لەکاری مەیدانی‌دا چونکە سنوری کارەکە فراوانەو ناوچەیەکی زۆر دەگرێتەوە لەگەڵ کەمی ماوەو دەیان گرفتی تر .

## پێنجەم / نمونەی توێژینەوەکە :.

پێویستە لە توێژینەوەی مەیدانیدا توێژەر نمونەیەك وەرگرێ یاخود بەشێك لەکۆمەڵێك وەرگرێ ، لەبەر ئەوەی توێژینەوەی گشت یەکەکانی کۆمەڵ پێویستی بەتواناو کاتی زۆر هەیە هەربۆیەش توێژەر پشتی بەو مانایە بەستووە ، چەند خێزانێکی دیاری‌کراوی لە قەزاو ناحیەکانی گەرمیان هەڵبژاردووە چونکە کەس و کاری ئەنفالکراوی زۆربەی گوندەکانیشی تێدا دەژی .

سەبارەت بە قەبارەی ئەو نمونەیەی کە توێژەر وەری گرتووە (182)یەکەی هەڵبژاردووە ، دیارە هەڵبژاردنی ئەم رێژەکەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین گرفت ، بێگومان هەڵبژاردنی نمونەی زۆر پێویستی بەدارایی‌یەکی زۆرو کەسانی لێهاتوو بەتوانا هەیە لەگەڵ ئەوەی ئامارێکی گشتی ووردو دروست نی‌یە لەسەر کەس و کاری ئەنفال .

**خشتەی ژمارە ( 1 )**

**شوێنی نیشتەجێ بوونی خێزانەکانی نمونەکە**

| زنجیرە | قەزاو ناحیە | گوند | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1- | چەمچەماڵ ـ قادر کەرەم | قەیتول | 4 |
| 2- | چەمچەماڵ ـ قادر کەرەم | فەقێ مستەفا | 3 |
| 3- | چەمچەماڵ ـ قادر کەرەم | ئیبراهیم غولاَم | 3 |
| 4- | چەمچەماڵ ـ قادر کەرەم | تەیەکورە | 2 |
| 5- | چەمچەماڵ ـ قادر کەرەم | عەلیاوا | 4 |
| 6- | چەمچەماڵ ـ قادر کەرەم | قەیتەوان | 4 |
| 7- | چەمچەماڵ ـ سەنگاو | هەنجیرە | 2 |
| 8- | چەمچەماڵ ـ سەنگاو | بانی مۆرد | 2 |
| 9- | چەمچەماڵ ـ سەنگاو | کچان | 2 |
| 10- | چەمچەماڵ ـ سەنگاو | تەپە سێ | 4 |
| 11- | چەمچەماڵ ـ سەنگاو | حەمەبارام | 3 |
| 12- | چەمچەماڵ ـئاغجەلەر | گۆپتەپە | 4 |
| 13- | چەمچەماڵ ـ ئاغجەلەر | عەسکەر | 4 |
| 14- | چەمچەماڵ ـ ئاغجەلەر | هەیدەر بەگ | 4 |
| 15- | چەمچەماڵ ـ ئاغجەلەر | کۆزەبۆرە | 3 |
| 16- | چەمچەماڵ ـ ئاغجەلەر | بێدەر | 3 |
| 17- | چەمچەماڵ ـ ئاغجەلەر | مۆتلیجە | 2 |
| 18- | کەلار ـ بێباز | پونگەڵە | 3 |
| 19- | کەلار ـ بێباز | شێخ تەوێڵ | 3 |
| 20- | کەلار ـ بێباز | تەپە گەڕوس | 2 |
| 21- | کەلار ـ بێباز | ژاڵەی حاجی قادر | 1 |
| 22- | کەلار ـ بێباز | بانی خان | 2 |
| 23- | کەلار ـ تیلەکۆ | کوڵەجۆ | 4 |
| 24- | کەلار ـ تیلەکۆ | ملەسورە | 4 |
| 25- | کەلار ـ تیلەکۆ | توکن | 2 |

| زنجیره | قەزاو ناحیە | گوند | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|
| -26 | کەلار ـ تیلەکۆ | عەلیانی بچوك | 2 |
| -27 | کەلار ـ تیلەکۆ | پەراوگەل | 3 |
| -28 | کفری ـ سەر قەلا | بەلەگەی خواروو | 3 |
| -29 | کفری ـ سەر قەلا | بەلەگـــەی ژورو | 2 |
| -30 | کفری ـ سەر قەلا | کارێزەی حەمە کەیفە | 2 |
| -31 | کفری ـ سەر قەلا | ئۆمەر بل | 3 |
| -32 | کفری ـ ئاوە سپی | عەلیانی گەورە | 3 |
| -33 | کفری ـ ئاوە سپی | عەلیانی بچوك | 3 |
| -34 | کفری ـ ئاوە سپی | خانی سەرو | 2 |
| -35 | کفری ـ ئاوە سپی | بەکرە گەڕ | 2 |
| -36 | کۆمەلگای شۆڕش | فەقێ مستەفا | 3 |
| -37 | کۆمەلگای شۆڕش | بنگرد | 2 |
| -38 | کۆمەلگای شۆڕش | تەپەدێ | 3 |
| -39 | کۆمەلگای شۆڕش | گەرگەڕ | 2 |
| -40 | کۆمەلگای شۆڕش | قەیتول | 4 |
| -41 | کۆمەلگای شۆڕش | حەمە بارام | 2 |
| -42 | کۆمەلگای شۆڕش | جنۆکەی سەروو | 2 |
| -43 | کۆمەلگای شۆڕش | تەپە سورە | 2 |
| -44 | کۆمەلگای شۆڕش | تازە شار | 3 |
| -45 | کۆمەلگای شۆڕش | مۆرد خوادە | 1 |
| -46 | کۆمەلگای رزگاری | تازەدێ | 2 |
| -47 | کۆمەلگای رزگاری | پونگەڵە | 3 |
| -48 | کۆمەلگای رزگاری | کوڵە جۆ | 4 |
| -49 | کۆمەلگای رزگاری | پەڕاو گەل | 3 |
| -50 | کۆمەلگای رزگاری | ملە سورە | 3 |



www.pertwk.com

| زنجیره | قەزاو ناحیه | گوند | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|
| 51- | کۆمەڵگای رزگاری | سۆفی رەحیم | 2 |
| 52- | کۆمەڵگای رزگاری | شێخ تەوێل | 3 |
| 53- | کۆمەڵگای رزگاری | بێستانە | 2 |
| 54- | کۆمەڵگای رزگاری | عەلیانی گەورە | 3 |
| 55- | کۆمەڵگای رزگاری | کانی عوبێد | 3 |
| 56- | کۆمەڵگای رزگاری | شێخ پاڵەوان | 2 |
| 57- | کۆمەڵگای تەکیە | گرد خەبەر | 2 |
| 58- | کۆمەڵگای تەکیە | قەسرۆك | 3 |
| 59- | کۆمەڵگای تەکیە | مالمێسی | 3 |
| 60- | کۆمەڵگای تەکیە | گەرگەڕ | 2 |
| 61- | کۆمەڵگای تەکیە | ناصرو میصر | 4 |
| 62- | کۆمەڵگای تەکیە | چقولیچە | 3 |
| 63- | کۆمەڵگای تەکیە | گۆپتەپە | 2 |
| 64- | کۆمەڵگای تەکیە | هەیدەر بەگ | 3 |
| 65- | کۆمەڵگای تەکیە | عەسکەر | 2 |
| 66- | کۆمەڵگای تەکیە | قەلاچوغە | 2 |
| 67- | کۆمەڵگای تەکیە | ئەسکەندەر بەگی | 3 |
| | کۆی خێزانەکان | | 182 |

**یەکەم / زانیاری گشتی توێژینەوەکە :.**

**1- رەگەز**

**خشتەی ژمارە ( 2 )**

**نمونەی لێکۆڵینەوەکە بە پێی رەگەز**

| رەگەز | ژمارە | رێژە ٪ |
|---|---|---|
| نێر | 52 | 57،28 |
| مێ | 130 | 42،71 |
| کۆ | 182 | 100 |

خشتەی ژمارە ( 2 ) نمونەی توێژینەوەکە بەپێی رەگەزی نێرو مێ دیاری دەکات و لە ( 182 ) یەکە پێکهاتووە , رەگەزی نێر ( 52 ) بەرێژەی ( 27,57 ) بەرامبەر بە ( 130 ) مێ بەرێژەی ( 71,42) , لەم خشتەیەوە بەرونی بۆمان دەردەکەوێت , کە وێڕای جیاوازی نەکردنی رژێم لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا لە نێوان رەگەزی نێرو مێدا , زیانێکی گەورەی بە کۆمەڵگەی کوردی گەیاند لەسەرجەم رەهەندە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە , لەروی سیاسیەوە وێرانکردنی سەرجەم گوندەکان کە شوێنگەو پشتوو بەنای شۆڕشی کوردی بوون بەتایبەتی هێزی پێشمەرگە زۆرترینبان لە رەگەزی نێرینەبوون , ئەمەش زیانێکی گەورەی بەبزوتنەوەی سیاسی کوردی داو , لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا ئەوانەی پێشمەرگەش نەبوون هێزی پشتگیری بوون .



www.pertwk.com

لەلایـەکی دیکـەوە رژێـم هێـزی بەرهـەمهێنی مرۆیـی لـەناوبرد , چـونکە گوندنشـینەکان برِبـڕەی پشـتی ئـابووری کوردستانیان پێکدەهێنا .

**2- تەمەن**

**خشتەی ژمارە ( 3 )**

**نمونەی توێژینەوەکە بە پێی تەمەن و رەگەز دیاری دەکات**

| رەگەز / تەمەن | نێر | | مێ | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| 12 ـ 21 | 2 | 3،84 | 5 | 3,84 | 7 | 3,84 |
| 22 ـ 31 | 3 | 5،76 | 9 | 6,92 | 12 | 6,52 |
| 32 ـ 41 | 7 | 13,41 | 21 | 16,15 | 28 | 15,21 |
| 42 ـ 51 | 15 | 28,84 | 31 | 23,84 | 46 | 25,27 |
| 52 ـ 61 | 13 | 25 | 28 | 21,53 | 41 | 22,52 |
| 62 ـ 71 | 6 | 11,53 | 17 | 13,07 | 23 | 12,5 |
| 72 ـ 81 | 3 | 5,76 | 11 | 8,46 | 14 | 7,6 |
| 82 ـ 91 | 2 | 3,84 | 5 | 3,86 | 7 | 3,8 |
| 92 و سەرو | 1 | 1,92 | 3 | 2,30 | 4 | 2,17 |
| **کۆ** | 52 | 100 | 130 | 100 | 182 | 100 |



www.pertwk.com

لەم خشتەیەوە بومان رون دەبێتەوە کەبەرزترین رێژە لەپاشماوەی ئەنفال ( 25,27 )ەیە , ئەمانەیش ئەوانـەن کەتەمەنیان لە نێوان ( 42 ـ 51 ) سالّی دایە , وە بەرزترین رێژەی نێر لەکۆی ( 52 ) یەکە ( 84, 28 ) ئەوانەن کەتەمەنیان لەنێوان ( 42 ـ 51 ) ساڵە ,

بەرزترین رێژەی رەگەزی مێ لەکۆی (132 ) یەکە ( 23,84 ) ئەوانەن کەتەمـەنیان لـەنێوان ( 42 ـ 51 ) , ئەمەش ئەوە دەردەخات کەزۆرترین رێژەی مێینە بەرەو کامڵبوون و پـیری و پەککەوتـەیی دەڕوات کە ئەمانـەش بەتایبەتی ئـەو ژنانـەبوون کـە چـەندین مـانگی پـڕ پـڕ لەچـەرمی سـەرییان لـە کـەمپی ( دبس )0دا بەسـەر بـردوو هەریەکەیان بەمناڵێك یاخود دوو مناڵەوە گەڕانەوە .

هەروەها ئەو تەمەنەی کەدەکەوێتە نێوان ( 12 ـ 31 ) سالّ ئەمانە ئەو منالآنەبوون لـەکاتی پرۆسـەی ئەنفالـدا لەگەلّ دایکیاندا هەندێکیان لەگەلّ نەنك و باپیریاندا رزگاریان بوو , یاخود بەر شالآوی ئـەنفال نـە کـەوتون , بـەلآم بەشی زۆریان باوکیان ئەنفالە , گەر بنوارین نەخشەی ژمارە ( 2 )کـە رێـژەی رەگـەزی مـیّ لـەپاشماوەی ئـەنفال ( 71,41) پێکدەهێنێت , ئەمیش ئەوە دەردەخات کەرەگەزی نێر زۆربەیان شوێن بزرکراون .

وە ئەو تەمەنەی کەدەکەوێتە نێوان ( 62 ـ92 )سالّ بەرێژەی ( 25,6 )دێـن ئـەمیش ئـەو کەسـانەن کـە پـیرو پەککەوتەن و توانای کارکردنیان نـەماوە بەشـی زۆریـان ئەوانـەن کـە زینـدانی نوگرەسـەلمان گەڕانـەوەو ئێسـتاش لەژیانێکی برِ لە کوللە مەرگیدا ژیان دەگوزەرێنن .



www.pertwk.com

3- **باری کۆمەلایەتی :.**

**خشتەی ژمارە ( 4 )**

**باری کۆمەلایەتی توێژینەوەکە دیاری دەکات**

| **باری کۆمەلایەتی** | **نێر** | | **مێ** | | **ژمارە** | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | **ژمارە** | ٪ | **ژمارە** | ٪ | | |
| **خێزاندار** | 45 | 78,94 | 94 | 75,2 | 139 | 76,3 7 |
| **سەڵت** | 8 | 14,03 | 9 | 7,2 | 17 | 9,23 |
| **هاوسەر مردوو** | 4 | 7,01 | 22 | 17,6 | 26 | 14,28 |
| **کۆ** | 57 | 100 | 125 | 100 | 182 | 100 |

لەم خشتەیەدا بۆمان رون دەبێتەوە کە رێژەی ( 76,37 )ی نمونەی توێژینەوەکە لە پاشماوەی ئەنفال خێزاندارن , ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زۆرترین رێژەی نمونەی توێژینەوەکە ئەو کەسانەن کە خێزاندارن , ئەمە سەرای ئەوەی زۆربەی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ سەرۆك خێزانەکاندا کراوە , وە لێرەشەوە ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زۆرترین رێژەی پاشماوەی ئەنفال ئەوانەن کە خێزاندارن , ئەمیش بەتایبەتی ئەو ژنانەن کە پیاوەکانیان ئەنفال کراوە , هەروەك لە خشتەی ژمارە ( 2 )دا بۆمان رون دەبێتەوە کە (71,42 ) پاشماوەی ئەنفال لەرەگەزی مێن ,



www.pertwk.com

هەروەك لە پرۆسەی ئەنفالدا ئەوگەنجانەی کەبێسەرو شوێن کران خێزانداربوون چونکە لەکۆمەڵکەی کوردەواری‌دا بەتایبەتی لە گوندەکاندا بەهۆی ئیش و کاری مەڕداری و کشتوکاڵی‌یەوە زوو ژن بۆ کوڕەکانیان دەهێنن .

پاشان رێژەی هاوسەر مردوو دێت کە ( 14,28 )نمونەکە پێکدێنێت , ئەمانەش ئەوانەن کە لەدوای پرۆسەی ئەنفالەوە بەهۆی پیریو پەککەوتەییو نەخۆشی‌یەوە هاوسەرەکانیان کۆچی دایی‌یان کردووە , چونکە پاشماوەی ئەنفال لە دوای پرۆسەی ئەنفالەوە لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا ژیانیان دەگوزەراند , کە لە هەموو خزمەتگوزاری‌یەکی سەرەتایی بێبەشبوون

هەروەها رێژەی سەڵت بەپلەی سێیەم دێت  بەرێژەی ( 9,23 )ئەمانیش بەتایبەت ئەو گەنجانەن تاکو ئیستا بەهۆی هەژاریو نەهامەتی رۆژگارەوە بەبێ هاوسەر ماونەتەوە, وە ئەو کچانەن کە بەهۆی داب و نەریتی کۆمەلآیەتی‌یەوە شویان نەکردووە , چونکە بەشەرمی ئەزانن باوکو براکانیان ئەنفال کراوەو ئەمانیش بەجلی ئاڵ و والآوە شوبکەنەوە .

4- **ئاستی خوێندن :.**

**خشتەی ژمارە ( 5 )**

**ئاستی خوێندنی نمونەی توێژینەوەکە دیاری دەکات**

| ئاستی خوێندن | ژمارە | رێژە ٪ |
|---|---|---|
| **نەخوێندەوار** | 161 | 88,46 |
| **خوێندەوار** | 11 | 6,04 |
| **سەرەتایی** | 6 | 3,29 |
| **ناوەندی** | 2 | 1,64 |
| **پەیمانگاو زانکۆ** | 1 | 0,54 |
| **کۆ** | 182 | 100 |

لە خشتەی ژمارە (5)دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی نەخوێندەواری نمونەکە ( 88,46 )ە ، بونی ئەم ڕێژە زۆرەی نەخوێندەواری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕژێمی بەغدا دێهاتەکانی کوردستانی پەراوێز کردبوو ، چونکە لە گوندەکاندا زۆر بەدەگمەن قوتابخانە دەبینران .

هەروەها لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی خوێندەوار ( 6,04 )ی نونەکە پێك دەهێنێت ، ئەمانیش تەنها دەتوانن بنوسن و بخوێننەوە ، دیارە بەشی زۆری ئەمانەش لە حوجرەکاندا فێری نوسین وخوێندنەوە بوون ، هەروەها ڕێژەی ( 3,29 )ی نمونەکە لە ئاستی سەرەتاییدان ئەم ڕێژەکەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پێویستی خێزانەکان بۆ ئیش کردنی منداڵەکانیان بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان هۆکارێکە بۆ دابڕان لە خوێندن .

هەروەها تەنها ڕێژەی ( 1,64 )ی نمونەکە لە ئاستی ناوەندیدان دیارە ئەمەش بەهۆی نەبونی خوێندنگەی ناوەندییەوە بووە لە گوندەکاندا ، وەڕێژەی ( 0,54 )ی نمونەکە لەئاستی پەیمانگاو زانکۆدان ، ئەمیش بەهۆی ئەوەوە بووە کە گران بووە بۆ گوندنشینەکان کە منداڵەکانیان بنێرنە زانکۆو پەیمانگا .

هەروەها لە ئۆردوگاکانیشدا بەهۆی خراپیباری گوزەرانی خێزانی پاشماوەی ئەنفال کە لەدوای قۆناغی سەرەتایی ناتوانن بەردەوام بن لەخوێندن , چونکە خێزانەکانیان ناتوانن خەرجی قوتابییەکانیان دابین بکەن ، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ پڕکردنەوەی بژێوی ژیانی خێزانەکان ناچارن منداڵەکانیان دەرکەن لە قوتابخانەو کاریان پێبکەن .

**5- ڕێژەی ئەنفال کراوەکان :.**

**خشتەی ژمارە ( 6 )**

**دابەش بوونی ئەنفال کراوەکان بە پێی ڕەگەزو تەمەن**

| ڕەگەز / تەمەن | نێر | ٪ | مێ | ٪ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە ساڵ کەمتر | 6 | 2,18 | 5 | 2,84 | 11 | 2,43 |
| 1 ـ 10 | 17 | 8,81 | 10 | 5,68 | 27 | 5,98 |
| 11 ـ 20 | 37 | 13,45 | 29 | 16,47 | 66 | 14,63 |
| 21 ـ 30 | 64 | 23,27 | 43 | 24,43 | 107 | 23,72 |
| 31 ـ 40 | 67 | 24,36 | 31 | 17,61 | 98 | 21,72 |
| 41 ـ 50 | 44 | 12,36 | 30 | 17,04 | 74 | 16,4 |



www.pertwk.com

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 8,86 | 40 | 9,09 | 16 | 8,72 | 24 | 60 ـ 51 |
| 2,88 | 13 | 3,4 | 6 | 2,54 | 7 | 70 ـ 61 |
| 1,55 | 7 | 1,7 | 3 | 1,45 | 4 | 80 ـ 71 |
| 1,77 | 8 | 1,7 | 3 | 1,81 | 1 | 80 وبه سەرو |
| 100 | 451 | 39,02 | 176 | 60,97 | 275 | كۆی گشتی |

لـە خشـتـەی ژمـارە ( 6 )دا كـە دابـەش بـوونی ئـەنفالكراوەكان بـەپێی رەگـەزو تەمـەن دیـاری دەكـات , دەردەكەوێت كەرێژەی ( 60,97 )ی نمونەكە لە زرەگەزی نێرن , بەرامبەر بە رێژەی ( 39,02 ) لەرەگەزی مێن , لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت كە رژێمی بـەعس هـیچ جیاوازیـیەكی نـەكردووە لـە نێـوان ژن و پیـاوو پـیرو گەنجـدا , بەتایبەتی رەگەزی نێر كە لە رەگەزی مێ زۆرتر بێ سـەرو شـوێن كـراوە , دیـارە ئـەمیش بـەلای رژێمـی بەعسـەوە هێزی بەرهەمهێنی ئابوری و پشت و پەنای بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی كوردن .

گەر سەیری تەمەنی ئەنفالكراوەكان بكەین بۆمان رون دەبێتەوە كەرێژەی ( 2,43 ) ی ئـەنفالكراوان تەمـەنیان لە سالێ كەمترو منالێ شیرەخۆرەن و وە هەندێكیشیان لەناو كەمپەكان و لـە نێـو پاسـە جامداخراوەكانـدا لـە دایك بوون و تەمەنیان چارەكە سەعاتێك بوو , ئەمانە هیچ یاسایەك لەسەرزەمیندا نیـیە كـە لـەناویان بـەرێ , تـەنها لـە یاسا پڕ لە شەڕانگێزیـیەكەی بەعسدا نەبێ .

هەوەها رێژەی ( 5,98 )ی ئەنفال كراوان تەمەنیان لە نێوان ( 1ـ 10 )سالێ دایە , رژێم زۆرمەبەستی ئـەم جیلە لەناوبەرێ چونكە هومێدی ئاینـدەی كۆمەڵگـەن , بـەلام زۆرتـرین رێـژەی ئـەنفالكراوان ئەوانـەن كەتەمـەنیان لەنێوان( 11ـ 50 )ساڵە بەرێژەی ( 76,49 ) یـان بێسـەرو شـوێن كـراون , رژێمـی بـەعس زۆر جـەختی لەسـەر لـەناوبردنی ئـەو كەسـانە دەكـردەوە كـە لـەو تەمەنـەدا بـوون , هـەروەك لەبـەیان نامـەی ژمـارە ( 4008/28 لـە 1987/6/20 )دەرچووە لە خـاڵی پێنجەمـدا هـاتووە : ( ئـەو كەسـانەی كـە لەگوندەكانـدا دەگیرێـن و تەمـەنیان لەنێوان " 15ـ 70 " سالێ دایە پاش زانیاری لێوەرگرتنی دەبێ لە سێدارە بدرێ ) " بروانە پاشكۆی ژمارە 2 ".

ئەم تەمەنە بەهێزی جولێنەرو بەرگری كەرو بەرێوەبردنی كۆمەڵگە دەژمێردرێت , هەروەها بـەهێزی بەرهـەمهێنی ئابووری و مرۆیی كوردستان دادەنرێ , بۆیە رژێم پلان و بەرنامەی داڕشتووە بۆ لەناوبردنی ئەم تەمەنە بـۆ ئـەوەی زیان بە جیلی بەرهەمهێنی ئابوری‌و مرۆیی كۆمەڵی كوردەواری بگەیەنێ .

هەروەها رێژەی رەگەزی نێر لە نێوان تەمەنی ( 11 ـ 50 ) سالێ ( 77,09 )دێت , كە ئەمانە بڕبـڕەی پشـتی كومـەڵی كـوردەوارین , بـەلام رێـژەی تـەنها ( 6,2 )ی نمونەكـە ئەوتەمەنـەن كەدەكەوێتـە نێـوان ( 61ــ 81 ) , ئەمانیش ئەو پیرو پەككەوتانەبوون كەلەدوای لێبوردنە گشتـیـیەكەی 6/ 9 /1988 ئـازاد كـران , هەرچـەندە رژێـم زۆر جەختی لەسەر لەناوبردنی ئەم تەمەنە نەكردۆتەوە , لەبەر ئەوەی مەترسیان بۆ دواڕۆژی دەسەلات نیـیە .



www.pertwk.com

لەم توێژینەوەیەدا لەکۆی ( 182 )خێزانی نمونەکە ( 451 ) کەس ئـەنفال کـراوە , ئـەوانیش ( 275 )یـان لـە ڕەگەزی نێرن بەرێژەی ( 60,97 ) , بەرامبەر بە ( 179 ) لەڕەگەزی مێ بەرێژەی ( 39,02 ) .

**دووەم / زانیاری تایبەت بە توێژینەوەکە**

**6- باری گوزەران :.**

**خشتەی ژمارە ( 7 )**

**باری گوزەرانی خێزانەکان دیاری دەکات**

| ئاستی گوزەران | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|



www.pertwk.com

| | | |
|---|---|---|
| **باش** | 2 | 1,01 |
| **مام ناوەند** | 39 | 21,43 |
| **خراپ** | 141 | 77,47 |
| **کۆ** | 182 | 100 |

لە خشتەی ژمارە ( 7 )دا ئاستی بژێوی و گوزەرانی خێزانەکانی نمونەکە دیاری دەکات ، کە رێژەی ( 77,47 )ی خێزانەکانی پاشماوەی ئەنفال ئاستی بژێوی‌و گوزەرانیان خراپە ، ئەمیش بەهۆی ئەوەی ئەم خێزانانە لە پێش شالاوەکانی ئەنفالدا خاوەنی موڵك و ماڵ ومەڕو ماڵاتی خۆیان بوون بەلاَم لە شالاَوی ئەنفالدا هەموو ئەم شتانەیان لە دەست چوو .

ئەمە جگە لەوەی کە زۆربەی ئەم خێزانانە سەرپەرشتیاری خێزانیان ئەنفال کراوە تەنها ژن و منداڵ ماون کە توانای کارکردنی ئەوو تۆیان نیە ، لەلایەکی تریشەوە لەلایەن دام و دەزگاو رێکخراوەکانەوە یارمەتی نەکراون ئیش و کاریان بۆ نەدۆزراوەتەوە و پشت گوێ خراون .

وە رێژەی مام ناوەندەکان دەکاتە ( 21,43 )ی نمونەکە پێك دەهێنن ، بەلاَم ئەوانەی کەئاستی بژێویان باشە رێژەی ( 1,09 )ی نمونەکە پێکدەهێنن ، لێرەوە دەردەکەوێت کە رێژەی هەرە زۆری پاشماوەی ئەنفال لە گوزەرانێکی خراپدا دەژین .

### 7- ڕەوشی هاوسەری

**خشتەی ژمارە ( 8 )**

**باری هاوسەری نمونەی توێژینەوەکە بە پێی رەگەز دیاری دەکات**



www.pertwk.com

| ٪ | ژماره | مێ | | نێر | | هاوسەری ئەنفالکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٪ | ژماره | ٪ | ژماره | |
| 78,29 | 101 | 85,854 | 91 | 43,47 | 10 | بەڵێ |
| 21,7 | 28 | 14,15 | 15 | 56,52 | 13 | نەخێر |
| 100 | *129 | 100 | 106 | 100 | 23 | کۆ |

لەم خشتەیەدا بۆمان رون دەبێتەوە لەرێژەی ( 78,29 )ی نمونەکە هاوسەرەکانیان ئەنفال کراوە لەوانەش,

( 85,85 )ی ئەو ئافرەتانەن کە پیاوەکانیان ئەنفال کراوە ، وە لە ( 43,47 )ی ئەو پیاوانەن کە ژنەکانیان ئەنفال کراوە,

لێرەوە بۆمان رون دەبێتەوە کەرێژەی ئەو ژنانەی کە پیاوەکانیان ئەنفال کراوە زۆر زیاترە لە رێژەی ئەو پیاوانەی کە ژنەکانیان ئەنفال کراوە .

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گەورەترین رێژەی ئەنفال کراو ئەو پیاوە گەنجانەن کەهێزی بەرهەمهێنی کوردستانن

یەکێك لەمەبەستەکانی رژێم ئەوە بووە کە رێژەی زاوو زێ لە کوردستان کەم بکاتەوە لەبەر ئەوەی دەیزانی ئەو ئافرەتانەی کە پیاوەکانیان ئەنفال کراوە شوناکەنەوە بەهۆی داب ونەریتی کوردەوارییەوە کە شەرمە بۆ ئافرەتی خاوەن منداڵ شوبکاتەوە .

* تەنها ئەم (129)کەسە تایبەت بوون بە پرسیارەکەوە



www.pertwk.com

## 8- هاوسەرکردنەوەی پاشماوەی ئەنفال

**خشتەی ژمارە ( 9 )**

**باری هاوسەرکردنەوەی پاشماوەی ئەنفالەکان دیاری دەکات**

| هاوسەرکردنەوە | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| **بەڵێ** | 8 | 8,08 |
| **نەخێر** | 91 | 91,92 |
| **کۆ** | *99 | 100 |

لە خشتەی ژماە ( 9 )دا دەردەکەوێت کەڕێژەی ( 91,92 )ی ئـەو کەسـانەی کـە هاوسـەرەکانیان ئـەنفال کراوە تاکو ئێستا بەبێ هاوسەری ژیان دەگوزەرێنن ، وە ڕێـژەی ( 8,08 )ی ئـەو کەسـانەی کـە هاوسـەرەکانیان ئەنفال کراوە خێزانی نوێیان دروست کردووە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت مانەوەی ئەو ڕێژە زۆرەی هاوسەری ئەنفال کـراو تـاکو ئێسـتا خێزانیـان دروسـت نـەکردووە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو پەیوەندیـیە تونـدو تۆڵـەی نێـوان ژن و مێـرد لەکۆمـەڵگای کـوردەواریدا ئەمـە لەلایەکەوە ، لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەو پەیوەندیە کۆمەلآیەتییەی کە لەکۆمەڵگای کوردەواریدا هەیە .

چونکە زۆر گران بوو ئافرەتێك کە بەجلی ئالآەو والآوە لەماڵ دەربچێت و شوبکات لە ساتێکدا مێردو براو کەس و کـاری ئـەنفال کرابـێ ، دیـارە لەلایـەکی نریشـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە بڕوایـان وایـە ڕۆژێکلـەڕۆژان هاوسەرەکەیان دەگەڕێتەوە .

بێگومان هەریەکێك لەم ئافرەتانەی کـە شـویان نەکردوّتـەوە کۆمـەڵێك هۆکـاری تایبـەتیان هەیـە , ئەمـە جگـە لەوەی بەهۆی چەندین ساڵ لە چاوەڕوانییەوە , تەمەنی شـوکردنیان بەسەرچـووە , پـەروەردەکردنی مناڵـەکانیان بەگرنگتر دەزانن .

هــەروەها بــەهۆی داب و نــەریتی کۆمــەڵی کــوردەواری کــە ڕێگــە نــادات هــەتا چارەنوســی پیاوەکانیــان دیارنەبێشوبکەنەوە , ئەمە جگە لەوەی کە لە لۆمەو قسەلۆکی خەڵکی دەترسن .



www.pertwk.com

* تەنها ئەم ( 99 )کەسە تایبەت بوون بەپرسیارەکە .

## 9- باری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان :.

**خشتەی ژمارە ( 10 )**

**باری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە پاش ماوەی ئەنفال**

| باری پەیوەندی | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| باش | 105 | 57,97 |
| نەخێر | 77 | 42,3 |
| کۆ | 182 | 100 |

خشتەی ژمارە (10)بۆمان روندەکاتەوە کە ڕێژەی ( 57,97 )ی نمونەکە پەیوەندییان لەگەڵ خزم و کەس و دەورو بەریاندا باشە ، بەڵام ڕێژەی ( 42,3 )ی نمونەکە بەهۆی شلاَوەکانی ئەنفالەوە پەیوەندییان خراپ بووە ، دیارە خراپی ئەو پەیوەندیەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەریەکێك لە ئەندامانی ئەو خێزانانە ڕۆژانە بۆ پڕکردنەوەیقوتی ژیانی خۆیان ناپەرژێنەسەر ئەوی تریان چونکە ئەم شالاَوە پاشماوە رەش و روتە برسییەکەی ناچار کرد کەهەرکەس بەدوای ژیانی خویدا بگەڕێت .

هەروەها ئەو شالاَوە کاری کردۆتە سەرکەمبونەوەی سۆزو خۆشەویستی و هاوکاری نێوانیان ، لەبەرئەوەی دەرامەتێکی ئەوو تۆیان نییە ، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان لە نێوان تاکەکانی پاشماوەی ئەنفالدا بەردەوامە ، کەواتا ئەم شالاَوە نەیتوانیوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی کوردەواری بپچڕێنێ .



www.pertwk.com

**10- کاریگەری ئەنفال لەسەر پێکهاتەی خێزان :.**

**خشتەی ژمارە ( 11 )**

**کاریگەری ئەنفال لەسەر هەڵ وەشاندنەوەی بەنیادی خێزانی پاشماوەی ئەنفال**

| جۆری وەلام | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | 51 | 28,02 |
| مام ناوەند | 93 | 51,09 |
| کەم | 38 | 20,88 |
| کۆ | 182 | 100 |

لە خشتەی ژمارە ( 11 )دا بۆمان روندەبێتەوە کە ئەنفال کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پێك هاتەی خێزانی پاشماوەی ئەنفال وە هەڵوەشاندنەوەی بونیادی خێزانی ، وە دەبینین رێژەی ( 28,02)ی نمونەکە ئەوە دەردەخات کە شالآوی ئەنفال کاریگەری زۆری لەسەر هەڵوەشاندنەوەو پێکهاتەی خێزانیان هەبووە لە هەموو رەهەندە کۆمەلآیەتیو ئابوری و سایکۆلۆجیەکانیەوە .

وە رێژەی ( 51,09 )ی نمونەکە پێیان وایە کە بەشێوەیەکی مامناوەند کاریگەری هەیە لەسەر پێك هاتەی خێزانیان بەلآم رێژەی ( 20,88 )کاریگەرییەکە بەشێوەیەکی سوکتر دەبینن .



www.pertwk.com

لێرەوە بۆمان دەر دەکەوێت کە ئەم شالاّوە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر لەسەر پێکهاتەی خێزانی پاش ماوەی ئەنفال لەروی پەروەردەی خێزانی‌یەوە ، وەشێرازەی خێزانیان بەهۆی ئەم شالاّوەوە تێکچوە ، لەروی ئابوری و کۆمەلاّیەتیشەوە بۆتەهۆی گۆڕانی پەیوەندی‌یە خێزانی‌یەکان لەروی پێکهاتنەوە .

**11 – کاریگەری شالاّوەکە لەسەر گۆڕانی داب ونەریت :.**

**خشتەی ژمارە ( 12 )**

**کریگەری شالاّوی ئەنفال لەسەر گۆڕانی داب و نەریتی پاشماوەکەی**

| جۆری وەلاّم | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | 145 | 79,67 |
| نەخێر | 37 | 20,32 |
| کۆ | 182 | 100 |

لەم خشتەیەدا کاریگەری شالاّوی ئەنفال دەردەخات لەسەر گۆڕانی رەوشت و داب و نەریتی پاشماوەی ئەنفال ، وەك دەبینین ڕێژەی ( 79,67 )ی نمونەکە پێیان وایە کە ئەم شالاّوە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر گۆڕان لەرەوشت و داب ونەریتی کۆمەلاّیەتی‌یان ، وەرێژەی ( 20,32 )ی نمونەکە کاریگەری‌یەکەی لەم رووەوە بە سوکتر دەبینن .



www.pertwk.com

لێرەوە بۆمان رون دەبێتەوە پاشماوەی ئـەنفال بـەهۆی ئـەو شـالآوەوە گـۆڕان لـە رەوشـت و داب و نـەریتیان دروست بووە، ئەمیش بەهۆی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبونیان و دابڕانیان لە خزم و کەس وکاریان ، ناچـاربوون واز لە داب و نەریتی خۆیان بهێنن , چونکە پاش شالآوەکە خزێنراونەتە ئۆردوگاکانەوەو بەناچـاری ئـەو دابـو نەریتـەی ئۆردوگاکانیان بەسەردا سەپا کەلەگەڵیدا رانەهاتبوون وە وازهێنان لەداب و نەریتی چەندین ساڵەی خۆیان .

وە ئەو رێژەیەش کە پێیان وایە گۆڕان روی نەداوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە لەئۆردوگاکانـدا لـە نزیـك یـەك نیشتەجێبوون ، یاخود پاش راپەڕین گەڕاونەتەوە گوندەکانیان .

### 12- کاریگەری شالآوەکە لەسەر نەخۆشییە دەروونیەکان :.

**خشتەی ژمارە** ( 13 )

**کاریگەری ئەنفال لەسەر دروست بوونی نەخۆشییە دەرونییەکانی پاشماوەکەی**

| دروست بونی نەخۆشییەدەرونیەکان | ژمارە | رێژە ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | 105 | 57,69 |
| نەخێر | 77 | 42,31 |
| کۆ | 182 | 100 |

لەم خشتەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شـالآوی ئـەنفال کاریگـەری زۆری لەسـەر نەخۆشـییە دەرونیـەکانی پـاش مـاوەی ئـەنفال دروسـت کـردووە ، وەك دەبیـنین رێـژەی ( 57,69)ی نمونەکـە پێیـان وایـە کـە شـالآوەکە کاریگەری هەبووە ، بەڵام رێژەی ( 42,31 )ی نمونەکەئەم کاریگەرییە بەکەمتر تەماشادەکەن .



www.pertwk.com

لێرەوە دەبینین کە ئەو نەخۆشییە دەرونیانەی دروست بووە بەهۆی شالآوەکەوە ، دەگەڕێتەوە بۆ بێسەرو شوێن کردنی ئەو ڕێژە زۆرەئەنفال ، ئەمە وای کردووە کەپاشماوەی ئەنفال هەمیشە لە چاوەڕوانیو دلّەراوکێیەکی بەردەوامدا بوون بۆ گەڕانەوەی کەس و کاریان کە هەریەکەیان دەریایەك خەم و ئازارو ئەندێشەی هەلّگرتووە ، وە هەمیشە چاو بەفرمێسك و دەم بە گریانن ، ئەمەش دەیان جۆری نەخۆشی دەرونی دروست کردووە .

ئەمەش حالّەتی دەرونی ژنی پاشماوەی ئەنفالی تێکشکاند , چونکە سەرجەم ئەو شتانەی کە مایەی ئاسودەیی بوون لە مالّ و مولّك و مێردو کەس و کاری لە دەست دا , ئەمەش کاریگەری لەسەر باری دەرونی پاشماوەی ئەنفال هەیە , وە زۆرجار کاریگەری لەسەر پەروەردەی مالّ وخێزان و منالّیش دەبێت .

### 13- کاریگری ئەنفال لەسەر پەرتەوازەیی خێزانەکان :.

**خشتەی ژمارە ( 14 )**

**کاریگەری شالآوی ئەنفال لەسەر پەرتەوازە بوونی خێزانی ئەنفال**

| جۆری وەلآم | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | 152 | 83,52 |
| نەخێر | 30 | 16,48 |
| کۆ | 182 | 100 |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە رێژەی (83,52 )ی نمونەی ئەوخێزانانە دووچاری پەرتەوازەیی‌و شڵەژان بوون ، بەرامبەر بەرێژەی ( 16,48 )ی نمونەکە کە توش نەهاتوون ، دیارە ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە سەرپەرشتیاری خێزانەکەیان بەرشاڵاوی ئەنفال نەکەوتووە تەنها هەندێك لەئەندامانی خێزانەکەی بەرکەوتوون .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم پەرتەوازەبونەی خێزانی پاشماوەی ئەنفال دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەندنیان لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان ، هەروەها دابڕانی هەندێك لە ئەندامانی خێزانەکەیان ، کە ئەمەش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پەرتەوازە بوون و لێکهەڵوەشانی پێکهاتەی خێزانیان ,

هەروەها دورکەوتنیان لە هەموو رەوشێکی دیمۆگرافی کۆمەڵایەتی ئابوری سیاسی , وە لەخزمو کەس و کاریان کەلەوەو پێش هەموو پێکەوە دەژیان و پەیوەندییەکی توند و تۆڵیان لە نێوانیاندا هەبوو , بەلاَم بەهۆی شالاَوەکانی ئەفالەوە هەموو ئەو پەیوەندی کۆمەلاَیەتی و کاری رۆژانەیان کە ئاسودەیی پێدەبەخشین لەدەست چوو , ئەمە جگە لەوەی لەروی باری رامیاری‌یەوە لەلادێکاندا سەربەخۆبون لە جۆری مامەڵەی رۆژانەیاندا , بەلاَم لە ئۆردوگاکاندا لە ژێر چاودێری توندی ئیستخباراتدا بوون , هەر بۆئەوەی نەناسرێن هەررۆژەی لەشارو شارۆچکەیەك ژیانیان دەگوزەراند

14- **تێڕوانینی خەڵك بۆ کەس و کاری ئەنفال :.**

**خشتەی ژمارە** ( 15 )

**تێڕوانینی خەڵك بۆ کەس و کاری پاشماوەی ئەنفال**

| **جۆری وەلاَم** | **ژمارە** | **رێژە** ٪ |
|---|---|---|
| **باش** | 140 | 76,92 |
| **مام ناوەند** | 25 | 13,73 |



www.pertwk.com

| | | |
|---|---|---|
| خراپ | 17 | 9,34 |
| کۆ | 182 | 100 |

خشتەی ژمارە ( 15) ئاماژە بوڕوانینی خەڵك دەكات بۆ كەس و كاری پاشماوەی ئەنفالـەكان دیـارە كـەس و كاری ئەنفالەكان توشی دەیان روداوی ناخۆش و دەرونی بوونە بۆیە جۆرێك لە نامۆیی لە ژیانیاندا دروسـت بـووە ، بەلاَم لەگەلّ ئەوەشدا پێویستیان بەهاوكاری هەیە لە روی كۆمەلاَیەتی و سایكۆلۆجییەوە .

هەربۆیـە دەردەكـەوێت رێـژەی ( 76,92 )ی نمونەكـە تێڕوانینـی خـەلك بـۆ كـەس وكـاری ئـەنفال باشـە ، هەرچەندە رێژەی ( 9,34 )ی پێیان وایەكە خـەڵكی بەشـێوەیەكی بـاش لێیـان نـاڕوانن , وەرێـژەی ( 13,73 )ی تێڕوانینەكان بەشێوەیەكی لابەلایە .

لێرەوە دەردەكەوێت ئەو تێڕوانینە خراپانە دەگەڕێتەوە بۆ روخانی لایەنی سایكۆلۆجی و كۆمەلاَیەتی و ئابوری . ئەمە سەرەڕای ئەوەی خەڵكی لە كۆمەڵگەی كوردی دا لەروی داب و نەریتی نـاو كۆمەڵگـەوە سـەیری پاشمـاوەی ئەنفال دەكات بەتایبەتی ژنان , كەبونەتە رەمزێكی دیاری ئەنفال بەهۆی سیمای خـەمباریان و جـل و بـەرگی رەش پۆشیانەوە , لە دوای پرۆسەی ئەنفالەوە ئەمانە سەرقاڵی پەیداكردنی بـژێوی بونـە بـۆ منالّـەكانیان , كەناچـاربونە كۆمەلێك كاربكەن كە لەلادێكاندا نەیان كردووە . رەنگە ئەمە وای كردبێت كە خەڵكی بەتێڕوانینێكی خراپەوە لێیان بڕوانێت .

### 15- سەرپەرشتیاری خێزانی :.

**خشتەی ژمارە ( 16 )**

**سەرپەرشتیاری خێزانی لە پاش و لە پێش شالاَوی ئەنفال**

| سەرپەرشتیاری خێزان پێش شالاَوەكە | | | سەرپەرشتیاری خێزان پاش شالاَوەكە | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **باوك** | 161 | 88,46 | **باوك** | 48 | 26,37 |
| **دایك** | 15 | 8,24 | **دایك** | 120 | 65,93 |



www.pertwk.com

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **برا** | 5 | 2,74 | **برا** | 12 | 6,59 |
| **خوشك** | 1 | 0,54 | **خوشك** | 2 | 1,01 |
| **کۆ** | 182 | | **کۆ** | 182 | 100 |

لەم خشتەیەوە بۆمان روندەبێتەوە کە لە پێش شالآوەمانی ئەنفالـدا سەرپەرشـتیاری خێزانـی ( 88,46 )ی نمونەکە لە ژێر دەسەلآتی باوکدابووە ، بەرامبـەر بـە رێـژەی ( 8,24 )ی کـە لـە ژێـر دەسـەلآتی دایکدا بـووە , ئەمیش ئەوە نیشان دەدات کە لەژیانی خێزانی کۆمەڵی کوردەواری‌دا باوك سەرپەرشتیاری خێزان بووە هەتا دەمرد ئینجا دایك دەبوو بە سەرپەرشتیار .

بەلآم دوای شالآوی ئەنفال رێژەی سەرپەرشتیاری خێزانی ( 26,37 )لە ژێر دەسەلآتی باوکدابووە بەرامبەر بە رێژەی ( 65,93 ) لە ژێر دەسەلآتی دایکدابووە .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت سەرپەرشتیاری خێزانی لـە پـاش شـالآوەکە گوێزراوەتـەوە لـە باوکـەوە بـۆ دایـك ، ئـەمیش ئـەوە دەردەخـات کەرێـژەی هـەرە زۆری ئـەو کەسـانەی بـە شـالآوی ئـەنفال کـەوتوون رێـژەی پیـاوانن کـە سەرپەرشتیاری خێزانن کەئەمەش بۆشـایی دەسـەلآتی خێزانـی دروسـتکردووە لـەدوای شـالآوەکە کاریگـەری زۆری لەسەر پەروەردەی خێزانی دروست کردووە .

چونکە لەدوای ئەم پرۆسەیەوە ئەو ژنانەی کە پیاوەکانیان ئەنفالکراوە ئەرکی بەرێوە بردنـی خێزانیـان گرتوتـە ئەستۆ , دیارە ئەمیش بەهۆی پرۆسەی ئەنفالەوە هاتوتە ئاراوە , هەربۆیە حالەتێکی سروشتی نیە , هەر بـەهۆی ئەمەشەوەیە ژنان روبەڕوی کۆمەڵێك کێشەو گرفتی کۆمەلآیەتی‌و دەرونی بونەتەوە .

**16- جۆری پارمەتی** :.

**خشتەی ژمارە** ( 17 )

**جۆرو شێوەی یارمەتی بۆ کەس و کاری ئەنفال رون دەکاتەوە**

| **جۆری یارمەتی** | **ژمارە** | **رێژە** ٪ |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| مــوچە | 14 | 7,69 |
| یارمەتی رێکخراوەیی | 27 | 14,83 |
| هیچ | 141 | 77,47 |
| کۆ | 182 | 100 |

لەم خشتەیەدا بۆمان رون دەبێتەوە کەئەو خێزانانەی تاکو ئێستا هیچ جۆرە هاوکارییەك نەکراون بەرێژەی ( 77,47) دێت , کە هیچ جۆرە هاوکارییەکیان لە لایەن رێکخراو و دام و دەزگا حکومییەکانەوە پێنەگەیشتووە , ئەمەش نیشانەی بایەخ نەدانە بەکەسو کاری ئەنفالەکان وە هۆکاریکیشە بۆ تێکشکانی لایەنی دەرونی کەس و کاری ئەنفالەکان و تێکچونی شیرازەی خێزانی , ئەمەش هەندێکیان پشتیا نبەکاری رۆژانەی خۆیان و لەسەر دەستکەنەو بژارو کرێکاری و وە پیرو پەککەوتەکانیشیان پەنایان بردۆتە بەر خزم و کەس و کاریان و زۆربەی کاتیش سواڵکردن , وە بڕبڕەی بژێوی ژیانیان (بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراکە 986 ).

هەروەها رێژەی ( 14,83 ) یان یارمەتی لە رێکخراوە مرۆییەکانەوە وەردەگرن ,ئەویش تاکو ئێستا لە چوارچێوەی کۆمەڵێك هاوکاری بچوك تێنەپەڕیوە , بەجۆرێك نەبووە کە بناغەی ژیانێکی نوێی پێ بنیات بنێن ,وە رێژەی ( 7,69 ) یان موچەیان لەلایەن دام و دەزگا حکومییەکانەوە وەردەگرن , هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە لەمانگی ( 4 / 2002 )وەوە مانگانە بڕی ( 200 )دینار بۆ وارسی قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران ببڕێتەوە , ئەمیش هەرچەندە هەندێك لە پێداویستییەکانیان پڕدەکاتەوە بەڵام لە ئاستی پێداویتی ئەواندا نییە بەتایبەتی زۆربەی ئەو خێزانانە دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی بۆیان .

### 17- هەست کردن بەبایەخ نەدان بەکەس وکاری ئەنفال :.

**خشتەی ژمارە ( 18 )**

**هەست کردن بە بایەخ نەدان بە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان رون دەکاتەوە**

| جۆری وەڵام | ژمارە | رێژە ٪ |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| بەڵێ | 125 | 68,68 |
| نەخێر | 57 | 31,32 |
| کۆ | 182 | 100 |

لەم خشتەیەوە بۆمان رون دەبێتەوە کە ( 68,68 )ی کەس و کاری ئەنفال وا هەست دەکەن کە بایەخ بەئازارو گرفتەکانیان نادرێت ، تاکۆ ئێستا هیچ هەوڵێك نەدراوە بۆ چارە سەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتیو دەرونیو ئابوری‌یەکانی پاشماوەی ئەنفال و قەرەبووی زیانە مادی‌یەکانیان .

وە رێژەی ( 31,32 )یان وان هەست دەکەن کە بایەخ بە گیروگرفتەکانیان دراوە بەڵام بەپێی پێویست نا ، بۆیە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کەس وکاری ئەنفالەکان لەلایەن دام و دەزگاکانی حکومەتی هەریم و رێکخراوەکانەوە تا ئێستا بەپێی پێویست بە دەم گرفت و کێشەکانی کەس وکاری ئەنفالەکانەوە نەبوون و هەوڵ نەدراوە بۆ چارەسەرکردنی بەشێك لەبرینەکانیان .

18- **ئومێدی گەڕانەوەی ئەنفالەکان :.**

**خشتەی ژمارە ( 19 )**

**هیوای گەڕانەوەی ئەنفالەکان لەلایەن کەس و کاریانەوە**

| ڕێژه ٪ | ژماره | جۆری وه‌ڵام |
|---|---|---|
| 73,07 | 133 | به‌ڵێ |
| 26,92 | 49 | نه‌خێر |
| 100 | 182 | کۆ |

ئه‌م خشته‌یه ئه‌وه‌مان بۆ ڕونده‌کاته‌وه که ( 73,07 )ی که‌س و کاری ئه‌نفاله‌کان هیوایان وایه که که‌س وکاره ئه‌نفالکراوه‌کانیان مابن و ڕۆژێك له‌ڕۆژان ده‌گه‌ڕێنه‌وه ، به‌رامبه‌ر به ڕێژه‌ی ( 26,92)یان که‌بێهیوان له گه‌ڕانه‌وه‌ی که‌س و کاریان ، وه ئه‌م بێهیوای‌یه‌ش ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی که ( 14 )ساڵه ئه‌نفال کراوه‌کان هیچ سۆراغێکیان نی‌یه .

ئه‌مه جگه له‌وه‌ی که ڕژێم خاوه‌ن لۆ ژیکێکی پڕ له شه‌ڕانگێزی‌و تووڕه‌ی‌یه له سه‌ر کوشت و کوشتار ڕاهاتووه و وه هیچ ترووسکایی‌یه‌کی سۆزو به‌زه‌یی له ڕژیچمه چاوه‌ڕوان ناکرێ که هه‌موو ته‌مه‌نی له جینوسایدو کوشت و کوشتاری گه‌لی کوردا به‌سه‌ر بردووه .

ئه‌میش به‌هۆی ئه‌و په‌یوه‌ندی‌یه به‌هێزه‌ی که له‌نێوان ژن و پیاوی کۆمه‌ڵگه‌ی کوردی‌دا هه‌بووه و , هه‌روه‌ها به‌هۆی ئه‌و خزمایه‌تی‌یه‌ی که له‌نێوانیاندا هه‌بووه ڕێگایان پێنادات که بیر له مردنیان بکه‌نه‌وه ,هه‌روه‌ها به‌هۆی چاره‌نوسی نادیاریان پاش ده‌یان ساڵ .

**ئه نجامی توێژینه‌وه‌که**

1- له ئەنجامی توێژینەوەکەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە پرۆسەی ئەنفال پرۆسەیەکی نخشە بۆ دارێژراوو خۆبۆ ئامادەکراوی هەمەلایەنەبوو بەمەستی سڕینەوەو لەناوبردنی مۆرکی نەتەوایەتی میللەتی کورد و لەناوبردنی هەموو روکااو شوێنەوارێکی ناسنامەی میللەتی کورد .

2- شالأوەکانی ئەنفال کۆمەڵێ عەمەلیاتی لەناکاوو کتوپڕ نەبوو کە بەشێوەیەکی سادەو ئاسایی لەلایەن رژێمەوە پیادەکرابێت . بەڵکو ئەنفال زادەی درێژکراوەی ئەوتاوانانەی رژێمە کە بەردەوام بەر لەکارەساتی ئەنفال پیادەی کردون , کەواتا ئەنفال بەشێکە لە جینوسادەکانی کورد .

3- بەکارهێنانی ووشەی " ئەنفال " بۆ ئەو پرۆسەیە بۆ شەرعیەتدان بوو بەکارە دزێویەکانی و , بۆ ئەوەی رای وولأتی دەوروبەر بەلای خۆیدا رابکێشێت , وە بۆ پیرۆزکردنی تاوانەکانی , لەلایەکی دیٚ بۆ چاوبەستکردن لەولأتان چونکە جینۆساید سزای نێودەوڵەتی لەسەرە .

4- سەرەڕای لەناوبردن و زیندەبەچاڵکردنی هەزاران مرۆڤ , بەردەوام لەزیندانەکاندا ئازاردراون و لە هەوڵی تێکشانیاندابونەو سوکایەتی بەکەرامەتیان کراوەو , بەردەوام دەست درێژیناموسی کراوەتە سەرئافرەتان و , وە بەشێکی زۆر لەئافرەتە گەنجەکانیش فرۆشراون بە رەفیق حیزبییەمان و هەندێکیشیان بەولأتانی دەوروبەر .

5- لە توێژینەوە مەیدانییەکەدا بۆمان روون دەبێتەوە بەرزترین رێژە لە پاشماوەی ئەنفالەکان لە رەگەزی مێینەن , کە ( 71,42 )نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت ئەمانیش بەزۆری ئەو ئافرەتانەن کە مێردەکانیان ئەنفالکراوە و بەدیارمناڵەکانیانەوە دانیشتوون ژیانی کوللەمەرگی دەچێژن .

6- وە بەرزترین رێژەی ئەنفالکراوان و ئەوانەی شوێنبزرکران و زیندەبەچالکران لەرەگەزی نێرن کە( 61,98) نمونەکە پێکدەهێنن , ئەمەش بەمەستی لەناوبردنی هێزی بەرهەمهێنی مرۆییو ئابوری لەکوردستاندا .

7– لەتوێژینەوە مەیدانییەکەوە مۆمان رون دەبێتەوە کەرێژەی ( 91,91 ) ی ئەوانەی کە هاوسەرەکانیان ئەنفالکراوە تاکو ئێستا بەبیٚ هاوسەر ژیان دەگوزەرێنن , ئەمیش سەرەڕای دەیان ساڵ لە چاوەڕوانی هاوسەرەکانیان و چارەنوسی نادیاریان , هەروەها بەهۆی داب ونەریتی کومەڵی کوردەواری ئەو کوٚت و بەندانەی لەکۆمەڵی کوردەواریدایە رێگر بووە لەبەردەم هاوسەرکردنەوەی ئەماندا .

8- سەر پەرتەوازە بوون و پچڕانی پەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکان دروست کردووە بەرێژەی ( 83,51 )ی نمونەکە , ئەم هۆکارەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەندنیان لە شوێن و ماڵی خۆیان و نیشتەجیٚ بوونیان لە ئۆردوگاکاندا .

9- هەروەها لە توێژینەکەوە بۆمان روندەبێتەوە کە تاکو ئێستا بایەخی تەواوەتی بە کەس و کاری ئەنفالکراوان نەدراوە لە ( 69,15 )ی کەس و کاری ئەنفال وا هەست دەکەن کە بایەخ بەئێش و ئازارو نەهامەتییەکانیان



www.pertwk.com

نادرێ وله گرفتەکانیان ناکۆڵدرێتەوە , هەروەك ( 77,47 )ی نمونەی خێزانەکانی پاشماوەی ئـەنفال هـیچ جۆرە هاوکاریەکیان چ لەلایەن رێکخراوەکان یا دام و دەزگاکانی حکومەتەوە نەکراوە .

## پێشنیارەکان

کارەسـاتی ئـەنفال گـەورەترین و بـەرفراوانترین تـاوانی رژێـم بـوو , وە روداوێکـی هێنـدە جـەرگ بڕبـوو کـە کاریگەیەکی ئێجگار گەورەی لەسەر میللەتی کـورد بـووەو , لـەپاش ئەنجامدانیشـی سـەخت تـرین برینـی لەسـەر جەستەی گەلەکەمان جێهێشتووە , بۆیە پێویستی بە بەرنامـەو پرۆگرامـی جـۆراو جـۆر هەیـە بـۆ چارەسـەرکردینی بەشێك لەو گرفتانەی کە بەهۆی کارەساتەکەوە کە توشی کۆمەڵگەی کوردی هاتووە .

وەکارکردن بۆ جیٚبەجێکردنی چاککردنی ژیانیان و گرنگی دان بە گرفتـەکانیان , نـەك ئـەو یـادە سـالأنە بـە بـە پرۆگرامی دیاری کراوو لەکاتی خۆیدا باسبکریێو پاشان کە یادەکە تێپەڕی ئەو فایلـە دابخرێـت بـۆ یـادێکی تـر , وە پێویستە پلان و نەخشە دابرێژرێت بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاو بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانیان و پاشانیش بەشێوەیەکی سیستماتیزەکراو دەست بکرێت بە جیٚ بەجێکردنی پلان و نەخشـەکان بـۆ ئـەوەی کـەس و کاری ئەنفال کراوەکان بەشێك لە کێشە کۆمەلأیەتیو ئابووری و دەرونیەکانیان کەم بکرێتـەوە و ببنـەوە ئەنـدامی کارای کۆمەڵگە ز

بۆیە لێرەدا چەند خالێك دەخەینە روو بەمەبەستی خزمەتکردنی کەس وکاری ئەنفالەکان و سارێژبوونی بەشێك لە برینەکانیان و چارەسەرکرگرفتەکانیان :.

1. پێویستە لەسەر دام و دەزگاو رێکخراوو دام و دەزگاکان و حکومەتی هەرێم گرنگی زیاتر بەم کارەسـاتە بـدەن و هــەوڵی زیاتربــدەن بــۆ نەهێشــتن و لابردنــی شــوێنەواری کاولکــاری ئــەنفال , ئــەویش بەئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە لەروی خزمەتگوزاریەوە , هەروەك دەبینین تاکو ئێستا ئـەو ناوچـانە کاریگەری شالأوەکە بەروخساری شوێنەوارو خەڵکەکەیەوە دیارە .
2. هەولٚ بدرێت لەئاستی دەرەوەدا گرنگی بەئەنفال بدرێت , وە بـۆ ناسـاندنی ئـەنفال بـە ولأتـانی دونیـاو رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان تاکو ئەنفال تەنهابە قەتیسماوی لـەناوخۆدا نەمێنێتـەوە , هـەروەك دەبیـنین تاکو ئێس‌وتا زۆرێك لە وولأتانی دونیاو ریچکخراوو نوسەرو رۆژنامەنوسان لەم کارەساتەبێئاگان .
3. هەوڵـدان بـۆ چارەســەرکردنی گرفتەکۆمەلأیــەتیو دەرونیــەکانی کــەس وکــاری ئــەنفال کــراوان و بەتایبەتیش کێشەی ئەو ژنانەی تاکو ئێستا شویان نەکردۆتەوە ئـەویش بـەدەرکردنی بریـای حکومـەت بەشێوەیەکی یاسایی و شەرعی , چونکە زۆرترین رێژەی پاشماوەی ئـەنفالکراوان هاوسـەردارن و تـاکو ئیستا هاوسەریان دروست نەکردۆتەوە .
4. هاوکاریکردنی مادیان بەجۆریك کە لە ئاستی پڕکردنەوەی پێداویستیەگانیاندا بێـت ,چـونکە نزمـی ئاستی ئابوریان گرفتەکانی قولٚتر کردووە .



www.pertwk.com

5. دۆزینــەوەی کـار بۆخــەڵکی ئـەو ناوچـانە بـە جۆرێـك کەلەگـەڵ تواناو سروشـتیانا بگـونجی , ئـەمیش لەرێگەی کرنەی پرۆژەو کارگـەو دامـەزراوەی جۆراوجـۆرەوە , بۆئـەوەی بتـواننن بـژێوی ژانیـان دابـین بکەن .

6. کردنــەوەی مەڵبەنــدەکانی هوشــیارکردنەوەو دامــەزراوە کۆمەڵایەتی‌یــەکان و بەرزکردنــەوەی ئاســتی هۆشیاری‌یان و نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری‌یان وەك لـە توێژینەوەکـەوە بۆمـان دەرکـەوت بەشـی زۆری خەڵکی ناوچەکە نەخوێندەوارن ,بەهۆی ئەم دیاردەیەشەوەیە زیـاتر گرفتـە کۆمەڵایەتی‌یـەکان دروسـت دەبێت .

7. گرنگی‌و بایەخ دان بەگرفتەکانی منالأن و لاوان , کەبەشی زۆریان دوچـاری نائومێـدی‌و بێهیـوایی بونـەو وازیان لە خوێندن هێناوە , ئەمیش بەنەخشەو پلانی گونجاوو لەرێگەی کەسـانی تایبەتمەنـدو توێـژەرە کۆمەلأیەتی‌و دەرونی‌یەکانەوە .

8. لە ئاستی راگەیاندنیشدا پێویستە گرنگـی زیـاتر بـدرێت بـەم کارەسـاتە نـەك تـەنها لـە یادەکانـدا , وە پێویستە نوسەرو رۆژنامەنوسانیش نوسین و لێکوڵینەوەی زیاتری لەسەر بکەن .

9. کردنەوەی سەنتەرێکی توێژینەوەی سەربەخۆو تایبـەت بەکارەسـاتی ئـەنفال و ئەنجامـەکانی و گرنگـی دان بەکۆکردنەوەی بەڵگەنامەو دیکۆمێنتەکان و ناوو شوێنی ئەنفال کراوان .



www.pertwk.com

## سەرچاوەکان

## یەکەم / بەزمانی کوردی

ا – پەرتوک


1- بەیاد عبدالقادر ـ دەروازەی گۆرانی کۆمەڵ ، چاپخانەی حوادث ، بغداد ، 1987 .

2- جەزا تۆفیق تالب ـ بایەخی جیوپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمیکوردستانی عێراق ، چاپی یەکەم ، 1999 .

3- چیا ـ ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان , تـەرحیل ، تـەعریب ، تـەبعیس ، چـاپی یەکـەم ، دەزگای ناوەندی کۆمەڵە ، 1988 .

4- زیاد عبدالرحمان ـ تونی مەرگ هێرشەکانی ئەنفال لەبەڵگەنامەکانی رژێمدا ، تەورێز ، 1995 .

5- شەوکەتی حاجی موشیر ،کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988 ، چاپی یەکەم ، سلێمانیئازاری 1999.

6- عەدالەت عومەر صالّح ـ ئەنفال و ئافرەتی کورد , چ 1 , هەولێر , 2002 , لا 99 .

7- فەیصەڵ دێهاتی ـ کورد لەسیستەمی نوێی جیهاندا , هەولێر , 2001 , لا 245 .

8- میدڵ ئیست ووچ ، جینۆساید لەعێراقداو پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد ، و- سیامەندی موفتی زادە ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، 1999 .

9- مەحمودی مەلا عیززەت ـ جمهوریەی کوردستان ، لێکۆڵینەوەیەکی میژوویی سیاسییە ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ساڵی 2001 .

10- محەمەد کەریم شەیدا ـ نەخۆشییە دەروونییەکان و دەرون لەشییەکان ( سایکۆمات)ییەکان , چ 1 سلێمان, 2000, لا 67 .

11- د. محمد احمد گەزنەیی ـ حکم الزوجات المفقودین فی کارپە ما یسمی بالانفال , هەولێر , لا 103 .

12- نەوشیروان مستەفا ئەمین ، خولانەوە لەنێو بازنەدا ، چاپی دووەم ، 1999 .

13- نوری تاڵەبانی ( د.) ـ دۆزی کوردو ئاسۆکانی ئایندەی لە عێراقدا ، و ـ بەشی راگەیاندن و روناکبیری




www.pertwk.com

مەڵبەندی کەرکوک ( ی ـ ن ـ ك ) ، چاپی یەکەم ، 1999 .
14- هاوڕێ باخەوان ـ ( هاوڕێ نامە) بۆ مێژوی کوردستان و کورد ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، 1999.
15-هەژاری عەزیز سورمێ ـ کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردن ، هەڵویستی یاسای نێودەوڵەتی ، کوردستان ،1998 .
16- هێمن باقر و بەرهەم عومەر ـ ئەنفالی سێو کاریگەرییە کۆمەلأیەتییەکانی لەسەر ژنانی پاشماوەی ئەنفال
, چ 1 , سلێمانی , 2004 , لاپەڕە 52 .
17- هێنی هارۆڵد هەنسن ـ ژیانی ئافرەتی کورد ، و ـ عەزیز گەردی , بەغداد , 1983 , لا 383 .
18- یوسف دزەیی ، ئەنفال ، کارەسات ، ئەنجام و رەهەندەکانی , چاپی یەکەم ، هەولێر ، 2001 .

## ب – گۆڤارەکان

1- ئاراس فەتاح ، چاو پێکەوتنێك لەگەلّ ( یوست هیلتەرمان) ، گۆڤاری رەهەند ، ژمارە 7 ، سالّی 1999 .
2 – پ.د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی ـ ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال چەند تێبینییەك و سیماسەرەکییەکانی , گۆڤاری سەنتەری برایەتی ,ژمارە 4 , 2002 , لاپەڕە 95 .
3- ئەیاد کەمال ـ تاوانی ئەنفال و پاشماوەی ئەنفال لە نێوان ژیان و سۆراغێك بۆ ئایندە , گۆڤاری ئەنفال ,ژمارە 2 , 2001 , لا 6 .
4- ئەڵوەن عبدالغفور ـ خۆزگە نانێکم بخواردایە عەسر وەبانی ڕێی نەکردایە ,گۆڤاری ئەنفال , ژمارە 3 , 2002 , لا 81 .
5- د. ئازاد شێخانی ـ ئەنفال لەناو چوارچێوەی قۆناغەکانی دروستکردنی ئوردوگا زۆرەملێکاندا , گۆڤاری سەنتەری برایەتی , ژ 24 , 2002 , لا 437 ـ 438 .
6- تەها سلێمان ـ کاردانەوەی پەلاماری ئەنفال لەسەر ژنان , گۆڤاری ئەنفال , ژ 3 , 2002 , لا 8 .
7- سلێمان عبداللە ـ راگواستنی گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا , گۆڤاری سەنتەری برایەتی , ژ12, 1999,لا7
8- د. جەبار قادر ـ ئەنفال دەرهاویشتەی رەگەز پەرستیو تۆتالیتاریزم و کۆمەڵگەی داخراو , سەنتەری برایەت , ژمارە 24 , هاوینی 2002 , لا 69 .
9- ئەنفال : جینۆساید کردنی کورد لەعێراق ـ وەرگێرانی کاوە جەمال ،گۆڤاری رەهەند ،ژـ7 ن 1999 , لا98
10- شێخ صدیق ـ کاریگەری ئەنفال لەسەر لایەنی دەرونی و کۆمەلأیەتی ناو پاشماوەی ئەنفالەکان ,



www.pertwk.com

گۆڤاری سەنتەری برایەتی , ژمارە 24 , 2002 , لا 219 .
12 – تۆفیق عەبدول ، ئەنفالەکان و رایەکی تایبەتی سەبارەت بە چارەنوسیان ، گۆڤاری ئاران ، ژـ 6 ، مایسی 1998.
13– خالید صالّح ـ ئەنفال جینۆسایدی کورد لە عێراقدا ، و ـ کاوە جەمال ، گۆڤاری رەهەند ، ژـ 7 ، 1999 .
14– خاك ـ ئەنفال ، ژمارە (34) ، سالّی سێیەم ، 10ی نیسانی 2000 .
15– عومەر عبدالعزیز ـ قوربانییەکانی عەمەلیاتی بەناو ئەنفال و چەند سەرنجێك ، پەیامی راستی ، ژـ (32 ـ33).
16– عبدالرحمان صدیق ـ ئەنفال لە روانگەی ئیسلامەوە ، پەیامی راستی ، ژـ (65) ، سالّی ، 2002 .
17– عەباس هەمزە خدر ـ جینۆساید کارەساتی کوردو تاوانی نێودەولّەتی ، گۆڤاری یاسا پارێزی ، ژـ 4 ، سالّی چوارەم ، 1999 .
18– ف . رەش ـ ئەنفال ناسنامەیە ، گۆڤاری نڤار ، ژ ـ 5 ، بەهاری 1999.
19– علائ نوری ـ بیرەوەرییەکانم لە ئەنفالی دوودا ، گۆڤاری ئەنفال ژـ 1 ،2000.
20 – عارف قوربانی ـ دیوی ناوەوەی ئـەنفال لـەزمانی ئـەنفال دیدەکانـەوە, گۆڤـاری ئـەنفال ژ 3 , 2002, لا91
21– کەنعان مەکیە ـ چاوپێکەوتنی تەیمور ، و ـ فایەق رەحیم محەمەد ،گۆڤاری ئەنفال ، ژـ 1، 2000.
22– مەریوان وریا قانع ـ ئەنفال و مۆدێرنە، روداوێك لە دوامانەوە یان ئەگەرێك لەپێشمانەوە ، رەهەند ، ژـ 7 ،1999
23– مارف عومەر گولّ ـ ئەنفال قۆناغێك لە پراکتیککردنی جینۆساید ، رەهەند ، ژـ 7 ، 1999 .
24 – مارف عومەر گولّ ـ کۆبونەوەکانی عەلی حەسەن مەجید ، رۆتردام ، بێوار ، ژ ـ 185 ، 1999 .
25– تیشکێك لەسەر نرکەو نالّەی بەناو ئەنفالەکان , لە بلاّوکراوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق , زنجیرەسیّ , لا 10 .
26– یوسف مەعروف دزەیی ـ تاوانی ئـەنفال بەرامبـەر بـە کـورد ، سـەنتەری برایـەتی ، ژ ـ 19 ، بـەهاری 2001
27– یوست هیلّتەرمان ـ جینۆساید هاوتاوانی بێدەنگ بوون عێراق و کوردەکان ، و ـ کاوە صالّح ، گۆڤاری رەهەند ، ژـ7 ، 1999 .

**ج / رۆژنـامەکان**

1- بەهجـەت رەئـوف ـ بـیرەوەری ئـەنفالی بـەدناوی یـەك ، روژنامـەی کوردسـتانی نـویّ ، ژ ـ (455 )، 1993/8/6 .



www.pertwk.com

2- تیشکێك لەسەر نرکەو ناڵەی بەناو ئەنفالەکان , لە بلاّوکراوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق , زنجیرەسێ , لا 10 .
3 – رۆژنامەی خەبات - ژمارە ( 1413 ) , 16 / 4 / 2004 , لا 2 .
4–رۆژنامەی رێبازی ئازادی - ژمارە ( 327 ) , 18 /5 /2004 , لا 1 .
5 –کوردستانی نوێ ، ژ - (363 ) ، 1993/4/14 .
6–کوردستانی نوێ ، ژ - (67 ) ، 1992/4/15 .
7– هاوکاری ، ژمارە ( 959) ، 1988/3/21 .
8– هاوکاری ، ژمارە ( 953) ، 1988/4/4 .
9– هەڵەبجە - بلاّوکراوەیەکی تایبەتە بەیادی دوانزەساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجە ، 2000/3/16 .
10– شانزەی سێ ، هەڵەبجە لە گۆڤارو رۆژنامەی جیهانیدا ، ساڵی 1998 ، ژمارە ( 5 ).
11– عومەر غەریب ، دابەزاندنی رێژەی کورد بۆ ( 10٪) سیاسەتێکی بێ ئایندە ، کوردستانی نوێ ، ژمارە ( 2582) 2002/2/12 .
12– کەریم عبداللە هەرتەلی - کارەساتی گوندی (وەرە) ، ئاڵای ئازادی ، ژ - (120) .
13– محەمەد عبدالکریم بەرزنجی - ئەنفالی بەدناو لە زمانی پیاوەکانی رژێمەوە ،کوردستانی نوێ ، ژ (87) ،1992/5/18 .

**دووەم / بەزمانی عەرەبی**

ا– الكتب

1- القرئان الكريم
2- ابن كثير / تفسير ابن كثير .موسسة الكتب الثقافية , بيروت , 1998 .
3- احسان محمد حسن ( د.) - موسوعة علم الاجتماع ، بيروت ، طبعة الالى ، 1999 .
4- امين زكى - خلاصه تاريخ كرد و كردستان . چ 1 1961 , لا 277 .
5- جوردن مارشال - موسوعة علم الاجتماع ، المجلد الاول ، طبع الاول ، 2000 .
6- حميد الساعدى - مبادئ القانون الدستورى وتطور النظام السياسى فى العراق ، متبعة البغداد ، 1990 .
7- خليل اسماعيل محمد ( ب.) ، موءشرات سياسة التعريب والتهجير فى اقليم كردستان العراق ، مطبعة جامعة صلاح الدين ، اربيل ، 2001 .


www.pertwk.com

8- د. خليل اسماعيل ـ انماط الاستطان الريفى فى العيراق , بغداد مطبع الحوادث , 1982 , لا394 .
د. خليل اسماعيل محمد ـ أقليم كوردستان عيراق , اربيل 1999 , ص 46 ـ 47 .
9- راغب اسفهانى ـ الالفاظ القران ، دارالقلم ديمشق ، بيروت ، 1992 .
10– سميرة احمد السيدـ مصتلحاط علم الاجتماع ، طبعة الاولى ، 1997 .
11–د. عزالدين مصطفى رسولَ ـ الواقعية فى الادب الكردى , بيروت , 1966 , لا 187 .
12–د. كەمال مەزهەر ئەحمەد ـ ئافرەت لە مێژوودا , چاپخانەی الحوادث بغداد , 1981 , لا 79 .
13–كنعان مكية ـ قصوة والصمت ، منشورات هيئة الرسال العراقية ، طبع الاول ، 1996 .
14––لويس معلوف ـ المنجد ، طبعة الخامسة والثلاثين ، حوزيران ، 1996 .
15––وفييق السسامرائى ، حطام البواب الشرقية ، طبع الاول ، 1996 .

***ب/ المجلدات والجرائد***

1- جيا ـ ترحيل المناطق النفطية فى كوردستان ، مجلة القافلة ، عدد (5) ، 1999 .
2- فاتح كريكار ـ فاجعة حلبجة كبرى جرائم العصر ، مجلة النفير ، عدد (4) ، 1989 .
3- جريدة ( الوقائع العراقية ) ، العدد ( 3158 )، 1988/7/13 .
4- جريدة العراق ، 13/ ايلول / 1983 .
5- جريدة الثورة ، عدد ( 6508 ) ، الاحد 20/ 3/ 1988 .

**سێیەم / چاوپێکەوتنەکان**

1- چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد جواد ، کۆمەڵگەی شۆڕش ، 1/3/ 2002 .
2- چاوپێکەوتن لەگەڵ کوێخا حەمە سەعید ، کۆمەڵگەی تەکیە ، 2002/4/6 .
3- چاوپێکەوتن لەگەڵ مام قادر حەمە ئەمین ، کۆمەڵگەی رزگاری ، 2002/4/5 .
4- چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعدیە عەلی ، کۆمەڵگەی شۆڕش , 2002/4/6 .


## Research Abstract

The savagous Anfal crime Was the most terrifying disaster happened to the Kurdish . It was taken by the racist totalitarian regime to remove all marks and traces of Kurdish ethnicity , culture and identity.

This catastrophe has inflicted the heaviest materialistic and immaterialistic damages upon the Kurdish people. And has left tremendous influence on the current and future life of the Kurds.




www.pertwk.com

The Anfal process was a strategic attempt by the Ba,ath Regime to deface all the aspects of the humanitarian life of the people of Kurdistan . In spite of killing and missing thousands of woman , children , youth and elder lies , it has also left similar negative effects on the social life of Kurdistan people . through the destruction of Kurdistan lands and looting all its products , After the process , the Anfal remnants settled in the compulsory collective towns facing tens of social , economic and psychological problems that are lasting up to date

The Anfal campaign was carried out under various schemes . Even the use of the word "Anfal " for the campaign is part of the scheme . " Anfal " is the name of the eigth Qor,anic Surat , which means " the spoils " . But the regime used this term for the process that started on 23 February 1988 up to 6 September 1988 . It covered all the rural areas of Kurdistan and led to the missing of 182000 Kurdish people and the destruction of almost all Kurdish villiages .

It was also the essential factor behind the dissembling and homelessness of Kurdish society and the destruction of the norms and traditions of the Kurdish people . More over , it caused tens of social and psychological disorder . This attack has left a very horrible influence on the various aspects of the life of the Kurdish . The problems haven,t been solved yet , and has left tens of social , psychological and economical consequences for the Kurdistan community .

This research is a national and ethical burden that has encouraged me to entitle it " Anfal and its sociological dimension ". The Anfal process was not only an attack to destroy the Kurdish individual , but also attacked the economical , social , and psychological aspects of these people .

As one can observe the missing of thousands of Kurds has caused the biggest problem for the Kurdish society . A huge number of people are still waiting and living in distress . Due to that attack , thousands of families have faced separation . The significance of this research lies in the fact that it studies a phenomenon that is still subject of studies and debates . However , it has scarcely been studied scientifically and academically .

This research can be considered as the first scientific study conducted in Sociology Department of Sulaimani University on Anfal campaign and its effect , It is also a breakthrough for further research s on the political , social , demographical and economical aspects of Anfal .

The aim of the researcher is to highlight the problems and traces of Anfal process , since attempts at eradicating the negative aspects of Anfal , are attempts for remedying a wound in the body of the Kurdish community . It is simultaneously an attempt at vanishing the fear of this blow on the current and



www.pertwk.com

future generations , as well as disclosing the social effects of the attack . The research also contains lots of suggestions and recommendations for improving the living status of the relatives of those who underwent the Anfal campaign .

No research can be done without facing problems , especially if was a field study , This research has faced many problems , particularly the lack of scientific sources and references that include scientific statistics on the social aspects of the Anfal campaign in Garmian province . This research consists of an introduction , two main chapters , five sections , results and suggestions . The first chapter discusses Anfal,s theoretical backgraound , The first section identifies the concepts and terms , which consist of genocide term , the concept of Anfal and the Anfal process .

The second section elaborates the other genocide measures preceding the Anfal process , and shows the practical stages of the Anfal attack . The third section , however, talks about the life and condition of those who underwent the Anfal process , as well as the social and psychological problems that have faced them .

The second chapter comprises the fourth and fifth sections . this chapter explains the field aspects of the study in Garmian province , the districts and sub-districts of Chamchamal , Kalar , Kifri , Shorish , Rizgarri and Takia have been covered in the questionnaires and data collection process .

The fourth section sheds light on the plan and methology , as well as the frame and sampling of the questionnaire form . The fifth section states the result of the field study in table s . The research ends in conclusion s , suggestions and the appendices .

Finally, the researcher hopes that the could have filled a gap in academic sociological studies . Only Allah Almighty is perfect , so every research is subject to short comings .



www.pertwk.com